

57

ئۆپۆزیسیۆن کێیەو
دەبێت چۆن بێت



38

دەوڵەت_نەتەوە و جینۆساید:
ئەنفال وەک نموونە



27

بزووتنەوەی ئازادیخوازیی
کورد لەنێوان دووەمۆدێل.....



35

گەل لە باشووری کوردستان
مێژوو دەنوسێتەوە

# ئازادیی کۆمەڵگە

Azadî Komelge


www.komelge.com

Political, Intellectual and Social monthly Magazine

○ گۆڤارێکی سیاسی، هزری، جڤاکی مانگانەیە

ژمارە
24
ساڵی سێهەم
کانوونی دووەم ٢٠١٨
ڕێبەندان ٢٧١٧




## گێژاوی ئابووریی و دەرەتانی کۆنفیدراڵی دیموکراتیی

**عەزیز ڕەوف:**

کێشەی نان و ئابووریی بڕستی لە خەڵک بڕیووە

**محەمەد حیکمەت**

لەدوای ڕێنیسانسی ئەوروپا، بێکاریی وەک
نەخۆشییەکی زاڵکراو دەبێتە ڕۆژەڤ

# Azadî Komelge




24

ئازادیی كۆمەڵگە

گۆڤارێکی سیاسیی، هزریی، جڤاکی مانگانەیە

خاوەنی ئیمتیاز
**محەمەد کیانی عەبدولرەحمان (د.محەمەد کیانی)**

سەرنووسەر
**گۆران عەلی حەسەن ( گۆران پێنجوێنی)**

دەستەی نووسەران
**د. سالار باسیرە**
**بەیان عەلی**
**نەجیبە قەرەداخی**
**کامەران گوڵپی**
**کوردۆ شوانی**

راوێژکاری یاسایی
**پارێزەر هیلال ئیبراهیم**

پەیوەندییەکان لەرێگەی سەرنووسەرەوە دەبن
07702227274
07501539197
goran.a.hesen@hotmail.com
www.komelge.com
www.facebook.com\ Azadi Komelge
چاپ: چاپخانەی بەهەست
تیراژ: 1000 دانە
نرخ: 1500 دینار

ناونیشان: نوسینگەی سەرەکی: کوردستان - سلێمانی - گەڕەکی ئاشتی - باخی سەعید بەگ

# گـێژاوی ئابووریی و دەرەتانی کۆنفیدراڵی دیموکراتیی

ئەو گێژاوەی ئێستا باشووری کوردستانی تێکەوتووە گشتگیر و هەمەلایەنەیە. بەڵام گێژاوی ئابووری بەرچاوترین لایەنی گێژاوەکەیە. لە باشووری کوردستاندا چینێکی مشەخۆری تاڵانکاری دەسەڵاتدار تەواوی جومگەکانی دەسەڵاتدارێتی و بەرهەمهێنان و بازاڕ و بازرگانیی پاوان کردووە. ئەو چینە کە ١٪ی کۆمەڵگە پێك دێنێت تا دێت دەوڵەمەندتر و ستەمکارتر دەبێت و زیاتریش بەدەرەوە وابەستە دەبێت. لەبەرامبەر بەو چینەدا زۆرینەی کۆمەڵگە لە دۆخی «هەژاری» و «ژێر هێڵی هەژاریی»دا ژیان دەگوزەرێنن و بێکاری تەنگی بە زۆرینەی کۆمەڵگە هەڵچنیوە. ئەوەی لەم یەك دوو ساڵەدا ئەم دۆخەی دژوارتر کردووە هەژاربوونی چینی ناوینی کۆمەڵگەیە کە زۆرینەیان فەرمانبەری دەوڵەت بوون و ئێستا مووچەبڕاو کراون یان دوکاندار، پیشەوەر و کارگوزار بوون و بەهۆی دۆخی گشتییەوە زیاندار بوون. بەمەش چینی ناوین بۆ دۆخی هەژاری و هەژارانیش بۆ ژێرهێڵی هەژاری رۆچوونە.

لەکاتێکدا لەنێو کۆمەڵگەیەکی پێنج شەش ملیۆنییدا دەیان ملیاردێر و هەزاران ملیۆنێر هەڵتۆقیون، ئەوا رێژەی بەرهەمهێنان لەو ٢٦ ساڵەی رابردوودا هیچ کاتێك نەگەیشتۆتە رێژەی ٥٪. کەچی لەبری بەرهەمهێنان باشووری کوردستان بۆتە بازاڕێکی گەورەی ساخکردنەوەی کاڵا بەسەرچوو و بێجۆرێتی (بێکوالیتی)ی بەرهەمەکانی تورکیا و ئێران و چین و وڵاتانی دیکە. کەواتە ئەوەی لە باشووری کوردستاندا بەدەستهاتووە بەڕێگەی تاڵانی سامانی گشتی (بەتایبەتی سەرچاوەکانی وزە و کانزاکان) و قەڵەمڕەوێتی دەسەڵاتدارێتی، گەندەڵی دارایی و ئیداریی، بازرگانێتی شەڕ یان بە نۆکەری و بەکرێگیراوێتی و خیانەتکاری بەدەستهاتوون. ئەمانە سەرچاوە و شێوازی بەملیاردێربوون و ملیۆنێربوون و دەسەڵاتداربوون بووە. مسۆگەر هەموو ئەو رێگە و میکانیزمانەی دەست ئەو چینە بەهۆی دەسەڵاتداربوونییەوە بەدەستیهێناوە.

بێگومان ئەو دۆخە گێژاوە ئابوورییەی باشوور بەدوور نییە لە دەستتێوەردانی سەرمایەی جیهانییەوە کە (سندووقی دراوی نێودەوڵەتی، بانکی جیهانی، کۆمپانیا پاوانخوازەکانی جیهانییەکان) توخمە سەرەکییەکانین. سەرمایەی جیهانی لە ئاستی باشوور و ئێراقدا لەهەوڵێکی چڕوپڕی هەژموونگەریی خۆی دایە. بۆ ئەمەش ئەو توخمانەی سەرمایەی جیهانی رۆڵێکی گرنگیان لە دروستکردنی قەیرانی ئابووری و سیاسی ئێستای باشوور و ئێراقدا هەیە.

هەڵبەتە ئێستا باشوور و ئێراق لەبەردەم تەقینەوەی شۆڕشگێڕانەی جڤاکیی و جەماوەریی مەزن دایە. ئەو نارەزایەتییانەی ناوە ناوە لە هەرێمەکانی باشووری کوردستان و ئێراق بەرپادەبن سەرەتایەك و ئاماژەیەکن بۆ ئەو تەقینەوە کۆمەڵایەتییە. لەڕاستیدا گێژاوی ئابووری پەیوەستە بە گێژاوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و زیهنییەکانەوە. بۆیە چارەسەرییەکی ئابووریش پەیوەستە بە بەدیهێنانی سیستەمێکی گشتی نوێی دیموکراتی کە دادی کۆمەڵایەتی، ئازادیی و یەکسانی بە بنەما وەربگرێت. لە سیستەمێکی دیموکراتییدا کە ئاستی بەرهەمهێنان بەرزبکاتەوە و خۆبژێوی و خۆتێری بە بنچینە دابنێت، هەروەها هەژاری و بێکاری و بەدخۆراکی و کەمخۆراکی و تێکدانی ژینگەیی نەهێڵێت و ئابوورییەکی ژینگەپارێزی هەروەزکاری دادپەروەر بونیاد بنێت. بێگومان ئەمەش لە سیستەمێکی دیموکراتی کۆنفیدراڵدا دێتەدی کە خۆبەڕێوەبەرێتی جڤاکیی بگرێتەبەر.

دیارە ناکرێ کۆمەڵگە لە چاوەڕوانی ئەوەدا بێت کەوا ئەو سیستەمە ئابوورییە لە سەرەوە بۆ خوارەوە بێتەدی. بەڵکو پێویستە ئەو ئابوورییە هەروەزکارییە لە خوارەوەی کۆمەڵگە دەستپێبکرێت و بونیادبنرێت، بەتایبەتی لەبواری ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و پەرەدان بە کشتوکاڵ و پیشەسازی بچووکدا، لەمڕووەوە لەنێو کۆمەڵگەدا توانستی مەزن هەیە و دەکرێ ئەم توانستە بخرێتەگەڕ و زەمینەی بونیادنانی خۆبەڕێوەبەرێتی ئابووری هەروەزکاریی برەخسێنرێت و پێشبخرێت.

# مارلین شیفەرس:
# ژنان بە دەنگبێبژیی دەردی خۆیان و گەلی کورد بەیان دەکەن

ئازادیی کۆمەڵگە

سازدانی: نەجیبە قەرەداغیی



مارلین شیفەرس

مارلین شیفەرس، تێزی دکتۆراکەی لەبارەی ژنانی دەنگبێژەوە دەنووسێت، لێکۆڵینەوەیەکەی لەسەر ئەو ژنانەیە کە دەنگیان بەکاردێنن بۆ گوزارە لە خۆکردن و خۆدەبڕین، رایدەگەیەنێت: دەنگبێژیی بووەتە شتێکی بەناوبانگ و گرینگ و فەرمیی، ئەوەی ژنان دەیکەن دەکرێت ببێتە رێیەک کە تێبگەم گەلی کورد چۆن دەردی خۆیان بەیان دەکەن. ژنان خەزێنە و میراسێکیان هەیە، ژنان نەک تەنیا چیرۆکی قارەمانێتی بە دەنگبێژیی دەردەبڕن، بەڵکو چیرۆکی تراژیدیی، هەستیار و کەسییش دەڵێنەوە و هەروەها لە زهنییەتی پیاوسالاریی دەترسن!

**ئازادیی کۆمەڵگە: یەک بابەتێکی کە تێزی خۆت لەسەر نووسیووە، دەنگبێژییە، ئەو پەیڤەشت خستۆتە ناو ئەدەبیاتی زمانی ئینگلیزییەوە، چۆن بوو کە لەسەر ئەو بابەتە لێکۆڵینەوەت کرد؟**

**مارلین شیفەرس:** راستە ئەوە تێزی دکتۆراکەمە، بابەتەکەم لەسەر ژنانی دەنگبێژە. ژنانی دەنگبێژ لە هەرێمی وانی باکوری کوردستان و لەوێش لێکۆڵینەوەکەم کرد، دەنگبێژییم هەڵبژارد، چونکە پەیڤی دەنگبێژ بووەتە پەیڤێک کە خاوەن ستاتۆیەکە، دەنگبێژیی وەک نەریتێکە کە هەم گرینگە و هەم وەک ناسنامەیەکە. ئەوانەی دەنگبێژیی دەکەن مێژووی کورد باش دەناسن. ئەوانەی دەنبگێژییش دەکەن خۆیان وەها دەناسێنن، لەبەرئەوەی کە وای دەبینن کە دەنگیان هەم خۆشە و هەم دەنگیان بەرزە. ژنان نایانەوێ پێیان بگوترێ دەنگبێژ.

**ئازادیی کۆمەڵگە: بۆچی نایانەوێت وایان پێبوترێت؟**

**مارلین شیفەرس:** هەندێکیان ئەو هەڵوێستەیان هەیە، هەندێکیشیان دەڵێن «تەنیا -کلام- گۆرانیی فۆلکلۆری کوردیی دەڵێینەوە، هەندێ جار گۆرانیی دەڵێم و لاوانەوە دەڵێمەوە، ئەوە دەنبگبێژیی نییە.» دەنگبێژیی بووەتە شتێکی بەناوبانگ و گرینگ و فەرمیی. لێکۆڵینەوەیەکەی من لەسەر ئەو ژنانەیە کە دەنگبێژیی

دەکەن و دەنگیان بەکاردێنن بۆ گوزارە لە خۆکردن و خۆدەبڕین. من ویستم تێبگەم کە ژنان چۆن گوزارە لە خۆیان دەکەن. دەنگبێژی ئامرازێکە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە ژنان چۆن گوزارە لە خۆیان دەکەن، سەرنج دەدەم کە دەڤێکی گەلێری-فۆلکلۆری هەیە بۆ نموونە دەنگبێژی-کلامی سەر شین-پرسە ژنان دەنگبێژی دەکەن و مردووەکانیان دەلاوێننەوە. ئەو دەڤێکی زۆر گەلێری و دەولەند هەیە ژن بە ڕێی ئەو دەڤە گوزارە لە هەستی خۆیان دەکەن.

## ”هەندێ لەو دەنگبێژانە لە ژێر کاریگەریی دەوڵەتدان و ئەو گۆرانییە فۆلکلۆرییانە دەڵێنەوە کە سیاسیی نییە

**ئازادیی کۆمەڵگە: بۆچی دەنگبێژییت هەڵبژارد کەلێکۆڵینەوەی لەسەر بکەیت؟**

**مارلین شیفەرس:** سەرنجی منی ڕاکێشا کاتێ چومە باکوری کوردستان. جارێک لە شاری وان ژنێکم بینی کە پێی وتم کە دەنگبێژە و بە دەنگبێژیی دەردی خۆم ڕاڤە دەکەم. باسی ئێش و ئازاری خۆی بۆ من کرد. بینیم کە پیاوان زیاتر لە ژنان لە شەڕ و ڕووداوی قارەمانێتی دا باسیان دەکرێت. ژنانیش بە ڕێی دەنگبێژیی دەرد و ئێشی خۆیان بەیان دەکەن. هەم دەردی خۆیان و هەم گەلی کورد دەڵێنەوە. ئەو دەنگبێژیی_یەی کە ژنان دەیکەن دەکرێت ببێتە ڕێیەک کە تێبگەم کە گەلی کورد چۆن دەردی خۆیان بەیان دەکەن؟ یان دەردی گەلی کورد چییە؟ دەردی ژنی کورد چییە؟ چۆن گوزارەی لێدەکرێت؟

**ئازادیی کۆمەڵگە: کاتێ ئەوان دەنگێژی دەکەن، تۆش لەبەرئەوەی کوردییەکەت باشە، تۆ هەستت بە چی کرد لە گۆرانیی (کلام)ەکانیان؟**

**مارلین شیفەرس:** سەرەتا کوردییەکەم زۆر باش نەبوو. وشە بە وشە گۆرانیی و بەیتەکانیان باش تێنەدەگەیشتم لەگەڵ ئەوەی کە تێنەدەگەیشتم بەڵام دەمتوانی بە هەستی خۆم لێیان تێبگەم کە ئەو ژنانە دەیانەوێ چی بڵێن. بەراستیی ئەوە سەرنجی منی ڕاکێشا. تۆ کە لەگەڵ کەسێک قسە بکەی دەبێ زمانەکەی بزانی بۆ ئەوەی لێی تێبگەی بەڵام لەوێ دا جیاواز بووە. لەوێدا بە ڕێی میوزیک بە ئاواز و چۆنێتی بەکارهێنانی دەنگ دەکرا لەوێدا گوزارە لە شتێکی دیکە بکات. مەسەلەکە لە زمان واوەترە. بێئەوەی لە زمانیان تێبگەی دەتوانی لەوە تێبگەی ئەو ژنانە دەیانەوێت چی بڵێن. بێ گومان باسیان لە دەرد و ئێش و ئازاری خۆیان دەکرد.

**ئازادیی کۆمەڵگە: مەگەر دەنگبێژیی بوارێکی تەنیا هونەرکە ئەوژنانە گوزارە لە خۆیان بکەن یان بوارێکی کولتووریی و مێژوییە. ئەو ژنانە کاتێ دەرد و ئێشێ خۆیان باس دەکەن دەیانەوێ باسی چی بکەن و گوزارە لە چی بکەن؟ چی لە پشت چیرۆکی دەنگبێژییەوە هەیە؟**

**مارلین شیفەرس:** زۆر شت لە خۆوە دەگرێت هەم کولتووریی، هەم هونەری و هەم سیاسیی. بەپێی ناوەڕۆکە کۆمەڵایەتییەکەی دەگۆڕێت. دەنگبێژیی لە ژێر کاریگەریی دەوڵەتی تورکیا دا بووە، بەڵام نەک لە هەموو جێیەک و هەموو کاتێک. لە ژێر کاریگەریی دەوڵەت دا لە واتا کولتووریی و سیاسییەکەی بەتاڵ دەکرێتەوە و تەنیا دەبێتە شتێکی نمایش و فۆلکلۆریی و گەلێری و بەو پێیەش دەوڵەت دەتوانێ بڵێ»بڕوانن ئێمە ماف بە کوردەکان دەدەین، دەتوانن کولتوور و هونەری خۆیان پەیڕەو بکەن، ببینن ئەوانە دەنگبێژیی دەکەن، مافیان هەیە و هەموو شتێکیان باش بەڕێوەدەچێت» هەندێ لەو دەنگبێژانە لە ژێر کاریگەریی دەوڵەتدان و ئەو گۆرانییە فۆلکلۆرییانە دەڵێنەوە کە سیاسیی نییە. لە کۆنسێرت و بۆنەکان دا تەنیا ئەوانە دەڵێنەوە کە فۆلکلۆریین و مۆرکێکی سیاسیی پێوە نییە. ئەوانە لە دەرەوە دەڵێنەوە، بەڵام زۆر شتی سیاسییش دەڵێنەوە لەسەر مێژووی کوردان کە پڕێتی لە توند و تیژیی لەبەرامبەریان، پڕ لە کۆمەڵکوژییە. دەنگبێژان لەسەر ئەوانە گۆرانییەکانیان دەڵێن. ئەوە بۆ گەلی کورد زۆر گرینگە لەبەرئەوەی بەو ڕێیە بە مێژووی خۆیان ئاشنا دەبن.

**ئازادیی کۆمەڵگە: ئەو هونەرە لە هەندێ جێگە لە ژێر کاریگەریی سیستم دا بەرەو توانەوە دەچێت، لە هەندێ جێگەش هەر لەناوچووە. داخۆ**

**ئەو چیرۆکانەی کە بەرێی دەنگبێژیی دەگوترێتەوە تا ئێستاش کاریگەریی خۆی لەسەر کۆمەڵگە ماوە؟ داخۆ پاشماوەیان ماوە؟ چەند لە ژێر کاریگەریی سیستەم دان؟**

**مارلین شیفەرس:** مەسەلەی دەنگبێژیی دوولایەنەیە. بەشێک لەو دەقەی دەنگبێژیی لەدەرەوە و بە کراوەیی نمایش دەکرێت، ئەوەی دیکەش لە ماڵ دا و جێی داخراودا دەکرێت. ئەو دوو لایەنە لە یەک جیاوازن، بەڵام زۆر هێشتاش دەنگێبژیی زۆر جەماوەرییە. ئێستاش گەنجان دەنگبێژیی دەکەن. پێشتر لە زار بۆ زار دەگوزرایەوە و تا ئەمڕۆ هاتووە، بەڵام ئێستا دەیانەوێ کە ئیتر بینووسنەوە. ئەو بەیت و گۆرانییانە دەنووسنەوە کە لە دەنگبێژانی دیکەوە دەیبیستن و دەیکەنە کتێب. چەندین کتێبی دەنگبێژان هەیە. گەنجەکان لە تەلەفزیۆنەکان و لەو کتێبانەوە فێری دەقی ئەو دەنگبێژییانە دەبن. ئەو گۆرانییانە نەرمن و گۆڕانکاریان تێدا دەکرێت، بەڵام بە نووسینیان هەم لایەنی ئەرێنی و هەم نەرێنی هەیە. هەم بە رێی نووسین دەپارێزرێن، چاپ دەکرێن و و دەگوزرێنەوە بۆ دوای خۆیان، بەڵام لایەنی نەرێنی ئەوەیە کە دەق دەگرن و نەرم نین، ئیتر گۆڕانکاریی تێدا ناکرێت. پێشتر دەکرا گۆڕانکاریی تێدا بکرێت، بەڵام ئێستا بە نووسینەوەیە دەبێ شتێکی دەقگرتوو، زوو بە زوو ناگۆڕێت.

**ئازادیی کۆمەڵگە: داخۆ تۆ لێکۆڵینەوەت لەسەر هەرێمێکی تایبەت کردووە یان یان هەرێمی جیاواز؟**

**مارلین شیفەرس:** بۆ ماوەی ساڵ و نیوێک لە وان بووم. لەهەرێمی وان و گوندەکانی دەوروبەری بووم، بەڵام دەنگبێژیی لە سەرحەد زیاترە لە هەر هەرێمێکی تر و زیاتر دەگوترێت. چوومە شارەکانی تر جگە لە وان چومە بایەزید، موش، بەدلیس، تاتوان، چومە ئامەدیش لەو هەرێمانەش لێکۆڵینەوەم کرد، بەڵام زیاتر لە هەرێمی سەرحەد بووم.

**ئازادیی کۆمەڵگە: چەند نمونەی چیرۆک هەن لە ناو دەنگبێژیی دا سەرنجی تۆی راکیشاوە؟**

**مارلین شیفەرس:** ئەوەی سەرنجی راکێشام لە دەنگبێژیی دا باس لە مێژووی کورد دەکات. ئەوانەی چیرۆکی کلاسیک بوون، زیاتر سەرنجی منی رادەکێشا. زیاتر لەو چیرۆکانەی کە لە مێژووی نوێ دا کە باس لە تێکۆشان، شەهید و تێکۆشانی پەکەکە دەکەن. باس مێژوو دەکەن ئەوەیش مێژوویەکی جیاوازە، مێژوویەکی کلاسیک نییە، مێژوویەکی هاوچەرخ و نوێی کوردە. دەکرێت لەوێ دا لە بەرامبەر مێژووی فەرمی دەوڵەتی تورک، مێژوویەکی زیندوو ببینی. مێژووی نزیکی ساڵانی ٩٠کان دا گوزەراوە، باس لە مێژوویەکی سیاسیی کوردان دەکات کە مایەی سەرنجە لە دەنگبێژیی دا لەبەرئەوەی مێژووی تێکۆشانی کوردە دەردەبڕێت. لەهەمان کات دا چیرۆکی تریش هەن کە ژنان لە دەنگبێژیی دا دەریدەبڕن، ئەوەیش ئەزمونی ژنانە کە لە دەنگبێژیی دا باس لەو ئێش و ژانە دەکەن کە لە ئەنجامی توندو تیژیی رووبەرووی دەبنەوە، نەک تەنیا توند و تیژیی سیاسیی لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە بەڵکو توند وتیژییەکی پیاوسالاریی هەیە کە لەنێو کۆمەڵگەی کورد و لە نێو کۆمەڵگەکانی تر دا هەیە. ژن دوو جار رووبەڕووی توند و تیژیی دەبێتەوە هەم توندوتیژی سیاسیی و هەم پیاوسالاریی. دەنگبێژیی ژنان زۆر جار تەنیا بۆ خۆیانە، زۆر جار ناتوانن لەدەرەوەی ماڵ و لە کەشی کراوەدا دەریببڕن. بەهۆی توند و تیژیی پیاوسالارییەوە زەحمەت ژن بتوانن لە دەرەوەی ماڵ دەنگبێژیی بکەن.

**ئازادیی کۆمەڵگە: جیاوازی چۆنت بینی لە نێوان دەنگبێژیی ژن و پیاو دا؟**

**مارلین شیفەرس:** بەشێوەیەکی سیستماتیک لەوەم نەکۆڵیەوەتەوە بزانم ژن چی دەڵێن و پیاو چی دەڵێن، چونکە زیاتر لەگەڵ ژنان دانوساندم کرد و کارم کرد. چەند دەقێکی دەنگبێژیی هەیە کە بڵاو بونەتەوە کە هەم ژن و هەم پیاو دەیڵێنەوە، بەڵام ژن لەبەرئەوەی کە ژن زیاتر نزیکی سروستە، هەم دەلاوێننەوە، هەم لە پرسە و شین دا لەسەر مردووکانیان دەنگبێژیی دەکەن و دەیانلاوێننەوە. لەو رووەوە ژنان خەزێنە و میراسێکیان هەیە، ژنان نەک تەنیا چیرۆکی قارەمانێتی بە دەنگبێژیی دەردەبڕن بەڵکو چیرۆکی تراژیدیی، هەستیار و کەسییش دەڵێنەوە. ئەو گۆرانیی (کلام)یانەی کە پیاوان دەیڵێنەوە لە دەنگبێژیی دا زۆر جار لە شەڕێکە یان عەشیرەتێکە یان قارەمانێتیەکە نەک لەسەر خۆیان، بەڵام ژنان بە پێچەوانەوە زیاتر خۆیان دەردەبڕن و زیاتر کەسیین.

**ئازادیی کۆمەڵگە: چ تەگەرە و گرفت و رێگریەک هەبوو لە بەردەم ئەو لێکۆڵینەوەیەی تۆ دا لەسەر دەنگبێژیی؟**

**مارلین شیفەرس:** ژنان شەرمیان دەکرد، لەبەرئەوەی کە ماوەیەکی درێژ بە ژنانیان دەگوت دەنگی ژنان شەرمە، یان ژنان لە ماڵ یان لە دەرەوە بۆیان نییە دەنگیان بەرز بکەنەوە. یان کچانی گەنج بۆیان نییە کە دەنگیان بەرز بکەنەوە، لەبەرئەوەی کە دەنگبێژیی شتێکی عەیبە! بۆ ماوەیەکی درێژ ئەوە بەردەوام بوو تا ئاستێک ئەوە لە ناو هەندێ بنەماڵەدا ماوە. زۆربەی ئەو ژنانەی من بینیمن دەیانگوت «دەنگبێژیین، بەڵام هاوژینەکەم، براکەم، مامم نایانەوێ دەنگبێژیی بکەم» لێیان دەدان بۆ ئەوەی کە دەنگبێژیی نەکەن، لەبەرئەوەی دەنگی ژنان وەک شەرم لەقەڵەم دەدران. چیرۆکی زۆر سەیریان هەبوو، ئەوە کێشەیەکی زۆر گەورەیە و تا ئێستا ژنان لە هاوژین و کۆمەڵگەش دەترسن! لە زهنییەتی پیاوسالاریی دەترسن! ئێستا چەندین ژن هەن کە ئەو ڕچەیان شکاندووە و دەتوانن لە دەرەوە دەنگبێژیی بکەن، بەڵام هەندێکیش هەن لە تەنیا ماڵەوە لە بەرخۆیانەوە دەنگبێژیی دەکەن. ئەوە تەگەرە بوو بۆ گەیشتن بەو ژنانە لەم لێکۆڵینەوەیەدا. زۆر پەیوەندی و گەڕانی ویست بۆ گەیشتن بەو ژنانە. نایانەوێ کۆمەڵگە بزانێ کە دەنگبێژیی دەکەن.

**ئازادیی کۆمەڵگە: داخۆ شتێک هەبوو کە هاندەر بێت بۆ ئەو ژنانە کە بەردەوام بن وێڕای تەگەرەکانیش؟**

**مارلین شیفەرس:** ڕاستە کە هەندێکیان دەترسن، بەڵام هەندی ژنی دیکەن هەن کە زۆر چالاک بوون بۆ ئەوەی ئەو نەریتە ون نەبێت. ژنانی دەنگبێژیی بە تەمەن ژیانیان لە دەست دەدەن و گەنجان دەنگبێژیی نازانن. ژنێکی گەنجی دەنگبێژ هەبوو، داوایان کرد کە لێکۆڵینەوە بکرێت بۆ ئەوەی کە ئەو میراس و کەلەپورە کۆبکرێتەوە و ئەوە نەریتە بە ڕێی بەڵگەکردنی بپارێزین و تۆماری بکەن، ئەوەش یەکێک بوو لەو هاندەرانە بۆ پاراستنی ئەو نەریتە.

> ”
> **لە کۆمەڵگەکانی تریش دا ڕۆڵی ژن تایبەتە بۆ گوزارە کردن لە شین و ماتەمینی بە ڕێی دەنگبێژیی**

**ئازادیی کۆمەڵگە: ڕایگشتیی ئەوروپی و ناوەندی ئەکادیمی چەند ئەم کەلەپورە دەناسن؟**

**مارلین شیفەرس:** دەنگبێژیی بە گشتیی باش ناناسرێت. گرینگە کە هەموو کۆمەڵگەکان لە دونیادا ئەم کولتوورەیان هەیە و لە ژێر کاریگەریی سیستەمی سەرمایەداریی دا هێشتاش لە دەست نەچووە، بەڵام هەندێ کولتووری جۆراوجۆر هەیە کە لە دەنگبێژیی دەچن و نوسراونەتەوە. هەموو کۆمەڵگەکانی دونیا بە شێوەیەکی زارەکی نەریتەکانی خۆیان دەبڕیوە، لەلایەن ئەنترۆپۆلۆگەکانەوە لێکۆڵینەوەی باشی لەسەر کراوە. لەسەر کولتووری زارەکی ڕابردوو کە ئێستا بەرەو لەناوچوون دەچێت، لە ژێر کاریگەری سیستەمی کاپیتالیزم لێکۆڵینەوەی باش کراوە، ئەوە تەنیا شتێکی تایبەت بە کورد نییە، بەڵکو پێشتریش هەبووە و ئێستاش هەیە. واتە ئەو کولتوورە هەم هەیە و هەمیش لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکرێت.

**ئازادیی کۆمەڵگە: ئایا ڕیشەی مێژوویی ئەو کولتوور و کەلەپورە لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە؟**

**مارلین شیفەرس:** لێکۆڵینەوە سەختە لەبەرئەوەی کە بەڵگەی نوسراو زۆر نییە، بەڵام ئەوەی هاوبەشە وەک کۆمەڵگەی کورد لە کۆمەڵگەکانی تریش دا ڕۆڵی ژن تایبەتە بۆ گوزارە کردن لە شین و ماتەمینی بە ڕێی دەنگبێژیی. بەتایبەتی ژن زیاتر ئەو کولتوورە دەردەبڕن. ژن لە کاتی ماتەمینی و شین لە هەموو کۆمەڵگەکانی تریش دا ڕۆڵی گەورە و سەرەکی دەبینن. هەستی ژن زیاتر نزیکی ئەو شتانەیە. لە هەمان کات دا دەنگی خۆیان باش بەکاردێنن بۆ دەربڕینی هەستی خۆیان لە جێی وادا هەم لە کۆمەڵگەی کورد و هەم کۆمەڵگەکانی تر، ڕیشەی دەنگبێژیی بەوەوە دەبەستمەوە.

**ئازادیی کۆمەڵگە:ئەولێکۆڵینەوەیەی تۆ هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە؟ بە زمانێک نوسیوتە؟ هەوڵدا بیخەیتە ڕۆژەڤی دەزگا پەیوەندیدارەکانی تر لە ئەوروپا و جێی تر؟ داخۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەی خۆت لەگەڵ کەسانی پسپۆر بە تایبەتی ئەنترۆپۆلۆگ ئاڵوگۆڕ کردووە؟**

**مارلین شیفەرس:** هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە و بە ئینگلیزیی نوسیومە،

بەڵام هەندێ وتارم لەسەر نوسیوە و تا ئێستا کار لەسەر کتێبەکە دەکەم. لە کۆنفرانس و لە زانکۆی جیاواز بابەتم لەسەر پێشکەشکردووە. هەم ئەنترۆپۆلۆگ و هەم کەسانی دیکە باش ئەو نەریتانە دەناسن کە لە کۆمەڵگەکان دا لە یەک دەچن. بەڵکو ئەو ئەنترۆپۆلۆگانەی نەک لە سەر کورد بەڵکو لەسەر کولتووری دیکە کار دەکەن. زۆر جار دەڵێن کە ئەو کولتوورەی دەنگبێژییەی کورد لە هەندێ کۆمەڵگەی دیکەشدا هەیە و بینیویانە. لەبەرئەوەی کە کولتووری گواستنەوەی زارەکییانەی نەریت لە زۆر کۆمەڵگەدا لە یەک دەچن جا ئەگەر ئەو نەریتە لە کوردستان، یان ئەمەریکای لاتین یان چین یان ئەفریقیا بێت. زۆر بابەتی کولتووریی هەیە کە زۆر لەیەک دەچن، بەڵام وێرای ئەوەش دەنگبێژیی کورد شتێکی تایبەتییە. توخمەکانی جیاواز و تایبەتە. بە تایبەتیش پەیوەندی دەنگبێژیی بە دۆخی سیاسیی کوردەوە و بە دۆخی ژن لە ژێر کاریگەریی باوکساریی، شتێکی تایبەتە، بەڵام بێ گومان لە کولتوورەکانی تریش دەچێت.

**ئازادیی کۆمەڵگە: ئەزمونێکی سەرنج راکێش هەیە لە مەسەلەی دەنگبێژیی دا لە یادی نەکەیت؟**

**مارلین شیفەرس:** بەر لە سێ ساڵ ٢٠١٤ من و ژنێک پێکەوە پرۆژەیەکمان رێکخست، لەگەڵ گروپێک چوینە ئەرمەنستان لەوێ نەریتێکمان بینی کە زۆر لە دەنگبێژیی دەچوو. لەوێش پیاوان ناهێڵن کە ژنان دەنگبێژیی بکەن. گروپێک لەو ژنە ئەرمەنییانەش هاتنە باکوری کوردستان و ئەستەمبولیش لەوێ پێکەوە کۆنسێرتێکمان رێکخست. بابەت و دەقەکان لەگەڵ ئەوەی کە زمان جیاوازیش بێت بەڵام زۆر لە یەکتر دەچوون. لەگەڵ ئەوەی کە سنورێک هەبوو لە نێوانیانیان دا، زمانیان لە یەک نەدەچوو، ژنانی ئەرمەنستان بە ئەرمەنیی و کوردیی_ش بە کوردیی قسەیان دەکرد، بەڵام لە یەکتر تێدەگەیشتن، بەرێی میوزیک و دەنگیان زۆر لە یەک دەچوون. ئەوە ئەزمونێکی سەرنج راکێش بوو.

**ژنانی ئەرمەنستان بە ئەرمەنیی و کوردیی_ش بە کوردیی قسەیان دەکرد، بەڵام لە یەکتر تێدەگەیشتن، بەرێی میوزیک و دەنگیان**

**ئازادیی کۆمەڵگە: تۆ بیر لەوە دەکەیتەوە کە وەرگەڕی زمانەکانی تر بۆ نمونە زمانی کوردیی؟**

**مارلین شیفەرس:** دەکرێت بۆ نا؟ ئەگەر خوێنەر هەبێ دەکرێت وەرگەڕ بکرێت.

نمونەیەک هەیە لە دەنگبێژیی کە سەرنجی راکێشاوی؟

بەڵێ بۆ نمونە ئەم گۆرانییە فۆلکلۆریە دەنگبێژییە «ئەز گازینم»

ئەز گازینم، ئەز دەنگبێژم
ئەز نە کەرم، ئەز نە گێژم
دەردێ دلێ خوە دبێژم
کەسەکی دەنگێ من نابهیژە
کەسەکی دەنگێ من نابهیژە

ئەز گازینا دلبرینم
دل و هناڤ تژی خوینێ
وەکە خەجێ، وەکە زینم
ل بەر زولما ڤان دژمنان
ئەردەکێ نەمایە ئەز بچم
ل بەر زولما ڤان دژمنان
ئەردەکێ نەمایە ئەز بچم

ئەز گازینا ناڤ گوندیان
ئەز بێریڤان ناڤ بێریان
وەکی قولنگ دقەریام
ل بەر زولما ڤان دژمنان
بووم هێسرێ، سەرێ چیان
ل بەر زولما ڤان دژمنان
بووم هێسرێ، سەرێ چیان

**مارلین شیفەرس Marlene Schäfers :**

**مارلین شیفەرس، ئەنترۆپۆلۆگ، ئەنترۆپۆلۆگی کۆمەڵایەتیی و کولتووریی. Social and Cultural Antropology. دکتۆرا لەو بوارە خوێندە و ئێستا لە زانکۆی گێنت کار دەکات. هەم کار دەکات و هەم لێکۆڵینەوە دەکات. تێز و کاری دوایی لەسەر دەنگبێژیی ژنی کورد، لەسەر خۆدەربڕینی هەست و گوزارەی کەسیی ئەو کولتوورە کردووە.**

# «کێشەی نان و ئابووریی بڕستی لە خەڵك بڕیووە»

ئازادیی کۆمەڵگە

ئا: ئاسۆ جەوهەر

شارەزایانی ئابووریی رایدەگەیەنن، شتێک نییە بە ناوی کێشەی بێکاریی و هەژاریی بەڵکو دروستدەکرێت. خەڵکی هەرێمی کوردستان-یش بە هۆی ئەوەی نەوت کراوە بە سەرچاوەی سەرەکی ئابووریی، توشی کێشە و نەهامەتی بوونە!

جەختیش دەکەنەوە: ئیدارەدانی ئابووریی وڵات لەسەر ئاستێکی زانسیی و پلاندرا و نییە، هەر ئابوورییەک بەڕێوە ببرێت ئەگەر پلانی نەبێت و زانستیی نەبێت، ئەوا قەیران بەدوای خۆیدا دێنێت! داهاتی نەوت بۆ بونیادنانی ئابووریی نەبووە؛ هەروەها ئەو خەرجییەی ئابووریی دەبووژێنێتەوە و دووری دەخاتەوە لە قەیران، ئەوەیە داهاتەکەی بەشی زۆری بۆ وەبەرهێنان خەرجبکرێت.

محەمەد هاودیانیی، وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتیی مانگی هەشتی ٢٠١٧ رایگەیاند: رێژەی بێکاریی لە هەرێمدا (١٥٪) و بگرە زیاتریشە. ئەمە لە کاتێکدایە حکومەتی هەرێم رێژەیەکی کەمی لە هەژاریی راگەیاندوە، ئەحمەدی حاجی رەشید، بڕیاردەری لیژنەی دارایی لە پارلمانی عێراق، لەمانگی ١١ی ٢٠١٧ لە کۆڕێکدا لەسەر بارودۆخی ئابووریی عێراق، وتی: لە ئێستادا هەرێمی کوردستان ٢٢ تا ٢٦ ملیار دۆلار قەرزدارە، هاوکات بەهۆی درێژەکێشانی قەیرانی داراییەوە، ئاستی هەژاریی لەناو دانیشتووانی هەرێم بۆ لە ١٨٪ بەرزبووتەوە.



محەمەد حیکمەت، خوێندکاری کۆلێژی ئابووریی - زانکۆی سلێمانیی، شرۆڤەی بێکاریی دەکات و رایدەگەیەنێت: «لەدوای رێنیسانسی ئەوروپا، بێکاریی وەک نەخۆشییەکی زاڵکراو دەبێتە رۆژەڤ. بەبێ قۆناغی رێنیسانس لەنامۆیی زیاتر شتێک شک نابەین پێی بوترێ بێکاریی...! یەکێک لەسیماکانی سەرەتای ئەوروپای سەدەی شازدە، سەرەتای لەدایک بوونی مۆدێرنەیە. لەهەمان پێنگاڤدا لەناوک و هەناوی مۆدێرنەشدا، ئێمە ئاشنای دوو جۆر مۆدێرنەین: یەکەم، مۆدێرنەی مرۆڤایەتییە، مۆدێرنەی دووەمیش دژی مۆدێرنەی یەکەمە کە سەرمایەدارییە. واتە مۆدێرنەی ئایدیۆلۆژیی و مۆدێرنەی تەکنەلۆجیی. سەرمایەداریی بەهۆی خاوەنداریەتییەوە لەلایەن چینێکەوە، پانتاییەکی فراوانی کۆمەڵگە دەخاتە پەراوێزەوە. چینایەتیش هۆکارێکی کاریگەریی خولقاندنی بێکارییە، بەو دەلیلەی ژمارەیەکی زۆری کارکەر(هێز یان دەستی کار) کارتن بەدەست چینێکی باڵاترەوە! لەخاوەندارێتی دا.»

محەمەد، ئاماژە بەوەیش دەکات و بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە کە شتێک نییە بە ناوی بێکاریی و بەڵکو دیاردەیەکی ئارەزومەندانەی خولقێندراوە، بۆ ئازادیی کۆمەڵگە جەختیکردەوە: بۆناساندنی بێکاریی دەبێ پرسین

بێکاریی چییە؟ بەپێی داوەریی ئۆجالان دەگەین بەئەوەی ئەم گێژاوەی(بێکاریی) خولقێندراوە. ئۆجالان، بەواق وڕمانەوە دەڵێت «شتێک نییە بەناوی بێکاریی...!» پێیوایە بەچاوخشانێک بەئیدارەدان و یاسای ئاژەڵان، کاتێک مێرولەیەک لەشارە مێرولەکەیدا نابینین بێکار ببێت، شایستەی سەرسوڕمانە باس لەشتێک بکرێ بەناوی بێکاریی (البطالە). بەواتەکی تر، بێکاریی خۆی لە وجود(بوون)دا نییە تا باس بکرێت. لەژێر رۆشنایی ئەم داوەرییەی ئۆجالاندا، ئێمە دەرک بەوە دەکەین، بێکاریی دیاردەیەکی ئارەزومەندانەی خولقێندراوە و گەمەو یارییەکی سیستم و هێزە پاوانخواز و ستەمکارەکانە.»

وتیشی: بەگەڕانەوە بۆ مۆدێرنەی تەکنەلۆجیی، ئاشنای چەند سەرەداوێکی مانیفێست بوونی بێکاریی دەبین. مۆدێرنەی تەکنەلۆجیی، بەهۆی بەدەزگا و بەسیستم کردنی کارەوە، لەرێگەی راپەڕاندنی کار بەئامێر و داهێنراوە تەکنەلۆجییەکانەوە و نەبوونی بەدیل بۆهەڵسوڕاندنی دەستی کاری مرۆیی کە خۆی خزاندە کارگە و کەرتە ئابوورییەکان و تا ئاستی دامودەزگا حکومییەکان؛ ئەمەیش بووە بەهۆی بێکار بوونی بێ شوماری دەستی کارکەر. چیتر لە رێگەی ئامێرەوە کارەکان رایی دەکرا. واتە پێش ئەم قۆناغە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی سەرەتایی هەبووە کە دەستێکی زۆری کار رێکخرا بوون تیایدا، بەوەی یەکێک لەسیماکانی هاتنی ئامێر، کەمکردنەوەی کرێ و دەستی کارە، لەپای کارپێکردنی ژمارەیەک کرێکار (خەرجی بەرهەمهێنان)، چیتر ئامێرێک جێگەی دەستی کاری چەند کرێکارێکی گرتەوە. ئەمەیش سەرەداوێکی سەرهەڵدانی بێکارییە لەئاستی جیهاندا.

> **دەستێکی زۆری کار دەستیان لەکەرتی کشتوکاڵ هەڵگرتوە و بێکار ماونەتەوە، بەهۆی کەمبونەوەی قازانج لەکەرتی کشتوکاڵدا**

ئەو خوێندکارەی زانکۆ، قسەلەوەیش دەکات یەکێکی تر لەقەضییەکان، پرسی سێکتەرە ئابووریەکانە. پرسیاری ئەوەیش دەکات، ئایا کام ئاراستە لە سێکتەرە ئابوورییەکان،بێکاریی زەق دەکەنەوە؟ وتی: بەگەڕانەوە بۆ پەرتوکی ستەمکاریی «ئەلیکساندەر کۆژێف و لیۆ شتراوس» (وەرگێڕانی د.فاروق ڕەفیق) و کتێبی ستەمکاریی کەتوێژینەوەیە (نوسینی د.فاروق ڕەفیق) ، ئاشنای میتۆدی سیاسەتکردنی سیستمە ستەمکارەکان دەبین، لەدروستکردنی ژینگەیەک بە بێکارکردنی کۆمەڵگە، لەپێناو بەپاشکۆ کردنی هەرتاکێکی کۆمەڵگە و گرێدانی بەدەسەڵاتەوە. بەپێی ئەم خوێندنەوەیە بۆ ستەمکاریی، سیستمە ستەمکارەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەهۆی زۆری و پوختی داهاتی ئابووریی نەوتەوە، کەرتی نەوت زاڵ بووە بەسەر کەرتەکانی تری ئابووریدا. واتە بەهۆی قازانجی زۆری کەرتی نەوتەوە بەشێکی زۆر لەقازانجی کەرتەکانی تر گواستراوەتەوە بۆ ئەم کەرتە، بەروویەکی تردا دەستێکی زۆری کار دەستیان لەکەرتی کشتوکاڵ هەڵگرتوە و بێکار ماونەتەوە، بەهۆی کەمبونەوەی قازانج لەکەرتی کشتوکاڵدا. لەهەمان کاتدا ئەم کەرتە بەسیاسیی کراوە کە بووە بەهۆی پەرەسەندنی چینێکی کەمینەی کۆمەڵایەتیی و پەراوێزخستنی پێگەی کۆمەڵگە لەئابووریدا. لەکاتێکدا نەوت پشتی بەستووە بەئامێر، داهاتێکی پوخت لەزەمەنێکی کورتدا ئەدابەدەستەوە؛ ئەمە بووە بەهۆی زاڵ بوون یان زاڵکردنی کەرتەکانی تری ئابووریی. واتە حکومەت(کەمینەیەکی ستەمکاریی کۆمەڵایەتیی) دەوڵەمەند دەکات لەبەرامبەر خەڵکدا، ئەمەش لەفیکری ئابووریدا ناسراوە بەنەخۆشیی هۆڵەندیی -نەخۆشیی هۆڵەندیی بەهۆی دۆزینەوەی نەوت و غازێکی زۆر لەدەریای باکوری هۆڵەندا، بووە هۆی بەرزبونەوەی بەهای دراوی هۆڵەندیی بۆ ئاستێک چیدی بەرهەمهێنانی تری جگە لەوزە هیچ سودێکی نەبوو لەئابووریی ناوخۆی وڵاتدا-. لەبەرئەوەی کەرتی نەوت دەستێکی کاری کەمی دەوێت، لەدەست چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتییدا قۆرغ کراوە، واتە بۆ پیکهاتەیەکی ناو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانە، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی چینایەتیی، گۆشکراو بەدەزگای مۆدێرنە. ئەمە هۆکار و دەرئەنجامێکی بەهێزی هێنانە بوونی بێکارییە بۆ کۆمەڵگە.

ناوبراو، ئەوەیش دەخاتەڕوو کە

نەوت کەرتێکی قورغکراوە و هۆکار بووە بۆ لاوازبوونی کەرتی کشتوکاڵ، «ڕاستییەکی ئەزمونکراو هەیە، ئەویش ئەوەیە کەرتی کشتوکاڵ ژینگەی بەهێز بوونی کۆمەڵگەیە لەبەرامبەر حکومەتدا -قۆرغکراو بەدەست کەمینەیەکی ستەمکاریی کۆمەڵایەتیی-. واتە لاوازبوونی کەرتی کشتوکاڵ و بەهێزبوونی کەرتی نەوت، کارتێکە بەدەست ڕژێمە ستەمگەرەکانەوە، وەک خەونێک کاری بۆدەکەن بۆ کۆنترۆڵ کردنی پانتایی کۆمەڵگەیە. ئەمەش واتە دەسهەڵگرتنی زۆرینەیەکی کۆمەڵایەتیی (کەرتی کشتوکاڵ) بەپێی مەرامی کەمینەیەکی پاوانخواز و بەرخۆر بەسەر کەرتی نەوتەوە کە ئامانجیان بێکارکردن و بەستنەوەی ئەم زۆرینەیە بەدەسەڵاتەوە.»

ئەو، لەوەش دەدوێت، سیستمە سیاسییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست ویستوویانە تەنها یەک سەرچاوەی ئابووریی هەبێت و ڕایگەیاند: ڕژێمە ستەمکارەکانی شەرق، سەرکەوتوو بوون، لە بەیەک سەرچاوەکردنی ئابووریدا، بەجۆرێک سەرجەم سێکتەرەکانی تر، پەراوێزخراون و کەرتی نەوت زاڵ کراوە! بەیەک سەرچاوەکردن یان بە ئابووریی کردنی نەوت، ئاماژە بەچەن ڕاستییەک دەکات. یەکەم کەرتی نەوت دەستی کاری کەمی دەوێت، دووەم زۆربەی بەرهەمەکەی لەدەرەوە ساغ دەکرێتەوە، واتە هەلوبواری کار لە ناوخۆدا نەخولقێت، سێیەم وەک وتم نەخۆشیی هۆڵەندیی. لێرەدا بەئابووریی کردنی نەوت وەک تاکە سەرچاوە و بەسیاسیی کردنی ئەم کەرتە، لەپاڵ ئەوەی خەونی ڕژێمە ستەمکەرەکانە، لەهەمان کاتدا فەوتاندن و بەپاشکۆکردنی کۆمەڵگە و خەڵکە بەدەسەڵاتەوە، زۆرینەیەکی بێکار سەرهەڵئەدات وەک ئەوەی لە باشووری کوردستان (باکوری عێراق) دەیبینین. تا ئەوەی ئابووریی گشتیی بەرەو هەڵدێر دەبات. ئەمەش کە بەخەونی ڕژێمە ستەمکەرەکان مەیسەر بوو، خەڵک لەگوندەوە بەرەو شار کۆچ دەکات، بەمەش کۆمەڵگەیەکی بەرخۆ هاوشێوەی سعودیە و قەتەر بەرهەمدێت، لەپاڵ ئابورویيەکی کرێخۆریی -ڕەنتایەر بۆدەسەڵات (بەعەرەبی ئابووری ڕەیعی)، دەبێتە هۆی دیاردەی کۆچ و دەستهەڵگرتن لەکشتوکاڵ و پەنا هێنان بۆشار کە یەکێکی ترە لەئاسەوارە بەهێز و هۆکارەکانی تری بێکاریی لەوڵاتی جیهانی سێیەم(وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین).»

**”یەکێکی تر لە کێشەکان، کێشەی بازاڕە، ئابووریی باشووری کوردستان کە خۆی زیاتر لەسیستمی سەرمایەداریی دەبینێتەوە**

محەمەد، خوێندکاری کۆلیژی ئابووریی- زانکۆی سلێمانیی، هێما بۆ کێشە ئابوورییەکانی تر دەکات و دەڵێت: یەکێکی تر لە کێشەکان، کێشەی بازاڕە، ئابووریی باشووری کوردستان کە خۆی زیاتر لەسیستمی سەرمایەداریی دەبینێتەوە، یاریکردنێک هەست پێدەکەین لەلایەن خاوەن کار و خاوەندارەکانەوە بەنرخ و هەلی کارەوە. «سەمیر ئەمین» وەک تیۆریستێکی دژی سیستم. کەڕوکارێکی نێگەتیڤە دەرهەق بەسیستمی سەرمایە دەخاتەڕوو. سەمیرە ئەمین دەڵێ «شتێک بوونی نییە بەناوی بازاڕی ئازاد! ئەوەی هەیە قۆرغکارییە». لەژێر ڕۆشنایی ئەم دەلیلەدا، دەبینین بازاڕی باشوور قۆرغکراوە بەدەست کۆمەڵێ کۆمپانیا و خاوەن کار و ڕکابەر و دەسەڵاتکار. کاتێک نرخەکان بەرزدەبنەوە کە کارتێکە بەدەست ئەم قۆرغکاریی و پاوەنخوازیانەی سەروی بازاڕەوە، بەئارەزووی خۆیان دەستی کار کەم دەکەنەوە و کرێ کەم دەکەنەوە و سەعاتی کارکردن زیاد دەکەن. لەدۆخێکی لەم شێوەیەدا ژمارەیەکی زۆری دەستیکار بێکار دەمێننەوە کە قوربانیی دەستی ئەم کەمینە قۆرغکار و پاوانخوازەن کە بازاڕیان قۆرغکردوە. لەکاتێکدا دەتوانین بەشەرحێکی فۆکۆ بەجۆرێکی تر،لەهەمان بازاڕ بگەین. کاتێک فۆکۆ دەڵێت: حکوم کردن و بەڕێوەبردنی بەڕیوەبردن! واتە پێشاندان و ڕێبەرایەتی کردن. بۆ نموونە کاتێک کۆمەڵێک خەڵک کاردەکەن، ئەرکی حکومەت ئەوەیە ئەوکارە بەئاراستەیەکدا بەرێت. بەم مەفهومە ئەم بازاڕە روکارێکی تاڕادەیە ئەرێنی دەبێت کە ناچاری دەستی بۆببەین،



پیرەمێردێك لە کاتی پەیداکردنی بژێوی

لەکەم کردنەوەی قەیرانی بێکارییدا.

هەروەها نووسەر و مامۆستایەکی زانکۆ ئاماژە بەوە دەکات، لە هەرێمی کوردستاندا کێشە و قەیرانەکان زۆرن و ئەوەی لەهەمووی گرینگترە کێشەی نان و ئابوورییە.



عەزیز رەوف، نووسەر و مامۆستای زانکۆ، بە ئازادیی کۆمەڵەی راگەیاند: کێشەی ئێمە لە باشووری کوردستان کێشەی هەمەلایەنن، زیاد لە کێشەیەك و زیاد لە قەیرانێك ئامادەیە، بەڵام ئەوەی لە سەروو هەموو کێشەکانەوەیە و ناشاردرێتەوە مەسەلەی کێشەی نان و کێشەی ئابوورییە کە بڕستی لە خەڵك بڕیوە و تەواو خەڵکی کوردستانی توشی کێشە و نەهامەتی کردووە و هیچ ئاسۆیەکیش دیار نییە! لەسایەی ئەم جۆرە بەڕێوەبردنە خراپەوە بەرەو باشی بڕوات. کێشەی ئابووریی لە ئێستادا بنەڕەتیترین کێشەی دنیای ئێمەیە. دەسەڵاتی سیاسیی تەنانەت توانای نییە کارمەندەکانی خۆی خزمەت بکات، هەر بۆیە ناشاردرێتەوە کە کێشەی ئابووریی کێشەیەکی بنەڕەتیی و چارەنووس سازە.

عەزیز رەوف، قسە لەوەشدەکات: بێگومان کێشەی ئابووریی دروست دەکرێت. سەر زەمین بایی ئەوەندە پێداویستییەکانی مرۆڤی تێدایە کە بەشی هەمووان بکات، بەڵام خراپبەڕێوەبردن ئەو ئەرکەی تەواو قورس کردووە و کردوەیتییە ئەرکێکی تەواو زەحمەت.

ئەو مامۆستایەی زانکۆ، وتیشی: لە ئێستادا ئابووریی لە باشووری کوردستان، بریتییە لە ئابووریی نەوت. لە ئێستادا نەوت سەرچاوەی سەرەکیی ئابوورییە، لە هەرێمی کوردستان. ئەمەیش دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن نوخبەی بنەماڵەکانەوە، وای کردووە داهاتی نەوت بە یەکسانیی بۆ خەڵك نەبێت و نەوت لەجیاتی نیعمەت بۆ خەڵك بووەتە لەعنەت و دەردەسەریی. پشتبەستن بە نەوت وای کردووە لە هەرێم کەرتەکانی تر فەرامۆش بکرێت. هەر بۆ نموونە هەرێمی کوردستان شوێنێکی تەواو گونجاوە بۆ کشتوکاڵ، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم کەرتە بەتەواویی فەرامۆش کراوە و گرینگی پێ نەدراوە بۆیە کشتوکاڵ نەبووەتە ئەولەوییەت بۆ ئابووریی لە هەرێمی کوردستان. هەرێمی کوردستان بەهۆی دەسەڵاتی دوو بنەماڵەوە کراوەتە کۆمەڵگەیەکی بەرخۆر و موچەخۆر. بەشێکی زۆری ئەم موچەخۆرانە بندیوارن و هیچ کارێك

ناکەن، ئەمەش وایکردووە کە ئابووریی و یەکسانیی ئابووریی لە وڵات تەواو پەکی بکەوێت.

ئەو نووسەرە، ئاماژەی بەو کێشەیەشکرد کە بەشێکی زۆری خەڵک موچەخۆری بێبەرهەمن لە هەرێمی کوردستان، ئەوەشی وت: هێزە کوردییەکان بۆ کڕینی وەلائی خەڵك ئابووریی بەکار دەهێنن! ئەمەیش تەواو دەستی هەیە لە دارمانی ئەم کەرتە، وایکردووە کە خەڵکی کوردستان پابەند نەبن بە دەستیکار و هێز و بازوو بەکار نەهێنن لە پەیداکردنی بژێوی ژیانیان، بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان کراونەتە موچەخۆری بێبەرهەم لەم سیستمە دارماوەدا. هەروەها لە کوردستان بۆ ئەوەی شتێکمان هەبێت بەناوی ئابووریی سەربەخۆ، لانی کەم پێویستمان بە گۆڕینی عەقڵی سیاسی ئەم نوخبە سیاسیيانە هەیە کە ئەوەی نایزانن بەڕێوە بردنە، ئەوەی نایزان ئابووریی و سەربازییە. ئەم نوخبەیە بەتەواوی ئەزمەی ئابووریی دروست کردووە. گۆڕینی سیستمی حوکمڕانیی یەکسانە بە دروستکردنی فەزایەکی ئابووریی سەربەخۆ.



هەروەها پرۆفیسۆری یاریدەدەر. د. یونس عەلی، زانکۆی سلێمانیی_ کۆلێژی کارگێڕیی و ئابووریی، بۆ ئازادیی کۆمەڵگە ئەوە دەخاتەڕوو لە ڕووی ئابوورییەوە کێشەکان ئەوەیە، «ئیدارەدانی ئابووریی وڵات لەسەر ئاستێکی زانسیی و پلاندراو

> **هەژاریی ڕەبتی بە هەموو سێکتەرەکانەوە هەیە، زۆر بە ئاسانیی دەتواندرێت کێشەی هەژاریی بە پلانی کورت مەودا و درێژ مەودا چارەسەر بکرێت**

نییە؛ هەر ئابوورییەک بەڕێوە ببرێت ئەگەر پلانی نەبێت و زانستیی نەبێت، ئەوا کۆمەڵێک قەیران بەدوای خۆیدا دێنێت! بۆ نموونە ئەگەر وردتری بکەینەوە، کاتێک دەڵێین پلانی نییە و زانستیی نییە، ئەوا دەبێت لە ڕووی داهات و خەرجییەوە تەماشای بکەین، ئەو داهات و خەرجییانەی دەستمان دەکەوێت دەبێت بە شێوەی زانستیی بێت. لە نێو ئەو فەقەرەیەشدا ئەگەر داهاتی هەموو سێکتەرەکان تەماشا بکەین، زۆرینەی هەرە زۆری لە نەوتەوە هاتووە، هەر وڵاتێکیش پشت بەیەک داهات ببەستێت ئەوا دوور یان نزیک تووشی دارمان دەبێت، بەڵام ئەگەر سودی لە موشتەقاتەکانی نەوت و داهاتی نەوت وەردەگرتبێت یاخود بەو هۆیەوە کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی و بازرگانیی... هتد، بوژاندبێتەوە، ئەوا زەحمەتە تووشی دارمانی ئابووریی ببێت. ئەوا لە هەرێمی کوردستان ئەمە نەکراوە، تەنها پشت بەستراوە بەیەک سەرچاوە کە نەوتە، داهاتی ئەم نەوتەیش بۆ بونیادنانی ئابووریی نەبووە، لە ڕووی خەرجییشەوە تەماشا بکەین ئەو خەرجییەی ئابووریی دەبووژێنێتەوە و دووری دەخاتەوە لە قەیران و گرفتی بۆ دروست ناکات، ئەو جۆرە خەرجییەیە کە بەشێکی زۆری بۆ وەبەرهێنان بێت، بەڵام لە کوردستان بودجەکەمان پێش قەیرانەکەش تەقریبەن حەفتا بەسی بووە، زیاتر بۆ مووچە و ئەوانە بووە کە داهاتیان لێپەیدا نابێت! لە سەدا سی بۆ بواری وەبەرهێنان بووە، لە نێو سەدا سییەکەشدا گرفتەکە ئەوەیە بە شێوەیەکی هاوسەنگ دابەش نەبووە بەسەر هەموو سێکتەرەکاندا، هەتا هەموویان حیسەی خۆیان بەربکەوێت. سێکتەر هەیە وەک نیشتەجێبوون لەوەیە زۆرتری بەرکەوتبێت، بەڵام سێکتەری وەک کشتوکاڵ، پیشەسازیی و گەشتیاریی، کەمترین بودجەی بەرکەوتووە.

ئەو، لایوایە زۆر بەئاسانی دەتواندرێت کێشەی هەژاریی جارەسەر بکرێت و جەختیکردەوە: هەژاریی ڕەبتی بە هەموو سێکتەرەکانەوە هەیە، زۆر بە ئاسانیی دەتواندرێت کێشەی هەژاریی بە پلانی کورت مەودا و درێژ مەودا چارەسەر بکرێت. ئەگەر هاتوو پلانی حکومەت زانستیی بوو بایەخی بە هەموو

سێکتەرەکان یان بە هەموو ناوچەکاندا بە لادێ و شار و هەموو پارێزگاکانەوە؛ ئەگەر هاتوو حکومەتی هەرێم ئەمەی کرد، ئەوا خەڵک لە بری ئەوەی لە لادێوە بچێت بۆ شار ئەوا لە شارەوە دەگەڕێتەوە بۆ لادێ. ئەو کاتە لەکەسێکی بەکاربەرەوە دەبێت بە کەسێکی بەرهەم هێن و ئەو ڕێژە زۆرەی هەژاریی کە هەیە نامێنێت، بۆچی؟ لەبەرئەوەی خەڵکی لادێ کە زوتر لەوێ بووە ژیانێکی باشی هەبووە، بەڵام بە ئومێدی ئەوەی رفائیەتی زیاتر و بەرەوپێشچونێکی زیاتر و منداڵەکانی لە نێو شار بخوێنن؛ هاتووەتە نێو شار گرفتی بۆخۆی و بۆ ئەوانی تریش دروست کردوە! وای لێهاتووە لە مودەیەکی درێژ مەودایا نەی توانیوە داهاتێکی پێویست پەیدا بکات، یاخود بەهۆی ئەم بێ موچەییەوە کە هەیە توشی هەژاریی بووە، لە هەمان کاتدا کە ئەوە بووە قەیران و گرفتی بۆ خەڵکی تریش دروست کردوە. هەر بۆیە لە لادێکان مایەوە و لادێکان بەرەوپێشبران ئەو هەژارییە زۆرەی کە هەیە کەم دەبێتەوە و دەرفەتی کار دەڕەخسێنێت و بێکاریی کەم دەکاتەوە و ناوچەکان ئاوەدان دەبێتەوە جیاوازیی کەم دەبێتەوە. ئەم قسەیەش بەو مانایە نییە خەڵک لە لادێوە بێت بۆ شار بەڵکو بەو واتایە یە ئاستەکەی نەگات بەو ڕێژە بەرزە کەهەیە، ڕێژەیەکی زۆری خەڵکی کوردستان لە شارەکان و ناو جەرگەی شارەکان بن و ڕێژەیەکی کەمیش لە لادێکاندا مابێتن کە سەرچاوەی داهاتی خەڵکە، کەواتە بەرای من چارەسەری زۆر هەیە، بەڵام چارەسەریی بنەڕەتیی بوژاندنەوەی لادێکانە، چونکە هەر کە لادێ بوژایەوە شار خۆیشی دەبوژێتەوە، بەشێک لەو قەیرانی نیشتەجێبوونەی لە شارەکان هەیە ئەوەیە کە خەڵکی لادێ کۆچیان کردوە.

> **لە ڕێگەی کەم کردنەوەی موچە و زیاد کردن و پێدانی موچە خەڵکی تەمبەڵ دەبێت، خەڵکی نابنە کەسانی بەرهەمهێن و هەژاریی چارەسەر ناکات و بگرە هەژاریی قوڵتر دەکاتەوە ئینجا ئەگەر بە پێی ستاندارد تەماشا بکەین، هەژاریی تەنها هەژاریی پارە نییە بەڵکو چەندین جۆری هەیە**

یونس عەلی، ئاماژە بەوەیشدەکات یەکێک لە هۆکارەکانی بێکاریی، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە گوندنشینەکان کۆچیان کردوە بۆ شارەکان: بەشێک لەو بێکارییەی هەیە ئەوەیە خەڵکی لادێکان کۆچیان کردوە، بەڵام ئەگەر ئەمە نەما یان کەم بوویەوە خەڵکی لادێ لە شوێنی خۆی سەر چاوەی داهاتی خۆی پەیدا دەکات و کشتوکاڵ بەرەو پێشدەچێت کە کشتوکاڵ بەرەوپێشچوو بێگومان پیشەسازییش بەرەوپێشەوە دەچێت کە پیشەسازیی بەرەوپێشەوەچوو داهاتی خەڵک زیاد دەکات، تاڕادەیەکی زۆر هەژارییەکە چارەسەر دەکات، بەس ئەگەر ئەمە نەبێت لە ڕێگەی کەم کردنەوەی موچە و زیاد کردن و پێدانی موچە خەڵکی تەمبەڵ دەبێت! خەڵکی نابنە کەسانی بەرهەمهێن و هەژاریی چارەسەر ناکات و بگرە هەژاریی قوڵتر دەکاتەوە ئینجا ئەگەر بە پێی ستاندارد تەماشا بکەین، هەژاریی تەنها هەژاریی پارە نییە بەڵکو چەندین جۆری هەیە: ئایا چەندێک ئاوی هەیە، چەندێک خۆراکی هەیە، ئایا کوالێتی خۆراکە کەی چۆنە و ئاوی خواردنەوەکەی چۆنە و چۆن دەستی دەکەوێت؟ چەندێک تەندروستە و ئەوانە هەمووی فاکتەرە و کاردەکاتە سەری.

# خوێندنەوەیەکیتر بۆ سۆسیۆلۆژیایی باشووری کوردستان



ئازادیی کۆمەڵگە
سەردار ستار

باشووری کوردستان وەك کۆمەڵگە بێگومان هەڵسەنگێنراوی جیاواز جیاوازی بۆ کراوە هەریەکیش لەو لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونانە لەسۆنگەی خۆیان کراون و گرنگی خۆشیان هەیە، واتا ئەمە یەکەم بەدواداچوون نییە، بەڵام لەو بارودۆخەدا پێویست دەکات هەڵسەنگاندنی زانستیانە بۆ کۆمەڵگەی باشوور بکرێت، چونکە گرنگی کۆمەڵگەی باشوور بۆ پارچەکانی تری کوردستان و گۆڕانکاری لە عێراق و هەرێمەکەدا هەیە، لەلایەکیتریش ئەو بارودۆخەی ئێستا کۆمەڵگەی باشوور تێکەوتووە کاتیەو هێزی ئەوەی هەیە هەستێتەوە سەرپێ. بێگومان نارەزای و خۆپیشاندانەکانی خەڵکیش بەشێکە لە هێزی چارەسەری رادیکاڵ.

- **لە رووی مێژووییەوە:**

باشووری کوردستان کە هاوسنورە لەگەڵ باکوری رۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەبی، تاکو پارچەکردنی کوردستان لەلایەن هەردوو ئیمپراتۆری سەفەوی و عوسمانی، پەیوەندی خەڵکی باشووری کوردستان زۆرتر لەگەڵ رۆژهەڵات و باکوری کوردستان بووە، دوای ئەو پارچە کردنەی کە سەپێنرا باشوور کەوتە ژێر حکومی دەوڵەتی عوسمانی، بۆیەش پەیوەندیەکانی خەڵك و حاکمانی باشوور پەیوەست بوون بە باکوری کوردستان و ئەستمبوڵەوە. دوای کۆتای هاتنی شەڕی جیهانی یەکەم و رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و کوردستان کرا بە چوارپارچە و دەوڵەتی عێراق دامەزرێندرا، باشووری کوردستان لکێنرا بە دەوڵەتی عێراقەوە بەبێ رەزامەندی زۆرینەی خەڵکەکەی. لەسەردەمی عوسمانیەکان باشووری کوردستان سەردەمێك بە ویلایەتی شارەزوور کە ناوەندەکەی شاری کەرکوك بووە، سەردەمێکیش بە ویلایەتی موسڵ بەناو دەکرا کە ناوەندەکەی شاری موسڵ بووە.

لەڕووی ئاینیشەوە کە ئێستا زۆرینەی ئیسلامی سونی مەزهەبە لە هەردوو تەریقەتی قادری و نەقشبەندی، بەشێکی کەمیش شیعە، لەگەڵ هەبوونی کریستیان و ئێزیدی، هەمانکات باوەڕی جیاوازی وەك کاکەی«ئەهلی حەق»، سابیئەی مەندائی، شەبەکیش هەیە. پێویستە ئەوەش بزانرێ وەك هەموو کوردێکیتر تاکو هاتنی ئاینی ئیسلام خەڵکی باشوور زۆرینەی لەسەر ئاینی یەك خودای زەردەشتی بووە، بۆیە ئێستاش گوومان دەکرێت کۆمەڵگەی کوردی ئێزیدی و کاکەیی درێژکراوەی ئاینی زەردەشتی بن.

باشووری کوردستان وەك هەرێم دابەشکاریەکی سرووشتی هەیە لە هەرێمی سۆران« سلێمانی، هەولێر»، هەرێمی هەورامان«هەڵەبجە»، هەرێمی بادینان«دهۆك، موسڵ»، دەڤەری ئێزیدیایەتی، هەرێمی گەرمیان و گەرمەسێر«کەرکوك، خانەقین»، هەرێمی کوردانی فەیلی کە زیاتر لە ناوەندی بەغداد ئەمێنەوەو زۆرتریش خەریکی کاری بازرگانین، لەبەر ئەوەی لەلایەنی مەزهەبی و زاراوەی قسەکردنیشیان جیاوازە، بۆیە تائاستێك لا تەریك و بەتەنها ماونەتەوە.

لەگەڵ ئەوەی زۆرینەی خەڵکی باشوور بە کوردی قسە دەکات«سۆرانی، بادینی، هەورامی و لوڕی»، هەمانکات شەبەك و کاکەیەکانیش زاراوەی تایبەت بەخۆیان هەیە و قسەی پێدەکەن. لەئێستا بەپلەی یەکەم زاراوەی سیاسەت

و بازرگانی و خوێندن و نووسین بۆته «سۆرانی».

گەل و نەتەوەکانیتر کە لەباشووری کوردستانن، ئاشور و سریان و کلدان، تروکمان،عەرەب، ئەرمەنی، تا ساڵی ١٩٤٨ جولەکەش بە رێژەیەکی زۆر هەبووە، بەڵام ئێستا کەسیان نەماوە. لەدەرەوەی دەستێوەردانەکانی کە لەدەرەوە کراون بۆسەر گەلانی باشوور، وەکوتر بەگشتی بەشێوەیەکی ئاشتیان و تەبا پێکەوە ژیاون، نمونەی دەستێوەردانی ئینگلیز و فەرەنسا بۆ ئاشوریەکان و بەگژدادانی کوردان، دەستێوەردانی عوسمانیەکان بۆ شەڕی کوردانی موسلمان و کوردانی ئێزیدی، دەستێوەردانی میسر و سوریاو شۆڤینزمی عەربی سوونی لە ساڵی ١٩٥٩ و بەگژیەکدادانی کورد و تروکمان و عەرەب لە کرکوك و موسڵ. بەهەمانشێوەش ئەو ناکۆکیە لاوەکیەیی کە لەنێوان سۆرانی و بادینی دروست کراوە، ئەوەش زادەی ململنێی سیاسی پ د ك/عێراق و ی ن ك یە لەدوای ساڵی ١٩٦٦وە.

لە رووی خۆبەڕێوەبردنەوە خەڵکی باشوور لە سەردەمی گۆتی و کاسیەکان، هەتا قۆناخی میر و بەگە کوردەکان بەتایبەتیش میری بابان و سۆران و بادینان، هەروەها لە سەرەتای سەدەی بیستەوە بەرخودان و خۆبەڕێوەبردنی شێخ محمودی حەفید وەك مەلیکی کوردستان، تا راپەڕینە شکۆدارەکەی ١٩٩١ و دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبردنی هەرێمی تا رۆژی ئەمڕۆ خەڵك توانای خۆبەڕێوەبردن و خۆپاراستنیشی هەیە.

لەلایەنی ئەدەب و رۆشنبیریەوە، ئەوەی وەك بەڵگە لەدەستدا ماوەتەوە تەنها بەڵگەکانی ئەدیب و شاعیرانی سەردەمی میرەکانە، چونکە هاتنی ئیسلام بۆ باشوور و دواتریش داگیرکەری مەغۆلەکان، بەڵگەی نوسراوی پێویستیان لەبەردەستدا نەهێشتووە، لە سەدەی هەژدەوە تا رۆژی ئەمڕۆ هەولێکی زۆر هەبووە بۆ ئەوەی زمان و ئەدەبی کوردی لەسەر پێ بمێنێ، رۆڵی مرۆڤە

> **لە باشوور لەگەڵ کەموکوڕیەکانی چەندین زانکۆ و ناوەندی خوێندنی بڵند هەیە، مرۆڤ دەتوانێ بڵێت خزمەتێکی زۆر بە زمان و وێژەی کوردی کراوە و دەکرێت**

مەزنەکانی وەك نالی، سالم و کوردی و مەحوی، تا دەگاتە دڵدار و پیرەمێرد و بێکەس و گۆران، لەوانیشەوە تا شێرکۆ بێکەس و پەشێو و هەزاران قەلەمی بە برشت و ئازا و بوێر خاوەن رۆڵی بەرچاون لە لەسەرپێهێشتن و بەرەوپێش بردنی. ئەگەر لە کۆندا حوجرەی مزگەوت و خانەقا و تەکیەکان شوێنگەی پەرەپێدانی زمان و ئەدەبیات بوونە، ئەوا لە سەدەی بیستەوە زۆرناوەندی تری خوێندن کرانەوە تا بەفەرمی ناساندنی و کوردی کەوتە بەرنامەی خوێندن، ئەمڕۆش لە باشوور لەگەڵ کەموکوڕیەکانی چەندین زانکۆ و ناوەندی خوێندنی بڵند هەیە، مرۆڤ دەتوانێ بڵێت خزمەتێکی زۆر بە زمان و وێژەی کوردی کراوە و دەکرێت.

ژنی کورد و ژنانی نەتەوەو گەلانی تر لەباشوور لەگەڵ ئەوەی ئاین تا شوێنێك رێگری لێکردوە بۆ هاتنە ناو کۆڕی تێکۆشان، بەڵام لە ژیانی دێهات ژنان رۆڵێکی بەرچاو دەبینن، لە بواری خۆبەڕێوەبردنیشدا ئەگەر کەمیش بێ، بەڵام توانیویەتی ئەسپی خۆی تاوبدا، نمونەی خانزادی میری سۆران و عادیلە خان و حەپسەخانی نەقیب، تا دەگاتە مارگرێت و لەیلا قاسم و مامۆستا سنەوبەر و بەدەیان ژنی تر کە لەبوارە جیاجیاکان خاوەن رۆڵ بوونە.

لە رووی بژێوی ژیانیەوە، لەگەڵ ئەوەی سەرچاوەی سەرەکی خەڵك کشتوکاڵ و چاندنی بووە، هەمانکات بە رادەیەکی بەرفرەوانیش بەخێوکردنی مەڕومالاتیشی وەك پیشەی خۆی بینیوە، هەروەها بازرگانی بچوك و ئالوگۆڕی بەرهەمەکانیان لەگەڵ بەغدا و موسڵ و حەلەب و تەبرێز و ئامەد و ئەستمبۆڵ بووە. لە گەڵ دۆزینەوەی پترۆڵ لە سەدەی بیست کاریگەری کردە سەر کەمبوونەوەی بەروبوومی ناوخۆی لە کشتوکاڵی و سامانی ئاژەڵی.

- **باشوور لە سەردەمی دوای جەنگی جیهانی یەکەم:**

جەنگی جیهانی یەکەم گۆڕانکاری لە جوگرافیا و کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتی

ناوین و کوردستانیش کرد، لەگەڵ ئەوەی پارچەکردنی کوردستان بۆ چوار پارچە وەك خەنجەرێك بوو لە دڵی کوردستان کەوت و کوردستانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیشی کردە سێ پارچە، بێگومان ئەو پارچە کردنەش تەنها بەزەبری هێزنەبوو، ئەوەی بەهێز کردیان لە ڕێگای ڕێکەوتنەکانی «سایکس – بیکۆ و بەڵێنی بلفۆر و سان ریمۆ و سیڤەر و لۆزان» کردیان بە دەستور و یاسا. ئەو کاردانەوانەی لە باکوور و باشوور ڕوویاندا نەیانتوانی ڕێگری لەو پارچە بوونە بکەن، خاڵی هەرە مەترسیداریش ئەوەبوو کە هێزی گەلی کوردیان لەیەکتری پارچە کرد، کورد و نەتەوەکانی تری کوردستانیان بەگژیەکتریداهێنا، وەك لەسیاسەتی ئینگلیزدا پێی ئەگوترێ «سەگ بەسەگ خنکاندن»، ئەو پارچە بوونە بووە هۆکار کە خەڵکی کورد لەپارچەکان لەگەڵ یەکتری نامۆبن، هەمانکات بیر لە داوا ڕەواکەی نەکاتەوە. لەهەموو بەڵگەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا لە کاتی هاتنیان بۆ ناوچەکە و داگیرکردنی کوردستان و پارچەکردنی، سەرەتای پارچە بوونی کوردستان، «کوردستان وەك کوردستانی گەورەو باشوور و باکوورلە بەڵگەکانیان تێدەپەڕێ، دواتر وەك ئۆتۆنۆمی بەناو دەکرێ، ئیدی لە ساڵانی ١٩٣٠ بەدواوە کوردستان نیە، کوردیش ئەگەر کاردانەوەیان نیشاندا ئەوا دەکرێ بەهەندێك مافی کەلتوری بێدەنگ بکرێن». بەهەمانشێوە زۆرترین ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئاشوری، ئەرمەنی، عەرەب و تورك دا ڕوویداوە.

ئەوەی ئینگلیز و دەوڵەتی عێراقی مەلەکی دەیانویست بۆیان نەچووەسەر، بۆیەش باشووری کوردستان دوای هەوڵەکانی شێخ مەحمود لە هەرێمی سلێمانی، ڕووبەڕووبوونەوەکانی خێڵی خۆشناو، سورچی ، برادۆست، زێباری و بارزانی لە هەرێمە شاخەویەکانی هەولێر و ئاکرێ،

> **ئەو کەشە شۆڕشگێڕیەیی بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە روسیا دروست ببوو، ڕەنگدانەوەی لەسەر باشوور و عێراقیش کرد**

دواتریش ئەو ڕاپرسیەیی دەوڵەتی بەریتانی کردی بۆ یەکلابوونەوەی ویلایەتی موسڵ و خستنیە سەر دەوڵەتی عێراق نوێ، خەڵکی باشوور ئەو هەڵوێستەی نیشانیاندا، ئیمپریالیزمی ئینگلیز و دەوڵەتی عێراقیان ڕووبەڕووی شۆك کرد، تەنها هەولێر و دهۆك بە بەڵێ دەنگیاندا لە ڕاپرسیەکەدا ئەویش بە مەرجی لامەرکەزی پەسند بکرێت بۆ باشوور. لە دوای کپ کردن و لەناوبردنی بەرخودانیەکان، خەڵکی باشوور بێدەنگ نەبوو، لەبواری جیاجیا هەوڵەکانیان بەردەوامی پێدا، بەتایبەتیش لەبواری ڕۆشنبیری و خۆ ڕێکخستنی جڤاکی، هەوڵەکان لە دروست بوونی بڵاوکراوەو ڕۆژنامە و گۆڤار، لەلایەکیتریش دروستبوونی کۆمەڵە و پارتە سیاسیەکانی ڕزگاری و شۆڕش و هیوا ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ.

ئەو کەشە شۆڕشگێڕیەیی بە سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە روسیا دروست ببوو، ڕەنگدانەوەی لەسەر باشوور و عێراقیش کردبوو، بەتایبەت دوای دروست بوونی حیزبی شیوعی عێراق لە ساڵی ١٩٣٤، ڕۆڵێکی کاریگەریان بینی لە هۆشیاربوونەوەی گەنجان و لاوان لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێمی پاشایەتی و چەوسانەوەو داگیرکەری سیستەمی دەرەبەگایەتی. شیوعیەکان بەپاڵپشتی سۆڤیەت زۆر بەتوندی ڕووبەڕووی ڕژێمی پاشایەتی و دواتریش شۆڤێنزمی عەربی بوونەوە، ئەوەش هۆکاربوو کە سێ لە سکرتێرانیان لەسێدارە بدرێن بەناوەکانی»فەهد و سارم و حازم».

- **باشوور لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەمدا:**

لەشەڕی جیهانی دووەم بەگشتی دەوڵەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین بێلایەن مان و بەشداری شەڕیان نەکرد، بەڵام پرووشکی شەڕ وای دەکرد کاریگەری لەسەر ناوچەکەی ئێمەش بکات، بەتایبەت ئەو شەپۆڵە لەنازیزمی ئەڵمانی و فاشیزمی ئیتالی و پێشووتریش کاریگەری سۆڤیەتی سۆسیالیستی هەبوو، پێکدادنی ئەو سێ لایەنە بارودۆخی لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕی. ئەڵمانیا پشتیوانی گرووپە نەتەوە پەرستە عەربیەکانی دەکرد لە عێراق و ئەوانیش کودەتایەکیان کرد بەسەرۆکایەتی سەرۆك وەزیرانی

ئەوکات «ڕەشید عالی گەیلانی لە١٩٤١ «، بەڵام سەرکەوتوونەبوون و رایانکرد بۆ ئێران. لە ناوچە شاخاویەکانی باشووریش بارزانیەکان بەسەرۆکایەتی شێخ ئەحمەد لەیاخیبوونێکی چەکداری دابوون بۆ ماوەی نزیکەی سێ ساڵ، ئەویش بەسەرکوتکردن و دوورخستنەوەی شێخ ئەحمەد بۆ باشووری عێراق کۆتای هات.

کۆتای هاتنی جەنگی جیهانی دووەم دەرفەتێکی نوێی بۆ کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئافراند بەدەستێوەردانی سۆڤیەت بۆ ئازربایجانی رۆژئاواو کوردستان، ئەمەش بووە هۆکار کە کوردانی رۆژهەڵات لە ناوەندی مەهاباد»سابلاغ» کۆماری کوردستان لەلایەن سەرکردایەتی پ د ک/ئێران لە ساڵی ١٩٤٦ بەسەرۆکایەتی قازی محەمەد رابگێنن. هەرچەندە تەمەنی کۆمار کورت بوو، بەڵام لەو تەمەنە کورتەشدا کوردانی باشوور لەئاستی فەرماندەو هێزی پاراستنەوە بەشداریان کرد، بارزانیەکان بەسەرکردایەتی مەلا مستەفا، هەرکیەکان بەسەرکردایەتی زێرۆ بەگ هەرکی و چوار ئەفسەرەکە« مستەفا خۆشناو،عیزەت عەبدولعزیز، خەیروڵڵا عەبدولکەریم و محەمەد قودسی» بەشداریان کرد، دواتر لەساڵی ١٩٤٧ چوار ئەفسەرەکە دوای گەڕانەوەیان لەلایەن رژێمی پاشایەتی عێراقەوە لەسێدارەدران.

ئەنجامەکانی جەنگی جیهانی دووەمیش وەك جەنگی جیهانی یەکەم بەرهەمێکی بەرجەستەی لە دروست بوونی قەوارەیەکی کوردستانی لە رۆژهەڵات دروست نەکرد، بەڵام تێکەڵاوی و پەیوەندی و شارەزایەکی سیاسی نوێی دروست کرد، ئەمەش لە نمونەی «ژ.ك» و پ د ك دا دەبینرێت.

بزووتنەوەی سیاسی کوردی تاکو شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ لاواز و بێ کاریگەربوو لەسەر کۆمەڵگە، دەرەوەی بەشێك لە کەسە رۆشنبیر و خوێندەوارە دەستبژێرەکان زۆر کەسێتر ئاشنای نەبوو، هەرچی حیزبی شیوعیە رۆڵی بەرچاوتری هەبوو لەبەر ئەو پەیامە چینایەتیەیی کە هەیبوو لە دژی ئاغاو دەربەگەکان، چونکە ژیانی رۆژانەی خەڵك لەلایەنی ئابووریەوە زۆر سەخت بوو، مرۆڤ بەزەحمەت دەیتوانی خۆی و خانەوادەکەی بژێنێ.

**بزووتنەوەی کوردی رۆڵێکی ئەوتۆی نەبوو لە رووخاندنی رژێمی پاشایەتی، بەڵام قاسم چ لە دەستور و چ لەلایەنی سیاسی و رۆشنبیری دەرگایەکی نوێی لەبەردەم کۆمەڵگەی کوردی کردەوە**

- **شۆڕشی ١٩٥٨ و کرانەوەیەکی نوێ بەڕووی کۆمەڵگەی باشوور:**

شۆڕشی ١٤ی تموزی ١٩٥٨ کە لەلایەن کۆمەڵێك فەرماندەی سەربازی کە ئەناسران بە ئەفسەرە ئازادیخوازەکان بەسەرۆکایەتی گەنەڕاڵ عەبدولکەریم قاسم و بەپشتیوانی حیزبی شیوعی دەسەڵاتی پاشایەتی و حکومی ئینگلیزیان لە عێراق رووخاند، عێراق لەهەموو ئەو بەندو پەیمانانە دەرچوو کە ئینگلیز و رژێمی پاشایەتی پێوەیان لکاندبوو، لەسەرووی هەموویانەوە پەیمانی بەغدا. بزووتنەوەی کوردی رۆڵێکی ئەوتۆی نەبوو لە رووخاندنی رژێمی پاشایەتی، بەڵام قاسم چ لە دەستور و چ لەلایەنی سیاسی و رۆشنبیری دەرگایەکی نوێی لەبەردەم کۆمەڵگەی کوردی کردەوە، بەتایبەتیش ئەو بەندە دەستوریەیی کە دەڵێت؛ عێراق پێکهاتووە لە دوو نەتەوەی سەرەکی عەرەب و کود، هەمانکات گەڕاندنەوەی مەلا مستەفا و هاوڕێکانی لە سۆڤیەت و بەشداری پێکردنیان لە سیاسەت و سەردەمی نوێی عێراق، گۆڕانکاریەکی نوێ و بوێرانە بوو. پێنج ساڵ لە حکومی قاسم لە عێراق بەگشتی وەك سەرەتایەکی باش پێناسە دەکرێت، هێزە کۆنەپەرستە عەربیەکان، ئینگلیز و ئەمریکایەکان، هەروەها سیاسەتی کوردی بێ چارە، راست نزیك نەبوونی سۆڤیەت و هاوکاری نەکردنی، وای کرد تەمەنی حکومی نیشتمانی دیموکراتی قاسم کورتبێ و دووبارە شەڕ و ئاڵۆزی بەرۆکی گەلانی عێراق بگرێت. ئەمەش وای کرد شۆڤینیە نەتەوە پەرستەکان و بەعسیەکان لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کودەتاکەیان سەربگرێ و کۆتای بەحکومی قاسم بهێنرێت.

سیاسەتە توندەکەی قاسم و بێ چارەی مستەفا بارزانی بوونە هۆکار لە

ئەیلولی ١٩٦١ شەڕی چەکداری لەنێوان جوڵانەوەی سیاسی باشوور و کۆماری نوێی عێراق دەستپێبکا و ئەو دەرفەتە لەباربرێت کە چارەسەری پرسی کورد و پرسە دیموکراتیەکانی لە باشووردا دەکرد، بۆیە دەکرا ڕێگا بەدەسەڵاتی شۆڤینزمی عەرەبی و بەعسیەکان نەدرێت و تاساڵی ١٩٧٠ شەڕ و ئاڵۆزی درێژ نەکرێنەوە.

ئەو دەسەڵاتەی لەدوای قاسم هاتە سەر حکوم لەگەڵ ئەوەی زۆر ناجێگیر و لەرزۆك بوو، هەمانکات خاوەن پرۆژەو پلانی جیاوازتر نەبوو بۆ چارەسەری کێشەکانی عێراق بە کێشەی کوردیشەوە، لایەنی سیاسی کوردیش لەناو ناکۆکی و ئالۆزی دابوو کە دواتر بە پارچەبوون کۆتای هات لە ساڵی ١٩٦٦ لەنێوان مستەفا بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد و جەلال تاڵەبانی. ساڵانی شەستەکان تەنها بزووتنەوەی کوردی لەباشوور لە جموجۆڵێکی ئاکتیف دابوو، پارچەکانیتر پشتیوانی باشووریان دەکردو تائاستێکیش هیوای خۆیان پێوە گرێدابوو.

هاتنی پارتی بەعس بۆ دەسەڵات لە ئەنجامی کودەتایەك توانی دەستبخاتە کێشە هەڵپەساردراوەکان، یەکەم پرسی کوردبوو، بە یارمەتی سۆڤیەتی ئەوکات خولێکی دانوستاندن دەستی پێکردو لە ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بە ڕێکەوتنێکی نووسراو کە لەبەغدا لەبەردەم جەماوەر خوێندرایەوە گەیشتە هەندێك ئەنجام، بەتایبەت دانان بە حکومی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە هەولێر و سلێمانی و دهۆك، کێشەی کەرکوك و چەند پرسێکی تریش هێشترانەوە بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لەسەر بکرێت بۆ چۆنیەتی چارەسەرکردنیان.

بەعس تەنها بەوهەنگاوەی سەبارەت بە پرسی کوردی نابو نەوەستا، لەساڵی ١٩٧٢ خۆماڵی کردنی نەوتی کرد،

> شەڕی نێوان دەسەڵات و دەوڵەتەکان زیانمەندی مەزن کۆمەڵگەیە، بەڵام بۆ بزاڤی سیاسی کوردی دەرفەتێکی نوێ هاتە پێشەوە

لەگەڵ ئەوەش پەرپێدانی کشتوکاڵ و سامانی ئاژەڵ، پەروەردەو فێرکردن و تەندروستیش، شانبەشانی ئەوانە پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ هەردوو بلۆکی ئەوکات لە سۆڤیەت و ئەمریکا گەیاندە ئاستێکی باش و توانی لە ٦ی ئازاری ١٩٧٥ لە ئەجامی پیلانگێریەك لە جەزائیر شکست بە جوڵانەوی مەلا مستەفا بەهێنێ و بڵاوە بە هێزەکەی بکات.

شکستی جوڵانەوەی سیاسی و چەکداری پ د ك/عێراق لەگەڵ ئەوەی بووە هۆی بێ ئومێدی و بێ مۆڕالی لە جڤاکی کوردستان، هەمانکات ئەوەش سەلمێنرا کە سەرکردایەتی سیاسی و چەکداری ئەوکات توانای ئەوەی نییە خۆی لەبەرامبەر پیلانە دەرکیەکان ڕابگرێ، هەمانکات ئەو جوڵانەوەیە ناتوانێ بەبێ هاوکاری و پشتیوانی هێزەکانی دەرەوە یەك ڕۆژ تێکۆشان بکات، هەرچەندە زۆربەی خەڵکی باشوور لەهەموو بوارەکان پشتیوانی بۆ جوڵانەوەکە دەربڕیبوو، بەڵام جوڵانەوەکە خەڵکی بێ هیوا کرد.

لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریانەی لە ناوچەکە هاتنەکایەوە بەتایبەت شۆڕشی گەلانی ئێران و دواتریش وەرگەڕا بۆ شەڕی عێراق – ئێران. لەگەڵ ئەوەی شەڕی نێوان دەسەڵات و دەوڵەتەکان زیانمەندی مەزن کۆمەڵگەیە، بەڵام بۆ بزاڤی سیاسی کوردی دەرفەتێکی نوێ هاتە پێشەوە، ئەو هێز و لایەنانەی کە دەمێك بوو بەنهێنی خەریکی کاروباری ڕێکخستنی بوون توانیان بەهێز دەرکەون، نمونەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران و یەکێتی نیشتمانی و حیزبی سۆسیالیست، هەمانکات دروست کردنەوەو خۆکۆکردنەوەی پ د ك/عێراق. هێزە نوێکان لەگەڵ ئەوەی هەندێك هیوایان دەدا، بەڵام نەیانتوانی بوو بەتەواوی خۆیان لە زهنیەتی سیاسی ڕابردوو خۆیان ڕزگار بکەن، بۆیەش دوای ئەوەی هێزی چەکداریان دروست بووەو پشتیوانی جەماوەریان وەرگرت، بەڵام دوای کۆتای هاتنی شەڕی عێراق – ئێران لە ٨ی ئاب/١٩٨٨ هێزە سیاسی و چەکداریەکانیش تەواو بوون و چوونەوە ئێران.

لە ساڵانی هەشتا گەلی کورد زۆرترین توند و تیژی و چەوسانەوەی لەلایەن ڕژێمی بەعس لەبەرامبەر کرا تا بەکارهێنانی چەکی قەدەخکراوی جیهانی، هەمانکات کۆمەڵکوژی گەورە لە ئەنفالی بارزانیەکان لە ١٩٨٣، پرۆسەی ئەنفال

لە هەشت قۆناخ لە ١٩٨٨، لەگەڵ کیمیابارانی هەڵەبجە و سێوسێنان و شێخ وەسانان و بالیسان و بادینان، هەروەها خاپور کردنی قەڵادزێ بۆ دووەمین جار و تێکدانی زیاتر لە چوار هەزار گوند و خەڵك کۆکردنەوە لە ئۆردوگای زۆرەملێ.

پێویستە ئەوە بزانرێت قوربانی بێپایان بەخشراوە لەلایەن گەلەوەو بۆ شەڕ، هەمانکات بۆ گەورەترین فیداکاریش ئامادەبووە، بەڵام سەرکردایەتی سیاسی نەیتوانیوە بەسەرکەوتووەی بیگەینێە ئەنجام، چونکە یان خەریکی شەڕی ناوخۆ بووە یان بەدەست دەوڵەتانی داگیرکەر بەکارهێنراوە، ئەمانەش هۆکارەن کە جارێکیتر خەڵکی باشوور رووبەڕووی شکەستێکی تری رۆحی و مۆڕاڵی و سیاسی و چەکداری ببێتەوە.

- **خوێندنەوە هەڵەکانی رژێمی بەعس و گۆڕانکاریەکان:**

ئەنجامی شەڕی عێراق – ئێران کە زیاتر لە ملیۆنێك مرۆڤی تیا کوژراو و ٣٠٠هەزار دیل و هەزارن گوند و دەیان شارۆچکە و شارەدێی تیادا خاپوربوون، هەمانکات عێراقیشی خستبووە ژێر قەرزێکی زۆر، رژێمی بەعس بۆ ئەوەی ئەو بارە لارەی خۆی راستبکاتەوە، بەهەمان پێوانەی شەڕی ئێران کە تەواوی دەوڵەتانی کەنداو و ئەمریکا و تا ئاستێکیش سۆڤیەت یارمەتیان دەدا، بۆیە لە چاوتروکانێك پەلاماری دەوڵەتی کوێتی داو، لە رێگای کوێتەوە دەیویست هەڕەشە لە میرنیشینەکانی کەنداو بکات و بەو شێوەیە جارێکیتر هەستێتەوە!. بەڵام خوێندنەوەکانی رژێمی بەعس هەڵە دەرچوون، لەسەرویاندا ئەمریکا و ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی و تەواوی وڵاتانی عەرەبی لەدژی عێراق دەرکەوتن، بۆیە لە زستانی ١٩٩٠ هێرشیان کردە سەر عێراق و کوێت رزگاربوو، هەمانکات عێراق گورزێکی گورچکبڕی بەرکەوت و ئەگەر ئەوکات ئەمریکا و هێزە نێودەوڵەتیەکان بەرچاوڕوونیان هەبوایە دەتوانرا رژێمی بەعس بڕوخێنرێ، بەڵام هێشتیانەوە تاکو لەناو کاتدا پرۆژەی خۆیان ئامادەبکەن و رەوایەتی نێودەوڵەتی و هەرێمی و عێراقی زیاتر بەدەست بخەن بۆ رووخانی، ئەنجام لە بەهاری ٢٠٠٣ کۆتاییان بە رژێمی بەعس بەسەرۆکایەتی سەدام حسێن هێنا.

> **لە مەهاباد دەسەڵاتێکی نوێی خۆبەڕێوەبەری کوردی بوو، لەبەر ئەوەی لەسەر هاوسەنگی سیاسی و بەپشتیوانی ئێران و تورکیا دروست ببوو، بۆیە زۆر جیگای ئومێدی خەڵك و لایەنە سیاسیەکانیش نەبوو**

هێزە کوردیەکان لە کوردستان و شیعەکان لەباشووری عێراق دەرفەتیان دەسکەوت تاکو راپەڕین ئەنجامبدەن و شوێن پێی خۆیان قایم بکەن لەبەهاری ١٩٩١، ئەنجام دوای راپەڕین و کۆڕەو و ململانێکی دوو مانگی لە باشوور هەرێمێکی دژە فڕین بە بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتوەکان دروست بوو. ئەو هەرێمە دیفاکتۆیەیی بەپشتیوانی هێزە نێودەوڵەتیەکان و هەرێمیەکان بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهاوینی ١٩٩٢ دابمەزرێ.

دەسەڵاتی خۆجێی و دیفاکتۆی کە بەناوی حکومەتی هەرێم ئاوابوو، لەدوای کۆمارە کەم تەمەنەکەی کوردستان لە مەهاباد دەسەڵاتێکی نوێی خۆبەڕێوەبەری کوردی بوو، لەبەر ئەوەی لەسەر هاوسەنگی سیاسی و بەپشتیوانی ئێران و تورکیا دروست ببوو، بۆیە زۆر جیگای ئومێدی خەڵك و لایەنە سیاسیەکانیش نەبوو، هەمانکات لە ئەجندای نەتەوەی و یەکخستنی نێو ماڵی کورد و هاوکاری کردنی پارچەکانی تری کوردستان، زیاتر رۆڵی ئاژاوەو شەڕی ناوخۆ و شەڕی پارچەکانی تری کوردستانی بینی، لەگەڵ یەکەم راگەیاندنی حکومەتی هەرێم شەڕی پەکەکەی لە پایزی ١٩٩٢ دەستپێکرد، هەروەها ئۆردیگانشین کردنی هێزەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان. لەلایەنی بەڕێوەبردنیشەوە تەنها توانرا دوو ساڵ بە کەم ناکۆکی حکومەت بەڕێوەچوو، لە هاوینی ١٩٩٤وە تاکو ٢٠٠٥ حکومەت و دەسەڵاتی هەرێمی باشوور بووە دوو پارچە لەنێوان هەردوو پارتی دەسەڵاتدار پ د ك/عێراق و ی ن ك دا. خەڵکی باشوور خراپترین بژێوی ژیانی و ئابووری، کۆچی بەکۆمەڵی گەنجان بۆ دەرەوەی وڵات، کوشتنی رێژەیەکی زۆری ژنان بەناوی ناموس پەرستیەوە، رێگرتن لە ئازادی سیاسی و رۆژنامەگەری، بۆ ئەمەش چەندین کەسایەتی سیاسی کە بە«

سادق عومەر و ڕؤوف ئاکرەیی و ڕێناس و دکتۆر سیروان و... هتد»، هەروەها لەگەڵ کۆمەڵکوژکردنی ستافی ڕۆژنامەی وڵات لەهەولێر، هەمانکات چەندین کەسایەتی تریش تیرۆر و بێ سەروشوێن کران، مرۆڤ تەنها دەتوانێ یەک خاڵی باش بۆ ئەو هەرێمە دیفاکتۆیە دیاری بکا ئەویش تاکو کەوتنی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ لەدەست کوردا مایەوە. بۆیە ئەگەر بگوترێ ساڵانی ١٩٩٠ لەباشوور ساڵی کارەسات و نائومێدی و بێچارەیی بووە هەڵە نیە.

پەکەکە ساڵی ١٩٩١ وەک هێزێکی جیاواز و خاوەن ستراتیژ و بەرنامەو پرۆژەیەکیتر دەرکەوت لەگۆڕەپانی سیاسی باشوور، ڕاستە لەسەرەتای ساڵانی هەشتاوە هەوڵدانی هەبوو، بەڵام هەوڵەکانی بە شەهیدبوونی دووکادری سەرکردەی بەناوەکانی محەمەد قەرە سونگور و ئیبراهیم بلگین دواکەوت، لەگەڵ بەشداربوونی کۆمەڵێک لە گەنجانی باشوور لە ساڵی ١٩٨٩ جارێکیتر پەکەکە بەخوێندنەوەیەکی نوێ دەست بەتێکۆشان دەکات لە باشوور، بۆ ئەمەش بە ئاواکردنی ڕێکخستنی سیاسی سەرەتا بەناوی پارتی ئازادی کوردستان «پاک» پاشان بە یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان «ی ن د ک» بەردەوامی بەتێکۆشان دا، لەبواری هونەریش هاوکاری ڕێکخستنی کەلتوری و هونەری بوو بۆ ئەمەش گرووپەکانی ناوەندی هونەری میزۆپۆتامیا لە هەولێر و سلێمانی خۆیان بەڕێکخستن کردبوو، لە بواری ڕاگەیاندنیش دەستپێشخەر و هاوکاربوو لەگەڵ کۆمەڵێک لە ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر بۆ دەرخستنی ڕۆژنامەی وڵات.

ئەو پرۆژەو پلان و تێکۆشانەی پەکەکە نیشانیدەدا لە کوردستان بەگشتی و بەتایبەتیش بۆ باشووری کوردستان ئومێد بەخش بوون، بۆیە سەرەڕای سەپاندنی شەڕ لەلایەن دەسەڵاتەوە لە ١٩٩٢، بەڵام نەیتوانی ڕێگری بکات لە بەشداری گەنجان بۆناو ڕیزەکانی پەکەکە، خەڵک بەرەو پیری ستراتیژی پەکەکەوە هاتن، بۆیە ئەگەر سەیربکەین دەسەڵات لە سەپاندنی هەوڵە شەڕەنگێزەکانی نەکەوت دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٩٥ و پاشانیش لە ١٩٩٧ و تاکو ٢٠٠١ بەردەوامبوو. پێچەوانەش گەنجان و خەڵکی باشووریش باوەشیان کردەوەو ئەمەش بووە هۆکار کە بەهەزاران گەنجان بەشداری ڕیزەکانی گەریلابن و بە دەیان هەزار دۆست و ئەندام و لایەنگیری بۆ کۆببێتەوە. بێگومان سیاسەتی نێودەوڵەتی و هێرشی دەوڵەتە داگیرکەرەکان و پیلانگێڕی نێودەوڵەتی نەبوایە کە تێدا سەرۆك ئاپۆ دیل کەتە دەست دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا، خەڵکی باشوور چارەنووسی خۆی لەگەڵ پرۆژەو پلانەکانی سەرۆك ئاپۆ دیاری کردبوو.

> **هەرکەسێك ئەوەی دەزانی کە تەمەنی ڕژێمی بەعس تەواوبووەو ئیتر دەبێ دەسەڵات بەجێبهێڵێ، بەڵام ئەوەش ئەزانرا کە بەشێوازی دیموکراتیانەو بەخەباتی مەدەنیانە ئەو ڕژێمە ناگۆڕدرێت**

- **رووخانی رژێمی بەعس و دەرفەتێکی نوێ لە ٢٠٠٣:**

بێگومان هەرکەسێك ئەوەی دەزانی کە تەمەنی رژێمی بەعس تەواوبووەو ئیتر دەبێ دەسەڵات بەجێبهێڵێ، بەڵام ئەوەش ئەزانرا کە بەشێوازی دیموکراتیانەو بەخەباتی مەدەنیانە ئەو رژێمە ناگۆڕدرێت، لە تەمەنی ٣٥ساڵ حکومی بەعسی لەعێراق ترسناکترین و دڕندانەترین و دیکتاتۆریانەترین نمونەی نیشاندابوو، بەتایبەتیش هەردوو شاڵاوی ئەنفال و کیمیاباران بەتەواوی چاوی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ترساندبوو، بۆیەش هێزەکان باوەڕیان بەوەنەبوو کە ڕژێمی بەعس بەهێزی ناوخۆی لەناو بچێت، لەسەر ئەو بنەمایە هەرکەس چاوەڕێی فریادڕەسێکی دەکرد بۆ ئەوەی لەدەست ڕژێم ڕزگاری بێ، بۆیە ئەمریکا بڕیاری دەستتێوەردانی لە ئەفغانستان و عێراقیدا دوای ئەوەی کە ڕێکخراوی توندڕەوی ئەلقاعیدە هەردوو تەواری بازرگانی لە نیۆرك کردە ئامانجی چالاکی خۆکوژی، ئەو کردەوەی ئەلقاعیدە دەستی ئەمریکای لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەهێز کرد، بیانوی دا دەست تاکو بەئارەزووی خۆی بتوانێ دەستوەرداتە کاروبارەکانی ئەم ناوچەیە. تەنها پەکەکە لەگەڵ ئەوە نەبوو کە رژێمی بەعس بەپێشەنگایەتی ئەمریکا بڕوخێنرێ، پەکەکە دەیگوت با هێزە ئۆپۆزیسیۆنە

ناوخۆیەکان رژێم بڕوخێنن، بۆ ئەوەی هێزی چارەسەری لە ناوخۆوە دەرچێ نەك لەدەرەوە هێزە نێودەوڵەتیەکان دەستوەردەنە کاروبارەکانی ناوچەکەمان.

لەکاتی رووخانی رژێمی بەعس لە بەهاری ٢٠٠٣ تاکو ٢٠٠٧ هێزولایەنەکانی عێراقی دەرەوەی کورد زۆر بڵاو بێ رێکخستن بوون، شیعەکان بەیارمەتی ئێران دەیانتوانی سیاسەت بکەن، سونیەکانیش بەیارمەتی تورکیا و سعودیە، لایەنی کوردی لەگەڵ ئەوەی خۆی خاوەن هێز و ئەزمونیش بوو هەرچەندە ئەزمونەکەی سەرکەوتووش نەبوو، پشتگیری هێزە نێودەوڵەتی و دەوڵەتە هەرێمایەتیەکانیشی هەبوو.

خەونی کوردی هاتبووە دی لە رووخانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری و نەمانی هیچ پاساوێك بۆ بەرنگاربوونەوە، رزگاربوونی کەرکوك، فەرمی بوونی هێزی پێشمەرگەو دامودەزگا ئاسایشی و پاراستنیەکان، هەروەها دەسکەوتنی سەرمایەکی زۆر لە پارەو کۆمپانیای بازرگانی و نەوتی، ئەمانە دەسەڵاتی هەرێمی باشووری سەرخۆش کرد. بۆیە لەکاتی نووسینەوەی دەستور، دەسەڵاتداران و بەشداربووان لەداڕشتنەوەی دەستوری نوێی عێراق لە زستانی ٢٠٠٥ بەهەندێك ماددەی دەستوری رازیبوون کە فۆڕمیلەو داڕشتنەکانی بۆ پرسی کورد زۆر لاوازبوون، ئەوانەش» یەکلای نەبوونەوەی فیدرالیەتی داواکراو، پرسی پێشمەرگە و ژمارەکەی و چۆنیەتی چەکداربوونی، پرسی نەوت و غاز و سامانی سرووشتی، پرسی دیموکراتیەتی هەرێمی ، مافی راپرسی و بەهەڵپەساردو هێشتنەوەی پرسی کەرکوك»، تاکە لایەن ئەوکات کە بەئاشکرا نارەزای دەربڕیو بەپرۆژە گووتی نەخێر بۆ ئەو دەستورە پێشنیارکراوە، پارتی چارەسەری دیموکراتی کوردستان «پ چ د ك» بوو.

خەمی دەسەڵاتداران لەبەغدا زیاتر بەدەستخستنی پارەی زیاتر و شوێنپێی خۆیان قایمکردن بوو لەناو دەسەڵات، بەقەد ئەوەی چەندە مافی نەتەوەیی و دیموکراتیان بدەست خستووە، بۆیە نمونە ناودارەکەی حاکمی ئەوکاتی ئەمریکا لە عێراق پۆڵ برێمەر هەیە بۆ مسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی لەسەردانێکیان بۆ لای، «سەرەتا ترساوە کە داواکاری زۆر گەورە بکەن وەك گەڕانەوەی کەرکوك، یان سەربەخۆی باشوور و جیابوونەوە لە عێراق، بەڵام ئەڵێ ئەو سەرکردانە داوای پارەیان لێکرم، هەردووکیان بە ملیارێك دۆلار رازیبوون». خەڵك بەو تۆزە دەسکەوتانە دڵخۆش کراو شای و لۆغانیان بۆ کرد، لە راستیدا شتێك لە حکومی زاتیەکەی سەدام زیاتر نەبوو، تەنها وشەی فیدرالی بۆ زیاد کرابوو، ئەوەی دەسەڵاتدارانیش لە هەرێم پیادەیان دەکرد حکومی کۆنفیدراڵی دەوڵەتی بوو، بێگومان ئەوەش ئەزانرا کەتاسەر ئەوە بۆ دەسەڵاتدارانی هەرێم ناچێتە سەر.

پارتەکانی دەسەڵاتدار دەرفەتێکی زۆریان بۆ رەخسابوو لە بەرفرەوان بوونی قەڵەمڕەویان، هەمانکات سەروەت و سامانێکی زۆریان کەوتبووە دەست کە نەوت و غازیان بەرێژەیەکی بێ سنور دەفرۆشت و پارەکەشی دەکەوتە گیرفانی خۆیان، هەرچەند حکومەتی هەرێم ببووە یەك و ناوەندی هەولێر بەهێز دەکرا و رێکەوتنی ستراتیژی لە ٢٠٠٧ لەنێوان پ د ك و ی ن ك واژۆکرا، بەڵام ئەو دەرفەتانە وەرنەگیران بۆ خزمەت گوزاریە جەماوەریەکان دیسان لە ساڵی ٢٠٠٦ دەڤەری رانیە و هەڵەبجە و کەلار پێشەنگایەتیان بۆ خولێکی نوێ لە نارەزایەتی و خۆپیشاندان کرد و لە هەڵەبجە گەنجێك بەناوی عەلی شەهید بوو، لەگەڵ چەندین بریندارى تر، هەمانکات سووتاندنی مۆنۆمێنتی هەڵەبجە کە بەنرخترین یادگاری هەڵەبجەیەکانە، لەلایەکیتریش لەپرسی پێشەنگایەتی نەتەوەیداو هەنگاوهاویشتن بۆ یەکخستنی نەتەوەیی شتێك نەکرا، نە بنکەو بارەگاکانی دەوڵەتی تورك لە باشوور دەرخران، نە سنورێك بۆ دەسەڵاتەکانی ئێران دیاری کران، پێچەوانە لە پایزی ٢٠٠٧ بنکەو بارەگاکانی پ چ د ك لە دهۆك، هەولێر و سلێمانی داخران، لە ٢٠٠٨ کۆردیناسیۆنی دژی پەکەکە دروست کرا لەنێوان» ئەمریکا، تورکیا، عێراق و هەرێمی کوردستان»، پ چ د ك یان خستە لیستی تیرۆر لە بەغداو رێگریان لە بەشداری پێکردنی لیستی هیوا لە هەڵبژاردنەکانی ٢١ی تەموزی ٢٠٠٩ بەبیانوی ئەوەی پ چ د ك پشتگیری دەکات کرد.

١٧ی شوباتی ٢٠١١ خولێکی تر لەنارەزایەتی جەماوەری دەستی پێکردەوە کە شاری سلێمانی پێشەنگایەتی بۆ قۆناخەکە ئەکرد و دەڤەری راپەڕین و هەڵەبجە و گەرمیان و کۆیەش پشتگیریان دەکرد، پارتە ئۆپۆزیسیۆنەکانی ئەوکات خۆیان کردە خاوەنی ئەنجامەکانی خۆپیشاندانەکان، لەئەنجامی ٦٠ رۆژ خۆپیشاندان و نارەزایەتی و ١١ شەهید و دەیان بریندار، بەڵام نە پارتە

ئۆپۆزیسیۆنەکان توانیان نوێنەرایەتی خەڵکی نارازی بکەن و لە چوارچێوەی پشك پشکێنەی وەرگرتنی ئیمتیاز لە دەسەڵاتدا سووڕانەوە، هەمانکات پارتە دەسەڵاتدارەکانیش نارەزایەتی خەڵکیان وەك نارەزایەتی ئۆپۆزیسیۆنیان وەرگرت، بۆیە کاتێك توانیان ئۆپۆزیسیۆن دەستەمۆبکەن وایانزانی تورەی شەقامیان دەستەمۆکردوە.

ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیر و نووسەرانی دەرەوەی دەسەڵات بەتایبەتی ئەو گەنجە ڕۆژنامەنووسانەی کە بەبوێریەوە هاتبوونە مەیدان و ڕۆژانە لاپەڕەی دزی و گەندەڵیەکانی پیاوانی دەسەڵاتیان ئاشکرا ئەکرد و فائیلی پەیوەندیەکانیان لەگەڵ ڕژێمی بەعسی رووخاو دەردەخستن و سیما بەبتبووەکەیان دەشکاند و ڕێگریان دەکرد لە خۆ بەپیرۆزکردن، بۆ ئەمەش ڕۆژنامەنووس سۆرانی مامە حەمە و سەردەشت عوسمان و کاوە گەرمیانی و عەبدولستار تاهیر شەریف و دواینیشیان وەدات حسێن و نوژیان ئەرهان بوونە ئامانجی کردوە تیرۆریستیەکانیان و تائێستاش بکوژانیان دەسگیرنەکراون.

- **دەرکەوتنی داعش و دەرفەت و مەترسیەکان لەبەردەم باشوور:**

ئەنجامی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە، هێزە عەرەبە سونیە توندڕەوەکان بە پشتیوانی تورکیاو سعودیە و بەپێشەنگایەتی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە، دواتر ڕۆژدوای ڕۆژ توندتربوون چالاکیەکانیان توندوتیژتربوون، تاکو ئەنجام لەگەڵ ئیخوان و سەلەفی و بەعسیە کۆنەکان ڕێککەوتن و سعودیە و قەتەر و تورکیا دوای گۆڕانکاریەکانی بەناوی «بەهاری عەرەبی» ، لەبەرامبەر بەرەی ئێران لە ناوچەکەدا کەوتنە کردەوەی توندوتیژ، وەك بەرەی نەسرە هاتنە مەیدان، بەڵام لەبەر ناکۆکی نێوان سەرکردایەتی ئەلقاعدە لە ئەفغانستان و هێزەکانیان لە عێراق و سوریا، هەمانکات بە کوشتنی ئوسامە بن لادن سەردەمێکی نوێ لە ڕێکخراوی توندڕەوی سونی دەستپێیکرد بە پێشەنگایەتی داعش، پەیوەندی خۆیان لەگەڵ ئەلقاعدە سنوردار کرد و زیاتر دەستپێشخەریان خستە دەست خۆیان.

تورکیا دوو ئامانجی هەبوو لە پشتیوانی کردنی داعش؛ ئەو دەرفەتەی لە سوریا دروست بووە خەڵکی کوردستان لە ڕۆژئاوا نەتوانێ قەوارەیەك بەدەست بخا و سوریایی داهاتوو لەژێر هەژموونی ئەودابێ، لەعێراقیش سنورێك بۆ دەسەڵاتی شیعەی بەغدا دابنێ، هەمانکات بەتەواوی دەسەڵاتی باشوور بخاتە ژێر دەستی خۆی و ئیرادەی بۆ نەهێڵێتەوە. چونکە لە ٢٠١٢ و ٢٠١٣ ئیدی دەستپێشخەری سیاسی لە باکور، ڕۆژئاواو باشوور دەکەوتە دەست پرۆژە پێشنیارەکانی ڕێبەر ئاپۆ، نمونەی ئامادەکاریەکان بۆ پرۆژەی کۆنفرانسی نەتەوەیی لە هەولێر نیشانەی ئەو راستیەیە.

هەوڵەکانی ڕێبەر ئاپۆ و تەڤگەری ئازادی بۆ چارەسەری ئاشتی لە باکوور و سەرخستنی شۆڕشی ڕۆژئاوا، بەهێزکردن و یەکخستنی باشووری کوردستان لە ڕێگای سازدانی کۆنفرانسی نەتەوەیی، بێگومان سازدانی کۆنفرانسی نەتەوەیی لەباشوور جێپێی باشووری کوردستانی هەم لەئاستی نەتەوەیی و هەم لەئاستی ناوچەکە و جیهانی بەهێز دەکرد و ڕێگری دەکرد لە قەیران و ئاڵۆزیەکانی کە لەگەڵ هاتنی داعش ڕووبەڕووی بۆتەوە. پێچەوانە پ د ك/عێراق بەدوای پرۆژەی نەتەوەیەوە نەهات، بەڵکو بەدوای پرۆژەی تورکیا چوو، بەناوی گوایا دروست کردنی دەوڵەتی کوردی پرۆژەی فرۆشتنی نەوت بە بۆری بۆ تورکیایی هەڵبژارد، ئەنجامەکەشی نە نەوت و نە پارەو نە دەوڵەت!!!.

داعش وەك هێزێکی چەتە و بێ ڕەحم و دوور لەهەموو پێوانە مرۆڤایەتیەکان، کە مێژووی مرۆڤایەتی کەمجار بەخۆیەوە بینیوە، دوای ئەوەی لە عەمانی پایتەختی ئەردەن کۆبوونەوەی خۆی کرد، بەگوێرەی بەڵگە سەلمێنراوەکان لەژێر چاودێری مەسعود بارزانی مەسروری کوڕی بەشداری ئەو کۆبوونەوەی کردوە، لە کۆبوونەوەکە ڕێکەوتبوون دوو خەلافەت لە عێراق و سوریا دروست بکەن، یەکیان بۆ ئەبوبەکر بەغدادی لە ڕەقەوە تا موسڵ، یەکیشیان بۆ مەسعود بارزانی لەخانەقینەوە تاکو عەفرین. بۆیە پرسی داگیرکردن و هێرشی داعش بۆسەر شەنگال و رادەستکردنی شەنگال بە داعش لەلایەن مەسعود بارزانیەوە لەبنەمادا بۆ ئەوە بوو داعش رووەو ڕۆژئاوا بڕواو بەهاوکاری تورکیا ڕۆژئاوا رادەستی مسعود بکەن، ئەو وتەیی مسعود لە پەرلەمانی هەرێم پێشکەشی کرد لەکاتی داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە گووتی» لەمەو بەدوا دراوسێکی نوێمان هەیە«، هەمانکات راگەیاندنەکانی یەکسەر پەیوەندیان بە بەرپرسەکانی داعشەوە کرد لە موسڵ،

هەروەها تۆڕی مۆبایلی نەبڕی لە موسڵ و دەڤەری ژێر دەستی داعش. پێچەوانەی ڕێکەوتنەکان داعش لەگەڵ بەدەست خستنی شەنگال و ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ هێزەکانی یەپەگ و هەپەگە لە دەوروبەری شەنگال، ئیدی دەرفەتی تێپەڕبوونی بۆ ڕۆژئاوای نەما، بۆیە ڕووی هێرشەکەی کردە مەخمور - هەولێر و سنوری کەرکوك و گەرمیان، بێگومان ئەگەر هێزەکانی هەپەگ و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی نەگەیشتبانە فریایان، داعش هەولێری داگیردەکرد، لە دانپیانانێکی جێگری سەرۆکی ئەمریکا جۆن مەکین دەڵێت: کاتێك مسعود پەیوەندی پێوەکردم بۆ بەهاوارەوەچوونی تۆنی دەنگی تێکچووبوو گریانی لەقوڕگیدا مابوو. ڕاستە دوای تێکشکانی هێزەکانی بەغدا لە موسڵ و تکریت و سنوری دیالە سەرەتا هێزەکانی پێشمەرگە ئەو بۆشاییەیان داگرت، بەڵام کاتێك داعش پەلاماری هێزەکانی پێشمەرگەیدا بەهەمان شێوەی هێزەکانی بەغدا ئەوانیش لە مەخمور و سنوری موسڵ و گوێر و سەعدیە و جەلەولا نەیتوانی ڕووبەڕووی هێزەکانی داعش ببنەوە، بۆیە ئەو خۆ بەزلزانین و گەورەکردنە لەبنەڕەتدا دووربوو لە ڕاستی هێزەکانی پێشمەرگە، لێرە مەبەستم بچووك کردن یان لەئاستی هێزەکانی کەم ناکەمەوە، بەڵام پێویستە بەگوێرەی ڕاستی خۆی نزیکی خۆی بێتەوە، چونکە دواتر بنیمان هەمان ئەو هێزانە بەبێ پشتیوانی هێزە نێودەوڵەتیەکان نەیانتوانی سەعاتێك ڕووبەڕووی هێزەکانی حەشدی شەعبی ببنەوە.

لەبەرئەوەی مسعود بارزانی بەرەی داعش و تورکیای هەڵبژارد و بڕیاری فرۆشتنی نەوتی سەربەخۆیی دا، بۆیە ئێران یان ڕاستر بڵێین بەرەی شیعە ئابلۆقەی ئابووری خستە سەر حکومەتی باشوور و مووچەی فەرمانبەران و پێشمەرگە و دامودەزگاکانی حکومی بڕی، ئەمەش دەستی بەقەیرانێك کرد لە ناو خەڵکی باشوور، ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر پەرەیسەند، سیاسەتەکانی حکومەت بۆ چارەسەری و کەمکردنەوەی مووچەی فەرمانبەران بۆ چارەگە مووچە هیچی پێ چارەسەر نەبوو.

## خەڵکی باشوور لەگەڵ دەرکەوتنی داعش و هێرشەکانی بۆ سەر ڕۆژئاوا و شەنگال هەڵوێستی خۆی دیاری کرد

٢٠١٤ و هاتنی داعش و جینۆسایدی ئێزیدیەکان و ئەو بارودۆخەی لە باشوور دروست بوو، دەسەڵات هیچ ڕەخنەی بۆ نەداو هیچ کەسێکی نەخستە بەردەم دادگا و پێچەوانە ڕووبەڕووی ئەو هێزە بەرخۆدێرانەبوویەوە کە لەشەنگال و مخمور ئەرکی خۆیان جێبەجێکردبوو، دواتریش کاتێك خەڵکی شەنگال بڕیاری دامەزراندنی ئەنجومەنی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتی دا، تەواوی لایەنە سیاسیەکان هەڵوێستی نێگەتیفیان نیشاندا. لە ڕاستیدا ئەگەر کەمیشبێ دوای فەرمانی ٣ی ئابی ٢٠١٤ جڤاکی ئێزیدی ئەزمونی وەرگرت و هەوڵیدا خۆی بەڕێکخستن بکا و هێزی پاراستنی خۆی لەژێر ناوی یەبەشە و یەژەشە دروست بکات و ڕووبەڕووی داگیرکەرانی ببێتەوە، ئەنجام ئەمڕۆ هێزێکە بۆ جڤاکی ئێزیدی کە دەتوانێ داهاتووی خۆی لەسەر بونیادبنێ. هەرچەندە پ د ك/ عێراق بەناوی «هێزی پێشمەرگەی ڕۆژئاوا» هێرشی کردە سەریان و ویستی یەبەشە تەسلیم بگرێ، بەڵام هەوڵەکەی لەسەرەتای ئاداری ٢٠١٧ پووچەڵ بوویەوە.

خەڵکی باشوور لەگەڵ دەرکەوتنی داعش و هێرشەکانی بۆ سەر ڕۆژئاوا و شەنگال هەڵوێستی خۆی دیاری کرد، ئەویش بە بەشداربوونی گەنجان بۆ ناو ریزەکانی یەپەگە و یەپەژە، هەمانکات بۆ ناو هەپەگە و یەبەشە لە شەنگال بوو، شەهید بوونی گەنجۆ خۆشناو لە شەنگال و تاکو دەستینا قەندیل لە کوبانێ و باکور جیلۆ لە حەلەب زیاتر لە ٣٠ گەنجی باشوور لە کچ و لە کوڕ لە بەرخودانی ڕۆژئاواو شەنگال بە قارەمانیەتی شەهید بوونە، ئەمە هەڵوێستی بنگەهی خەڵکی باشوور نیشان دەدات، لەگەڵ ئەوەش خەڵك بە کۆمەك و هاوکاریەکانی ویستی باری گرانی شۆڕش لە ڕۆژئاوا سووك بکا، هەمانکات دەرگای بۆ ئاوارەکان خستە سەرپشت و پێشوازی لە ئاوارەکانی شەڕ کرد، هەروەها بەپشتیوانی جەماوەری لە کۆڕ و کۆبوونەوەو ڕێپێوان لە سەرتاسەری باشوور هەڵوێستی نەتەوەیانەی خۆی بەیان کرد. پێچەوانەی دەسەڵات بەتایبەتی پ د ك/ عێراق، دەرگای سێمالکەی داخست، خەندەق

لەسەر سنوری باشوور و ڕۆژئاو لێدا و هێزی نمونەی ئەنەکەسەی دروست کرد بۆ ئاژاوەگێڕان و ڕێگری کردن لە ڕەوا بوونی نێودەوڵەتی شۆڕشی ڕۆژئاوا، بۆ ئەمەش مسعود بارزانی بەرپرسانی ئەنەکەسەی لەگەڵ خۆی لە ئەوروپا ئەی گەڕاندن بۆ ئەوەی تاوانباری شۆڕشی ڕۆژئاوا بکا و هێزە نیشتمانیەکانی بخاتە لیستی تیرۆروە، ئەگەر فشاری پەرلەمان و شەقام و هێزە نێودەوڵەتیەکان نەبوایە، پ د ك/عێراق و تورکیا ڕێگایان نەدەدا پێشمەرگە بچێتە شەڕی کوبانێ، چونکە ئەوان چاوەڕێی کەوتنی کوبانێ و شۆڕشی ڕۆژئاوابوون نەك سەرکەوتنی.

لەگەڵ بەشداربوونی هێزەکانی گەریلا لە بەرخودانی شەنگال و مخمور، بەهەمانشێوە بەشداربوون لە پاراستنی کەرکوك و داقوق و بەشداربوون لە ڕزگارکردنی جەلولا، ئەمەش شتێکی نوێی سەلماند کە هێزەکانی پاراستنی کوردستان لە گەریلا و پێشمەرگە و شەرڤان ئامادەن شانبەشانی یەکتر لەبەرامبەر دوژمن شەڕبکەن، هەمانکات ئەو دەفتەرەی ڕابردوو دابخەن و لاپەڕەیەکی نوێ لە چۆنیەتی پاراستنی کوردستان بکەنەوە، ئەگەر فەرمانداریەتی گشتی هێزی پێشمەرگە ئامادەبوایە دەرفەت هەبوو و ئێستاش هەیە کە فەرمانداریەتی هاوبەش لەنێوان گەریلا و پێشمەرگە دروست بێ.

- **بەرەو کۆتای شەڕی داعش و هەڵسەنگاندنێکی دوور لەڕاستی:**

بەهەموو ئەو هەوڵانەی دران بۆ تێکشاندنی هێزی چەتە و دژە مرۆڤایەتی داعش، بێگومان ڕۆڵی هێزی پاراستنی کوردستان»گەریلا و شەرڤان و پێشمەرگە« لە ڕۆژئاوا و لە باشوور لەبەرچاوە، ئەوەش ڕاستیە کە ئەو هێزانە لە جیاتی جیهان شەڕی داعشیان کرد، بەڵام دەبێ بزانرێ یەك هێز بەتەنها نەبوو، بەڵکو هەموو هێزەکان شانبەشانی یەکتری ئەو بەرخودانەیان بەڕێوەبرد. ئەوەی پێویستبوو ڕاست بخوێندرێتەوە ئەویش؛ داگیرکەر و دەوڵەتە سەردەستەکانی کوردستان کەوتونەتە پەلەقاژە، هێزە نێودەوڵەتیەکان پشتیوانی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستانی دەکات، گەلی کوردستان بە کورد و عەرەب و ئاشوری و سریان و باوەڕی و ئاینە جیاوازیەکان پشتیوانی لە بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستانی دەکات، ئەوکات پێویست دەکات هێزە سیاسیە کوردستانیەکانیش خاوەن پرۆژەی واقعی بن تاکو بتوانرێ دەسکەوت بۆ خەڵکی کوردستان قازانج بکرێن. شۆڕشی ڕۆژئاواو باکوور بە پرۆژە و پێشەنگایەتی ڕێبەر ئاپۆ لەسەر بنەمای کۆنفیدرالیزمی دیموکراتی و نەتەوەی دیموکراتی و هێڵی سێیەم بەڕێوەدەچێت، بۆیە لەباکوور توانرا سەرکەوتن و دەسکەوتی مێژووی بەدەستبخرێن و داگیرکەر چۆکی لەبەرامبەر لەرزی، بۆیەش بەهەموو شێوەیەك هێرشی کردە سەر، هەمانکات کاتێك دەوڵەتیش هێرشی کردە سەر گەورەترین بەرخودانی لەبەرامبەر نیشاندا بەتایبەت لە شارەکانی جزیرە و سوور و نسێبین و شەرناخ و کەلبۆڕان و گەڤەر کە لەمێژووی کوردستان کەم وێنە بوو. ڕۆژئاواش لەگەڵ سەرکەوتنەکان لەلایەنی چەکداریەوە بەتایبەتیش دوای ئازادکردنی ڕەق و ڕووبەرێکی مەزن لە دێرەزوور، هەمانکات بەڕێوەبردنی پرۆژەی فیدرالیەتی باکوری سوریا، ئیدی مرۆڤ هەست دەکات کە هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ سەختیەکانیش، بەڵام ئیتر گرەنتی دەسکەوتەکان لە ڕۆژئاوا جێبەجێ دەبێ، ڕاستە مەترسی هەیە، بەڵام بەرخودانیش لەئاستی هەر بڵند دایە.

باشوور لەگەڵ ئەوەی دەسکەوتی زۆر و پشتیوانیەکی نێودەوڵەتی گەورەو دەرفەتێکی باش بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو دەسکەوتانە گرەنتی بکا، چونکە دەسەڵاتی بەغدا لە کاتی خۆی هەرە لاوازبوو، بەڵام پرۆژەی باشوور کە پرۆژەی مسعود بارزانی بوو، ئەویش لەسەر بنەمای پرۆژەی دەوڵەت – نەتەوە کلاسیکەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دروست کردنی ئیمارەتێك وەك ئەوانەی کەنداو، لەبەر ئەوەی پرۆژەکە واقعی نەبوو، بۆیە سەرەڕای ئەوەی گەل پشتیوانیشی کرد، بەڵام نەی توانی ئەنجامگیربێ، پێچەوانە هەموو ئەوەی لە ئەنجامی شەڕی داعش بەدەست هاتبوو لەدەستچوو، دیسان ئەگەر هێزە نێودەوڵەتیەکان نەبوونایە، گومان دەکرا جەزائیرێکی تر بەسەر باشوور دووبارە دەکرایەوە، دەسەڵاتی سیاسی لە باشوور دەیەوێت بەگوێرەی خەیاڵی خۆی بڕواو کەسیش دەنگ نەکات، یان وا ئەزانێ هەموو ڕۆژێك ساڵانی سەرەتایی ١٩٩٠کانەو دنیا هەموو پێویستی پێیەتی، وا ئەزانێ ڕژێمی بەغدای ئێستا هەمان ڕژێمی بەعسی کۆنەو هێزە نێودەوڵەتیەکان لەدژی ئەوەستن و چارەیان ناوێ، ئەگەر بڵێین هەڵەی سەدام بۆ چوونە کوێت لەساڵی ١٩٩٠ کردی و بووە هۆی هەرەسی بەعس، هەمان هەڵە مسعود کردی بە

ئەنجامدانی ریفراندۆم هەڵە نییە، ئەوە بەو واتایە نایەت کە ریفراندۆم و بە دەوڵەت بوون و سەربەخۆی باشوور چەندە مافداری یان نا، خوێندنەوەی قۆناخ بەشێوەیەکی زانستیانەو لەناو ئەوەدا دیاری کردنی پرۆژە و پلانی گونجاو کەبکرێ لەم سەردەمدا جێبەجێبکرێن، ئەگەرنا بێگومان هیچ کوردێك و مرۆڤێکی ئازادیخواز بڕواناکەم لاری لەوە هەبێ ئایا کورد سەربەخۆ بێ و خاوەن دەوڵەت و دەسەڵاتی خۆی بێ بڵێ نا.

هەر ئەوکات لەپاڵ پڕوپاگەندە بۆ بەرەی بەڵێ بۆ ریفراندۆمی سەر بەخۆیی، بەرەی نەخێر بۆ ریفراندۆمیش هەبوو کە پێکاتبوو لە« تەڤگەری ئازادی، هەندێك پەرلەمانتار، هەندێك دەزگای راگەیاندنی سنوردار»، بەڵام دەسەڵات گوێیان لە نەخێرەکە نەبوو، پێچەوانە تەخوین دەکرا و نەیان هێشت لەسنوری پ د ك/ عێراق پڕوپاگەندەش بۆ خۆیان بکەن، هەروەها پرۆژەی بەستن و ئەنجامدانی کۆنگرەی نەتەوەیش لەپاڵ ئەوە هەبوو، بەڵام پارتی لایەنگری لەپارچەکانی تریش هەر بەلاشی دانەچوون وەك ئەوەی بڵێن شتێکی وا نییە. ئەنجام لە١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دوای هێرشێکی یەك دوو کاتژمێری لەلایەن حەشدی شەعبی کەرکوك رادەستکرا، لەماوەی سێ رۆژیش لە شەنگالەوە تا خانەقین هەمووی رادەستی هێزەکانی بەغدا کرانەوە، بێگومان تاوانباری یەکەم لەو شکست و ئاش بەتاڵەدا پارتی و یەکێتی بە پلەی یەکەم، دواتریش یەکگرتووی ئیسلامی، حیزبی شیوعی، حیزبی زەحمەتکێشان، کرێکار و رەنجدەران، لایەنە تروکمان و ئاشوریەکانی پاشکۆی پارتین، هەموو ئەوانە بەسەرۆکایەتی مەسعود بارزانی بوو. مەسعود ویستی بە وازهێنان لە سەرۆکایەتیە ماوە بەسەرچووەکەی هەرێم ئیدی بێتاوان دەردەچێ و بەبیانوهێنانەوە بۆخۆی گوایە بەشێك لە یەکێتی خیانەتی لێکردوە، تورکیا و ئێران و ئەمریکاو عێراق پشتگیریان نەکردوە، ئەو چیرۆکانە کەڵکی پێنج فلسی نیە لەبەردەم هاوڵاتیەکی باشوور کە دەنگی بە بەڵێ بۆ ریفراندۆم دا، بەڵام نەتوانرا یەك کاتژمێر بەرخودانی بۆ بکرێت، چونکە ماوەی چوار ساڵە خەڵکی باشوور بەتەواوی چین و توێژەکان دەرەوەی دەسەڵاتداران لە سەخترین و دژوارترین و ناخۆشترین ژیان بەسەردەبن، سەرباری ئەوەش پشتیوانی کرد بە بەڵێ، ئێستا تۆڵەی بەڵێ کەی لەو هێزانە دەکاتەوە.

دەرکەوتنی ئەمجارەی خەڵك بۆ سەر شەقام وەك ساڵانی رابردوو نیە، چونکە لەم خولی سێیەمە لە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەی خەڵك، بێگومان خەڵك هیچ هیوای بەو دەسەڵاتە نەماوە کە چاکسازی یان گۆڕانکاری پێبکرێت، بۆیە ئەو داواکاریەیی ئێستایی زۆر لۆژیکیە، ئەویش بە دروشمی»ارحل» واتا بڕۆ و جارێکیتر سەروسیمات نەبینمەوە، چونکە ٢٦ ساڵە تەنها هیلاکم ئەکەیت، هەموو ئەو نرخ و بەها و دەرفەت و خوێنەی پێشکەش بەم دەسەڵاتە کرا، لەماوەی ٢٦ ساڵی حکوم و ٧٠ ساڵ تەمەنی سیاسیدا تائێستا لەدەرەوەی بارێکی گران و دەسەڵاتێکی رەزا قورسی بێ تام هیچ نرخ و بەهایەکی لای هاوڵاتی باشوور نەماوە، پێویستە خەڵکی وەك چۆن سەرلەبەری هێزە سیاسیەکانی خستۆتە پێش خۆی و پەسندیان ناکە بە دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە، بەهەمانشێوە نابێ لەبەرامبەر دەسەڵاتی بەغدا و نوێنەرانی کورد لەبەغداش بێدەنگ بێ، پێویستە سنورێکیش بۆ ئەوان دابنێت.

کۆمەڵگەی باشوور بەتەواوی چین و توێژەکانی و بە هەردوو رەگەزەوە ژیانێکی زۆر سەخت و دژواری دەرباز کردوە لەلایەك بەدەستی هێزی داگیرکەران، لەلایەکیش بەدەستی ئەو دەسەڵاتە خۆجێیەیی کە خۆی بەڕەوا ئەزانێ، بەڵام ئیدی ئەو دەسەڵاتە سەردەمی بەسەرچووەو پێوانە سیاسی و جڤاکیەکانی بەکەڵکی ئەو سەردەمە نایەت، هۆشیاری خەڵك تائاستێك هەیە، بەڵام کاریگەری بەژیان و پێوانەکانی هێزە بەناو لیبراڵ و سەرمایەدارەکان کەتنەوە ناو هەمان هەڵەی رابردووە، یان بەفرۆکە لەئەورپا و ئەمریکا هاتنەوە مانای پێشەنگایەتی پێ نییە، چونکە ئەوەی بۆ باشووری کوردستان پێویستە پێوانەی خزمەت کردن و کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکرات و خۆبەڕێوەبەرە، دەرەوەی ئەو هێلە رێگا چارەکانی تر خۆیان تاقی کردەوە، بەڵام هەمان چارەنووسی هێزەکانی تریان هەیە، لەپێناو بەدەستخستنی ژیانێکی شەرفمەندانە و ئازاد و دیموکرات، تێکۆشانێکی رادیکاڵ و دیموکراتیانە پێویستە.

# بزووتنەوەی ئازادیخوازیی کورد لەنێوان دوومۆدێلی ئەخلاقگەراو پراگماتیزمی هەلپەرەستدا..



ئازادیی کۆمەڵگە
دارا مەحمود

ماوەیەکە خاوەن پلەو پایەکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان، لەچوارچێوەی هەڵمەتی ڕەشکردن و دژایەتیکردنی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردو ڕێبەرایەتی و ئایدیۆلۆژیاکەیدا کاڵفامانە کەوتوونەتە هێرشکردنە سەر فەلسەفەو بیروباوەڕی ئۆجالان. ولەم پێناوەدا ڕێبازی جۆربەجۆری موخابەراتیی، پسکۆلۆژیی.. دەگرنەبەر. بەڵام لەبەرئەوەی ئەم هەوڵانەیان بێ بنەماو ساختەو دروستکراون، و پشتئەستوورنین بەهیچ مێتۆدوزانیارییەکی زانستیی و لۆژیکمەندانە، هەرزوو ئامانجە شاردراوەکەی خۆیان، وئاستی نزمی توانای شرۆڤەو لێکدانەوە تیۆرییەکانیشیان ئاشکرادەکەن. لەبەشێک لەم هەوڵانەیاندا وبەشێوازێکی سیستەماتیک، فەلسەفەو بیرباوەڕی ئۆجالان و بزووتنەوە ئادیخوازییەکەی بە پووچگەراو یوتوپیایی وئانارشیست ناوزەد دەکەن. کە لێرەدا لەسەر دووئاست شیاوی وەڵامدانەوەو ڕاستکردنەوەیە. یەکەم، ئانارشیزم فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی سیاسیەو بەشێکە لەئەزموونی بایەخداری مرۆڤایەتی و زۆردەمێکە هەڵەی پێناسەکردنی ئانارشیزم لەفەلسەفەوفەرهەنگی سیاسیدا ڕاستکراوەتەوە. وشتێک نییە لەسیاسەتدا بۆ تانەو تەشەرو بچوککردنەوە بەکاربێت. دووەم لەگەڵ ئەوەدا کە بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە ڕێبەرایەتی ئۆجالان وەک ئەرکێکی سرووشتی سوودلەئەزموونی گەلان وفەلسەفەی مرۆڤایەتی وەردەگرێت. بەڵام لەئاکامدا بە مۆرک و تایبەتمەندی وداهێنانی خۆی. بەجۆرێک کەهەڵقوڵاوی خودی کۆمەڵگەی کوردی و کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بێت.. ئەوەی کە بڕیاری کۆتایی لەسەر ڕاستی و دروستی هەر بیرو باوەڕێک دەدات هەلومەرج و بارودۆخی ناوخۆیە. نەک هیچ دەقێکی ئامادە. لەبەر ئەمە بەپێویستم زانی ئەم چەند دێڕە سەبارەت ناساندنی ئانارشیزم و هەندێ بەراوورد پێشکەش بە خوێنەرانی بەڕێزی ئەم گۆڤارە بکەم.

ئانارشیزم فەلسەفەیەکی سیاسیی کۆمەڵایەتییە، کەلەسەربنەمای ئازادی تاک و ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی چەوسێنەرانەی دەوڵەتی ناوەندگەرا بنیاتنراوە. لەبەرئەمە لە زۆر ڕووەوە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاو بیروباوەڕەکانی تری وەک: سۆسیالیزم، ولیبرالیزم..یەکدەگرێتەوە.

جۆرج ۆدکۆک (Georg Woodcock)، لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی (ئانارشیزم)، بەمجۆرە پێناسەی دەکات: سیستەمێکی بیروباوەڕی کۆمەڵایەتیە کە ئامانجی بەدیهێنانی گۆڕانکاریی بنەڕەتییە لەساختاری کۆمەڵگەدا بەتایبەتی جێگرتنەوەی حکومەتی دەسەڵاتدار، بە یەکێک لە فۆرمەکانی هاوکاری ناحکومی نێوان تاکە ئازادەکان. وئەمەش ئەو خاڵە هاوبەشەیە کە هەموو جۆرەکانی ئانارشیزم پێکەوەگرێدەدات.(١)

ئانارشیزم ریشەکەی دەگەرێتەوە بۆ واژەی یۆنانی (ئانارخۆس). کە بەواتای (بێ حاکم). یان (بێ فەرمانڕەوا) دێت. وبیروباوەڕەکەشی هەر دەگەڕێتەوە یۆنانی کۆن. سەگگەرایان (Cynics)، گومانگەرایان (Skeptics) ستایکەکان(Stoics) یەکەمین کەسانێک بوون کەئەوەی پاشان وەک بیروباوەڕی ئانارشیاستی ناسرا، لەفەلسەفەی ئەواندا بناغەکەی داڕێژرا. ئەوان پێیانوابوو کە (بەختەوەری مرۆڤ پەیوەستەی سروشتەو هەرشتێک لەگەڵ سروشتدا بێتەوە لەگەڵ عەقڵ وژیریشدا هەردێتەوە.) (٢) ، ودەبینین کە سروشتگەرایی یەکێکیشە لەبنەما

سەرەکییەکانی ئانارشیزم. چونکە لەبیروباوەڕی ئانارشیستیدا، سروشت تەواوی خواست وپێداویستییەکانی مرۆڤ دابین دەکات. وتەنیا کاتێک ئەم پارسەنگە دەشکێت کەکەسێک یان کۆمەڵێک بخوازن پتر لەوەی پێویستیانە لەڕێگای زوڵم وزۆرەوە بەدەستی بخەن. یان بەشێک لەسروشت بەموڵکی خۆیان بزانن، چونکە ئەوکاتە کۆمەڵگە دابەشدەبێت بەسەر دارونەدار، وهەژارودەوڵەمەندو بەواتایەکی تریش بەرابەری لەناودەچێت و سیستەمی ئاغاونۆکەردێتەکایەوە.

سەبارەت پرسی دەوڵەتیش، زنوکیتیونی (٢٦٥-٣٤٠پێش زایین) دامەزرێنەری قوتابخانەی فەلسەفی ستایزم و فەیلەسوفانی تر هیواخوازبوون (لەجیاتی دەوڵەت و چینی جۆربەجۆر، کۆمەڵگەیەکی بەرفرە دابمەزرێت کە هیچ نەتەوە، وچین، وساماندار، وهەژار.. وهیچ کۆیلەو خاوەن کۆیلەیەکی تێدا نەبێت. ئەوان پێیانوابوو ئەم دەوڵەتە بەرفرەیە پێویستە سەرتاسەری جیهان بگرێتەوەو یاساکانی هەماهەنگیان لەگەڵ یاساکانی سروشتدا هەبێت).(٣)

هەروا یەکێک لەفەیلەسوفانی تری ستایک، سینیکا Seneque (٤پێش زایین-٦٥پاش زایین). لە ستایشکردنی ژیانی کۆمەڵگەکانی رابردوودا دەڵێت : (تا سەردەمانێک کە مرۆڤ بە پاکی دەژیا پێویستییەک بە حکومەت ویاسا نەبوو. وخەڵک بەئارەزوو، وخواستی خۆیان پەیڕەویان لەباشترین وژیرترینی مرۆڤەکان دەکرد. وئەو مرۆڤە باش وژیرانەش لەرێبەرایەتیکردنی خەڵکدا بەدوای تالان وخڕکردنەوەی سامان و بەرژەوەندی شەخسی خۆیانەوە نەبوون. بەڵام کاتێک کەخەڵک خواستی موڵکداریتیان لادرووست بوو، هەڵپەی دەوڵەمەندی و ساماندارێی لای ئەوان پەرەی سەند، بوونە خۆپەرەست وخۆویست و لەئاکامدا دەسەڵاتدارانیش بوونە ستەمگەر.)(٤)

بەڵام لەسەردەمی نوێدا یەکەمین کەسێک واژەی ئانارشی بەواتای کۆمەڵگەیەکی بێ دەوڵەت بەکارهێنا جهانگەردی فەرانسەوی لۆییس ئارمان دولاهۆنتان (Lahontan, Louis Armand de)١٦٦٦-١٧١٥بوو. کەلەپەرتووکەکەی خۆیدا بەناوی گەشتە نوێکان لە ئەمەریکای باکوور باسی هیندە سوورەکانی ئەوێ دەکات کە بێ هەبوونی هیچ دەوڵەت ودامودەزگایەک وبێ موڵکدارێتی تایبەت.. چۆن ژیانی ئاسوودە، وئارام بەسەردەبەن.

لەگەڵ ئەوەدا کە لەناو بیروباوەڕە سیاسییەکاندا ئانارشیزم لە هەمووان کەمتر تیشکی لێکۆڵینەوەو تاوتوێکردنی بەرکەوتووە، زۆرجارو بەشێوەیەکی دیرۆکیش بەهەڵە پێناسەکراوە. ئەمەش چەند ئاست و هۆکاری هەیە. بەرلەهەرشت لەبەرئەوەی ئانارشیزم لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و یاساو زیندان و سزادان دامەزراوە...، زۆربەسادەیی وپەلەپروزێیانە والێکدراوەتەوە کە کەسێک خوازیاری لەناوبردنی دەسەڵاتی دەوڵەت و یاساکان بێت. دیارە تێکدەرو خراپەکارو شەڕفرۆشە. هەر لەبەر ئەمەش لەزۆربەی زمانەکاندا ئانارشیزم وەک واژەوچەمک، بە تێکوپێکدەر تەرجەکراوە. بۆنموونە لەئەدەبیاتی سیاسی عەرەبدابە(الفوضوية)، لە فارسیدا بە (هرج ومرج)، ولەئەدەبیاتی کوردی خۆشماندا بە (بەرەڵلایی) هاتووە. بەڵام ئانارشیزم لەکاتێکدا و زۆربەی هەرەزۆری جارەکان ئاشتیخوازانەو میانەڕەوانەو سروشتگەرایە، هیچکات و هەرگیز لەهیچ بیروباوەڕێکی ئانارشیستیدا نەهاتووە کەکۆمەڵگا بێ سیستەم و ڕێکخستن، لەبەرەڵاییدابهێڵرێتەوە.

هەروا بەناڕەوا، ئیتر بەئەنقەست یان لەڕووی نەزانییەوە گەلێکجار ناوی ئەنارشیزم بە نهێلیزم(٥) و تێرۆریزمیشەوە لکێنراوە. لەحاڵێکدا ئانارشیزم و نهێلیزم لە بچوکترین خاڵێکدا یەکتر ناگرنەوەو تەواو پێچەوانەودژی یەکترن.

نهێلیست وەک چەمکێکی گشتی باوەڕی بە هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی و یاسای سروشتی نییە. لەحاڵیکدا باوەڕی ئانارشیست بە مۆتیڤە ئەخلاقییەکان هێندە بەهێزە کە دوای ڕماندنی دەسەڵات بتوانێ بەردەوام بێت و بەتەونی ئازادو سروشتی، برایەتی بپارێزێت.(٦)

سەبارەت بە تێرۆریزمیش بەهەمان شێوە. وگەرچی لەهەر بیروباوەڕێکدا دەشێ باس لە توندڕەوی و میانەڕەوی بکرێت و ئانارشیزمیش لەم بنەمایە بەدەر نییە. بەڵام لەدووخاڵی سەرەکیدا لەگەڵ گشت بیروباوەڕە سیاسییەکانی تردا جیاوازە. یەکەم: بیروباوەی توندڕەوانەو بانگەشەی کوشتارووێرانی وتێرۆر..لەبەرهەمی هیچکام لەبیرمەندانی ئانارشیستدا نەهاتووە. بەڵکو هەمیشە باس دەربارەی خەباتی ڕەوای گەلان بووە. وهەرکردەیەکی تێرۆریستی لەمڕووەوە ئەنجامدرابێت، بە تاک و دەستپێشخەری تاک سنووردار بووە. دووەم: لەناو لایەنگرانی گشت ئایدیۆلۆژیا سیاسییەکاندا، کۆمۆنیزم، لیبرالیزم، کۆنسێرڤاتیزم... توندڕەوان بوونیان هەبووە. بەڵام کاتێک یەک، یان چەندکەس لەپەیڕەوانی ئەم ئایدیۆلۆژیانە، بۆنموونە کۆمۆنیستێک تیرۆری ئەنجام دابێت، هیچکات نەگووتراوە کۆمۆنیزم ئایدیۆلۆژیایەکی تێرۆریستییە.

کەچی هەرکات ئانارشیستێک وەها کارێکی ئەنجامدابێت، ئیتر نەبڕاوەتەوەو هەموو ئانارشیستەکانی جیهان خراونە خانەی تێرۆرەوە.

لیۆن چۆلگۆش کە ئانارشیست بوو، ساڵی ١٩٠١ سەرکۆماری ئەوکاتی ئەمریکا، ویلیام ماکینلی William Mckinley ترۆر کرد، ئەم کردەوەیە بووەهۆی ئەوەی لەکەی ترۆر بەتەواوی ئەنارشیستەکانی جیهانەوە بلکێنرێت. کەچی پێشترو دواتر، سێ سەرکۆماری تری ئەمەریکا بەدەستی خەڵکانی جۆربەجۆر ترۆرکران، چەندانی تریش لەهەوڵی ترۆر رزگاریان بوو. بەڵام هیچکات جگە لەخودی بکوژەکان مۆرکی ترۆر بەهیچ گرۆپێکەوەنەلکێنرا.

لەگەڵ ئەم پێشینە دیرۆکیەی ناوزڕاندنی ئانارشیزم، ئەمڕۆ تا ئاستێکی زۆر دیدی خەڵک بەتایبەتی لەسەر ئاستی ئاکادیمی و رۆشنبیری گۆڕانی بەسەردا هاتووە. و ئانارشیزم، وەک خۆی پێناسەدەکرێت. مەگەر هەندێ حاڵەتی نائاسایی کە تورکیا یەکێک لەمانەیەو بە زانابوون و وەک هەڵمەتی ڕەشکردن و بەشێک لەشەڕی پسکۆلۆژی و فەرهەنگی، ئانارشیزم و لە ناویشیدا بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردو ئایدیۆلۆژیای ئۆجالان بە ئانارشیزم و ئانارشیزمیش بە وێرانکەرو تێرۆریست و پوچگەرا پیشانی خەڵکدەدرێت.و دەزگاکانی سەر بەپارتیی دیموکراتی کوردستانیش دەکەونە ناو هەمان بازنەی ڕەش و گەمەی چەپەڵەوە. کە جگە لەلاسییکردنەوەیەکی کوێرانەو بەدواکەوتنی دەزگا فاشستەکانی دەوڵەتی ئاکەپەو کێبەرکێیەکی سیاسی ناشەرافەتمەندانە،هیچ واتایەکی تری نییە.

ئانارشیزم وەک هەر بیروباوەڕو فەلسەفەیەکی سیاسی تر، چەندان جۆری هەیە. لەمانە: ئانارشیستی گشتگەرا (کۆلێکتیڤیزم)، ئانارشیستی تاکگەرا، ئانارشیستی کۆمۆنیست، ئانارکۆ سانديکاليزم..وهیتر

لە ئانارشیزمدا بەگشتی ئەم باوەڕە هەیە کە هیچ ناکۆکییەک لەنێوان مافەکانی تاک وکۆمەڵگەدا لەئارادانییە. لەگەڵ ئەمەشدا بەشێک لە ئانارشیستەکان لەروی ئایدیۆلۆژییەوە، تاکگەرا، وبەشێکی تریش گشتگەران.

میخائیل باکۆنین (١٨١٤-١٨٧٦) و پیتەر کروپتکین (١٨٤٢-١٩٢١)، وەک بیرمەندان وڕێبەرانی ناوداری ئانارشیزمی گشتگەرا یان کۆمەڵگەیی پێناسەدەکرێن. باکونین باوەڕی بە (ئانارشیزم- کۆمۆنیزم) هەبوو. و لەگەڵ کارل مارکسدا سەبارەت لەناوبردنی موڵکدارێتی تایبەت وبەدیهێنانی موڵکدارێتی گشتی یان کۆمەڵگەیی، هاوڕابوون. بەڵام باکونین پێچەوانەی مارکس باوەڕی بەدیکتاتۆری پرۆلیتاریاو هیچ شێوازێکی تری هێزودەسەڵاتی دەوڵەت و خڕکردنەوەی دەسەڵات لە لوتکەی پیرامیدیی دەوڵەتدا نەبوو. شایانی گوتنە کە مارکس و ئێنگلس، باوەڕیان وابوو کە سوسیالیزم لەئاکامدا بەئانارشیزم، واتا کۆمەڵگەیەکی بێ دەوڵەت و بێ ساختاری چینایەتی دەگات.

باکونین دەڵێت:(کۆمۆنیزم رەتکردنەوەی ئازادییە. ومن ناتوانم هیچ شتێکی مرۆیی بێ ئازادی تەسەور بکەم. من کۆمۆنیست نیم چونکە کۆمۆنیزم دەخوازێت تەواوی دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگە هەڵمژێت و لەخۆیدا خڕکاتەوە. ئامانج ودیدی من، ریشەکێشکردنی بنەڕەتیی دەسەڵات و دەوڵەتە، کە بەبەهانەی ئەخلاق و شارستانیکردنی مرۆڤ، تائێستاتەنیا مرۆڤی پەلکێشی کۆیلایەتی، و سەرکوتکردن، و چەوساندنەوە، و بێبەشی کردووە) (٧)

(کروپتکین)یش پێیوابوو بۆ تێگەیشتن و چارەسەریی کێشە گەورە کۆمەڵایەتییەکان نابێ لە شێوازو فۆرمی دەوڵەتدا بۆی بگەڕێین بەڵکو لەخودی بناغەی دەوڵەتدا. واتا دەبێ وەڵامی ئەم پرسە بدەینەوە کە ئایا دەوڵەت پێویستە یان نا؟! و لەمڕووەوە وتەیەکی بەناوبانگی هەیە کەدەڵێت: لەبری ئەوەی کلیلی کۆمەڵگە بدەینە دەست سیاسەتمەدار، باشترە قفڵەکەی بگۆڕین.

بەڵام ئانارشیزمی تاکگەرا لەنێوان تاک وکۆمەڵگەدا ماف و ئازادیی تاک بە بنەڕەتی دەزانێت. لەمەشەوە پتر بەرەو لیبرالیزم خۆی دەنوێنێت. ئانارشیستی فەرانسەوی ئانسێلم بلگریگ (Anselme Bellegarrigue)، بەشێوازێکی توندڕەوانە دەڵێت: (من جگە لەخۆم، نکوڵی لەهەموو شتێک دەکەم. من هەم.ئەمە ڕاستیەکی ڕەهاو حاشاهەڵنەگرە. ئەوی تر هەمووی وەک X ی ماتماتیک بەشێکە لە نادیار. لەجیهاندا سوودێکی باڵاتر لەسوودی خۆم نییە. هیچ سوودێک لە جیهاندا شیاوی ئەمە نییە تۆزقاڵێک بەرژەوەندی خۆمی لەپێناودا بەخت بکەم). (٨)

بەڵام گەلێک لە تاکگەرایانی تری ئانارشیست، دیسان هەر هەمان شۆڕشی کۆمەڵایەتی و هێنانەکایەی پارسەنگ لەنێوان تاک وکۆمەڵگەیان لەخواست و دیدی خۆیاندا خڕکردبۆوە.

فەیلەسوف و کۆمەڵناسی فەرانسەوی ژۆزێف پرۆدۆن (١٨٠٩-١٨٦٥)، یەکێک لەناودارترین نموونەکانە لەمڕووەوە. ودەڵێت: هەروەک چۆن مرۆڤ عەدالەت لەبەرابەریدا دەبینێتەوە. کۆمەڵگەش سیستەمورێکوپێکی لەئانارشیزمدا(نەبوونی سەرداروسوڵتان) ئەمەیە ئەو ئانارشیزمەی

هەر رۆژ پتر لێی نزیکتر دەبینەوە.(٩)

پرۆدۆن بەجۆرێکی جیوازتر لە بلگریک تاکگەرایی هەڵدەسەنگێنێت وئەولایەنگری لەتاکی خۆویست و خۆپەرست ناکات بەڵکو لایەنگری لەوە دەکات کە تاکەکان خاوەن خواستی ئازادانەی خۆیان بن چونکە ئەگەر هەرکەس خاوەن خواستی خۆی بێت و پاشان خواستی تاکەکان پێکەوە بخرێنەکار بەسەر دەوڵەتدا زاڵ دەبن و دەڵێت:

لە دیدی حکومەتەوە پێویستە هیچ کەس خاوەن خواستی تاکی خۆی نەبێت. ئەگەر کەسێکیش هەیبێت، حکومەت ناچارە لایبدات. بیشارێتەوەو گۆشەگیری بکات، یان لەناوی ببات. ئەگەر هەمووان خاوەن خواستی تاکی خۆیان بن دەوڵەت لەناودەبەن.(١٠)

لەئانارشیزمدا هەم بیروباوەڕی ئایینی، وهەمیش بێدینی و خوانەناسی. جێگایان دەبێتەوەو گرنگ ئەوەیە کەلەگەڵ بنەماسەرەکییەکانی تردایەکبگرنەوە.

رۆماننووسی بەناوبانگی رووس لیۆن تۆلستۆی (١٨٢٨-١٩١٠)، سیمبۆلی ئانارشیستێکی مەسیحییە کە هەوڵی دەدا رۆڵی پەیامبەرێک (بێئەوەی ناوی پەیامبەر لەخۆی بنێت)، یان رێبەرێکی ئەخلاقگەرا بگێڕێت. کەلەرۆمانە بەناوبانگەکانی وەک: جەنگ وئاشتیی، ئانا کارنینا، ئاغاونۆکەر، مەرگی ئیڤان ئیلیچ... وئەوانی تردا بەباشی دەردەکەوێت.

تۆلستۆی ساڵی ١٨٥٧ کاتێک لەپاریس بەچاوی خۆی ئیعدامکردنی کەسێک بە گیۆتین دەبینێت، ئیتر گیۆتین لای ئەو دەبێتە سیمبۆلی زوڵم وزۆرداری وهەراسی دەوڵەت وبۆهەمیشە هەردەسەڵاتێکی دەوڵەتیی لەپێش چاو دەکەوێت و دەڵێت: دەوڵەتی نوێ جگە لەپیلانگێڕیی و یەکدەستی لەپێناو دەرکێشانی سوودی خۆی لەخەڵک ولەویش گرنگتر، لەپێناو گەندەڵکردنیان بەولاوە شتێکی تر نییە. من لەیاسا ئەخلاقیەکانی مەزهەب تێدەگەم کە زۆرەملێ لەکەس ناکات. بەڵام هانی خەڵک بەرەو پێش و بەڵێنی ئایندەیەکی باشتریان پێدەدات. هەروا یاساکانی هونەریش بەباشی هەست پێدەکەم، کە هەمیشە شادی بەخشن. بەڵام یاسا سیاسییەکان وەها وەک درۆی شاخدار خۆیان دەنوێنن، کە تێناگەم چۆن بە هەندێکیان بڵێین باش و بەوانی تریش خراپ... من لێرە بەدوا هەرگیز خزمەت بەهیچ حکومەتێک ناکەم.(١١)

تۆلستۆی لایەنگرو موریدی لەسەرتاسەری جیهاندا هێجگار زۆر هەبوو، بەڵام لەهەمووان گرنگترو ناودارتر، مهاتما گاندی بوو. کە راپەڕینە ئاشتیخوازانەکەی بەشێوازی تۆلستۆیی ولەژێر کاریگەریی بیروباوەڕەکانی ئەوداهەڵگیرساندوسەریش کەوت.

ئانارشیزم لەنیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا بە ئاست و قۆناغی جیاواز لەوڵاتانی ئەوروپایی وەک روسیا، فەرانسە، بەریتانیا ئیتالیا، ئیسپانیا، ئەلمانیا... پەرەی سەندو بڵاوبوونەوەی بەخۆیەوە دیت و کاریگەریی لەسەر بزووتنەوە کرێکاریی و خوێندکارییەکاندا داناو، لەسەر ئاستی رۆشنبیریش لەبوارەکانی وەک رۆژنامەوانی و هونەرو ئەدەبیاتدا... چالاکی بەرفرەیان ئەنجامداو دەستکەوتی مەزنیان بەدواداهات.

کاریگەریی بیروباوەڕی ئانارشیستی بۆوڵاتانی تری جیهان لەئاسیاو دوو ئەمەریکای باکورو باشور، ئەفەریقا گواسترایەوەو راپەڕین و شۆڕشی مەزن لەسەر بنەمای ئانارشیاستی روویاندا. سەرەڕای شۆڕشی هیند بە رێبەرایەتی گاندی، بزووتنەوەی زاپاتا بەسەرکردایەتی ئەمیلیانۆزاپاتاسالازار(١٨٧٩-١٩١٩)، دژی ڕژێمی دیکتاتۆری پروفیرۆ دیاس، دیسان ڕاپەڕینێکی ئازدیخوازانەی ئانارشیستی بوو. زاپاتا لەو راپەڕینەدا خوازیاری دەوڵەت و بەدەستخستنی دەسەڵات نەبوو. بەڵکو رێبەرایەتی گوندنشینانی لەپێناو بەدەستخستنی ئازادیی و هێنانەکایەی بوارو دەرفەت بۆ ژیانێکی سروشتی سادەی هیندەسوورەکان دەکرد.

هەروا بەشێکی زۆر لە بیروباوەڕی ئانارشیستان کە بەدرێژایی سەدەکانی رابردوو، خوازیاری بوون و بانگەشەیان بۆکردووە،ئەمڕۆلەیاسایوڵاتانیخۆرئاوادا وەک پێویستییەک خۆیان سەپاندووە: کەمکردنەوەی دەسەڵاتی نێوەندیی دەوڵەت و دابەشکردنی ئەو دەسەڵاتە بەسەر هەرێم و ناوچەو شارەکاندا.. ئەمڕۆ لەزۆر وڵاتانی جیهان، بەتایبەتی خۆرئاوادا لەچوارچێوەی دەسەڵاتی شارەوانییەکان، فیدرالیزم، و کۆنفیدرالیزمدا بەڕێوەدەچێت. دیسان هەماهەنگی درووستکردنی پارسەنگ لەنێوان گوندوشاردا. پەرەسەندنی سروشتگەرایی و پەرەسەندنی خەمی خراپبوون وپیسبوونی ژینگەو هەوڵدان بۆ خاوێنکردنەوەی و گێڕانەوەی بۆ ئاستەکانی ڕابردووی، کۆنتڕۆڵکردنی زۆربوونی ژمارەی دانیشتووان وڕێگرتن لەگەورەبوونی هەرچی زۆرتری شارەکان و هەوڵدان وهاندانی پەرەسەندنی کشتوکاڵ ونزیکتر بوونەوەی مرۆڤ لەئاژەڵ وەک دۆستی دێرینەی خۆی و پاراستنی ژیان ومانەوەو حەوانەوەی سروشتیان... هەموو لەریشەوە بیروباوەڕی ئەنارشیستین کەرۆژگارێک گاڵتەیان پێدەکرا

ئەمڕۆبوونەپێویستییحاشاهەڵنەگر.

هەرواگۆڕانکاریزۆرلەیاسای سزاکاندا، و چۆنیەتی مامەڵکردن لەگەڵ تاوانباراندا. و بارودۆخی زیندانەکان لەوڵاتانی خۆرئاوا هەموو بە ئاقارێکدا دەڕۆن کە پێشتر تەنیا لەبیریئانارشیستەکاندابوونیانهەبووە.

ئیتر لەجیهاندا بیرو باوەڕی ئانارشیستی و ئانارشیستبوون، شتێک نییە مرۆڤەکان پێیان شەرم بێت یان ترسیان لەئاشکرابوونیدا هەبێت. ئەم پارتە سیاسییانەی ئەمڕۆ پێیاندەگوترێت چەپی نوێ، وڕاستی نوێ، تائاستێکی زۆر بیروباوەڕی ئانارشیستی پەیڕەودەکەن. و بیرمەندانی مەزن بە ناسنامەی ئانارشیستی خۆیان دەناسێنن کەدەتوانین نموونەی بیرمەندانی هاوچەرخی ئانارشیزمی وەک فەیلەسوف و بیرمەندی ئەمریکایی نئۆم چومسکی بهێنینەوە، کە لەهەندێ بۆنەدا لایەنگری خۆی بۆ دۆزی کوردو بزووتنەوە ئازدیخوازییەکەینیشانداوە.

بنەماسەرەکییەکانیئانارشیزم:

لەگەڵ ئەوەدا کەهەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد ئانارشیزم زۆرجۆرو فۆرم و مۆدێلی هەیە، لە توندڕەوە بگرە تا میانەڕەو، لەخواپەرستەوە تا بێ دین و خوانەناس، لەتاکگەراوە تا گشتگەرا، لە کۆمۆنیستەوە تا لیبرال... بەڵام هەموو ئەمانە جیاوازییەکانیان چەندە بێت، بۆئەوەی پێناسەی ئانارشیست بیانگرێتەوە دەبێ لانیکەم لەچەند خاڵی سەرەکیدا کۆک وهاوڕابن.لەمانە:

١- ڕەتکردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت: کرۆکی بیروباوەڕی ئەنارشیزم بریتییە لەڕەتکردنەوەی هەرجۆرە دەسەڵاتێکی زۆرەملێیانە کەلەلایەن مرۆڤەوە بەسەر مرۆڤدا پەیڕەوبکرێت. ولەبەرئەمەش کە دەسەڵاتداریتی دەوڵەت بە شێوازە باوەکەی زۆرەملێیانەیە،کەواتەلەبیریئەنارشیستیدا ڕەتدەکرێتەوە. ویلیام گادوین کە بە

**لەجیهاندا فۆرم و مۆدێلی جۆربەجۆر لەنێوەندگەرایی هەیە، لەهەندێ لەم جۆرانەدا دەسەڵاتی تەواوی دەوڵەت لەدەست تاکێکی دیکتاتۆردا یە**

بنیاتنەری ئەنارشیزمی مۆدێرن دادەنرێت، ولەپەیڕەوانی عەقڵگەرایی فەلسەفی سەدەی هەژدەهەم و باوەڕی بەپێشکەوتنی مرۆڤ بەرەو عەقڵانیەتێکی بەرفرەتر هەبوو، پێیوابوو کە دەوڵەت عەقڵی مرۆڤ سنووردار دەکات ودەیگوت کە (مرۆڤ بەشێوازێکی ناعەقڵانی ڕەفتاردەکات، چونکە دامودەزگا باوەکانی کۆمەڵگە بەرەو لادان لەعەقڵ وهۆشیاری دەبەن...)(١٢)

هەروا گادوین، باوەڕی وابوو کە حکومەت دەبێ لەناو بچێت. چونکە سەرچاوەی زۆربەی تاوان، و بێعەدالەتی و کێشەکانە. و پێوابوو کە بۆ ڕزگاربوون لەم دۆخە نالەبارە پێویستە تاکەکان لەگروپی بچوکدا کۆمۆن پێک بهێنن و بە هاوکاری ئازادانەو ڕۆشنبیرانە ژیانێکی نوێی بێ زوڵم وزۆر وکۆمەڵگەیەکی بێ ساختاری چینایەتی وحکومی دابمەزرێنن.. بەڵام بەشێک لە ئانارشیستەکان تا ئەو جێگایە دەڕۆیشتن کە تەنانەت حزبیشیان هەر بەبەشێک لەدەسەڵاتی سەرکوتگەرا، دەزانی و پێیانوابوو، کە حزبیش لەئاکامدا مرۆڤ کۆتوبەندی بەرژەوەندی و خواستی دەسەڵاتگەرایی خۆی دەکات و کەسایەتی و ئازادیەکەی لێ زەوتدەکات. باکۆنین یەکێک لەوانەبوو کە سەرسەختانە دژی هەرجۆرە شێوازێکی حزبایەتیبوو.

٢- ڕەتکردنەوەی نێوەندگەرایی دەوڵەت: لەکاتی لێدوان لەپرسی دەوڵەت و هەژموونگەراییەکەیدا، ڕووبەڕووی دوو چەمکی نێوەندگەرایی (Centralisation) و نانێوەندگەرایی (Decentralisation) دەبینەوە. لەنێوەندگەراییدا هەرچی زۆرتر دامودەزگا خاوەن سەلاحیەتە باڵاکانی دەوڵەتلەیەکنێوەنداخڕدەبنەوەوتەواوی یان زۆربەی دەسەڵات و بڕیارە سیاسی، ئابووری، بەڕێوەبەرایەتی، مافناسیەکان.. کەسەرتاسەری وڵات دەگرنەوە دەکەونە دەست ئەو نێوەندانە. ئەمڕۆ لەجیهاندا فۆرم و مۆدێلی جۆربەجۆر لەنێوەندگەرایی هەیە. لەهەندێ لەم جۆرانەدا دەسەڵاتی تەواویدەوڵەتلەدەستتاکێکیدیکتاتۆردا خڕدەبێتەوە. یانیش ئەودەسەڵاتە بەکۆمەڵێک یان پارتێک، سنووردار دەبێت. لە ناو سێ هێزی دەسەڵات (یاسادانان، ڕاپەڕاندن، دادوەریی)، یەکێکیان باڵادەستی پەیدا دەکات و بەلاوازیی هێزو دەسەڵاتەکانی ترکۆتایی دێت.

ئانارشیزم دژی دەوڵەتی نێوەندگەرایە، و لەبەرئەوەی هەر لەڕیشەوە دەسەڵاتی دەوڵەتیی باوی قبوڵ نییە. و لەپێناو ڕکێفکردنی ئەو دەسەڵاتەدا،

پەنا بۆ نانیۆوەندگەرایی کەلەوێدا دەسەڵاتە جۆربەجۆرەکان بە شێوازی جۆربەجۆری وەک هەرێمەکانی شارەوانی، ئۆتۆنۆمی، فیدرالیزم، وکۆنفیدرالیزم ... دابەشبکرێت دەبات. چونکە لە سیستەمی نانیۆوەندگەراییدا، سەربەخۆیی، ئازادیی، رەچاوکردنی تایبەتمەندیی، وفرەیی... باشتر رێزی لێدەگیرێت ودەپارێزرێت.

٣- پرسی موڵکدارێتی: ئانارشیستەکان بەگشتی، موڵکدارێتی تایبەت و سیستەمی ئابووریی لەسەربنەمای مونافەسە رەتدەکەنەوە وپێیانوایە سیستەمی هاوبەشی (Cooperative). ئەو ئەلتەرناتیڤەیە کەدەتوانێ نیاز وپێویستییەکانی مرۆڤ دابین بکات. بۆ ئەوەی یەکێک ساماندار بێت و یەکێکی تریش هەژار. هەروا ئانارشیستەکان پێیانوایە سیستەمی ئابووری مونافەسەیی، هەژاری وبێدەرەتانی خوڵقاندووەو هیچ کاتیش پێی چارەسەر نابێت. وئەم سیستەمە بۆ بەردەوامی دەوڵەتی دەسەڵاتدارو چەوسێنەر پێویستە چونکە پارێزگاریی لەئاغاو نۆکەرایەتی دەکات. ئانارشیستی تاکگەرای ئەڵمانی ماکس شتیرنر(Max Stirnr) ١٨٠٦-١٨٥٦ دەڵێت: دەوڵەت بەبێ هەبوونی ئاغاونۆکەر، شیاوی تەسەورکردن نییە. چونکە دەبێ دەوڵەت بخوازێت ئاغای گشت ئەوکەسانە بێت کەدەیانگرێتەوە. ئەم خواستەش پێی دەگوترێت خواستی دەوڵەت. کارگەران گەورەترین هێزیان لەبەردەستایە ئەگەر هۆشیاری تەواو بەدەست بخەن و بەکاری بهێنن. هیچ شتێک پێشیان پێناگرێت. دەوڵەت لەسەر بەکۆیلەکردنی هێزی کار دامەزراوە. ئەگەر هێزی کار ئازادبێت، دەوڵەتێک لەئارادا نامێنێت.(١٣)

٤- سروشتگەرایی Ecologism: سروشتگەرایی ئانارشیستی لەو باوەڕەدایە کە سروشت یەکەیەکی پێکەوە بەستراو، ولەیەک دانەبڕاوە. کەهەم گیانداروهەمیش بێ گیان لەخۆی دەگرێت. ولەگەڵ چەمکی ژینگەپارێزیدا جیاوازە.

ژینگەپارێزیی لەچوارچێوەی ریفۆرمخوازییدا سەبارەت ژینگەو

> **ئانارشیزم، سرووشتگەرایی وەها هەڵدەسەنگێنێت کە شارستاییەت نابێ بریتیی بێت لە مەزنبوونی هەرچی زۆرترینی شارەکان**

کێشەو قەیرانەکانی پەیوەستەی چالاکیەکانی مرۆڤ، کاردەکات. لەکاتێکدا سروشتگەرایی ئایدیۆلۆژیایەکەکەبەگشتی دوو لکی لێدەبێتەوە. یەکەم: سروشتگەرایی قوڵ (Deep ecology). لەم جۆرە سرووشتگەراییەدا باوەڕ وایە کەسروشت لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە وتەنانەت لەمرۆڤیش باڵاترە. دووەم: سروشتگەرایی رووکەشی (Shallow ecology) ، لەم جۆرەیاندا ئەو باوەڕە لەئارادایە، کە پێویستە هەماهەنگیی و پارسەنگیی لەنێوان خواست و پێویستییەکانی مرۆڤ وسروشت لە ئارادا بێت. (١٤) بەجۆرێک کە هەمیشە سروشتمان خۆش بوێت وخۆمان بەبەشێک لەو بزانین، و بپارێزین و تێکی نەدەین. چونکەلەئاکامدا پاراستنی سروشت بەسوودی مرۆڤایەتییە. بەواتایەکی تر مرۆڤ بۆی نییە لەپێناو هیچ سوودێکی خۆیدا زیان بەسروشت بگەیەنێت. چونکە سوودێکی وەها هەر لەبناغەوە بوونی نییە. وئەگەریش باس لەبەدەستخستنی سوودی مادی بێت. ئەوەتاڵانی سروشتە نەک سوودوەرگرتن.

هەروا ئانارشیزم، سرووشتگەرایی وەها هەڵدەسەنگێنێت کە شارستاییەت نابێ بریتیی بێت لە مەزنبوونی هەرچی زۆرترینی شارەکان، بەبایەخی تێکدانی ژیانی کشتوکاڵی وگوندنشینی وئاژەڵداریی. چونکە پیشەسازیی مۆدێرن سنووربەزاندنی وڵاتانی بەرەو دیتنەوەی هەرچی زۆرتری بازاڕو هەڵپەی قازانجی مادیی و پشتگوێخستنی هەموو بایەخە مرۆییەکان بردووە، ومرۆڤی بەسروشتی فیتری خۆی و خواستە سروشتییە ڕەواکانی نامۆکردووە. وبەرەوجیهانی گۆشەگیریی ولەبیرچوونەوەی بایەخەئەخلاقیەکان وهەستی مرۆڤدۆستیی بردووە. گەڕانەوە بۆسرووشتی بێگیان و توندوتۆڵکردنەوەی تەوەنەکانی پەیوەندیی بەم سروشتەوە، گێڕانەوەی بایەخ و چێژی ژیانەبۆگیاندارانیش.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بەگشتی سێ رەخنەی سەرەکی لەلایەن بیرمەندان و شارەزایانی زانستی سیاسەتەوە ئاراستەی ئانارشیزم دەکرێت:

یەکەم: لەناوبردنی دەوڵەت و دامودەزگاکانی و هەرجۆرە دەسەڵاتێکی سیاسی بەژیانی حزبایەتیشەوە واقیعبینانە نییە. دووەم: باوەڕهێنان بەوەی مرۆڤ بەسروشتی خۆی هێندەباشە کەبێ هەبوونی هەرجۆرە دەسەڵات و لێپرسینەوەیەک بەسەریەوە، دەتوانێ خۆی بەباشترین شێواز

بەڕێوەبەرێت گەشبینییەکی یۆتۆپیاییە.

سێهەم: لەبەرئەوەی ئانارشیستەکان باوەڕیان بە هەڵبژاردنی پارلەمانی و پرۆسەی دەنگدان و بەدەستهێنانی پلەوپایەی دەوڵەتی نییە، ناچارن هەمیشە هەر خەریکی شۆڕش و ڕاپەڕین و یاخیبوون بن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەدا بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین کە ئانارشیزم لەیەک کاتدا هەم بیروباوەڕو ئەزموونی بایەخدارو شایستە کەشیاوی پەیڕەوکردنن لەخۆی دەگرێت. هەمیش بیروباوەڕگەلێک کە جێگای سەرنج ورەخنەو پێداچوونەوەو بگرەرەتکردنەوەشن.

ئێستا کاتێک بەکورتی ئانارشیستمان ناساند، و خەسڵەت و بنەماسەرەکیەکانی وهەندێ لەتایبەتمەندی و جیاوازی نێوان پێشڕەوان و بیرمەندانیانمان تاوتوێ کرد، دەبێ هەر لەم چوارچێوەیەدا وئەوەندەی بۆ ئەم بابەتە پێویستە هەندێ لەتایبەتمەندی وخەسڵەت و بنەماسەرەکییەکانی فەلسەفەی ئۆجالانیش بخەینەڕوو.

بەرلەهەرشت ئەوەندەی پەیوەندی بەپرسی ئایدیۆلۆژیاوە هەبێت، ئۆجالان هیچ کات خۆی دیل وکۆتوبەندی هیچ ئایدیۆلۆژیایەک نەکردووە کە تووشی چەقبەستنی فکری و دۆگماو یۆتۆپیاییمان بکات. بەڵکو خەسڵەتی سەرلەبەری بیرکردنەوەکەی ئەمەیە کە ئازادانە، خوڵقێنەرانە، ڕەخنەگرانە وشیاوی گۆڕان و ڕاستکردنەوەو هەمووارکردنە. ولەم ئایدیۆلۆژیایەدا هەر بیروباوەڕێک شایستەی مرۆڤایەتی بێت، بێ گوێدانە ئەوەی داخوا پێشتر لەچ بیروباوەڕێکی تردا هاتووە، خوڵقێنەرانە داڕێژراوەتەوە. و هەر باوەڕێکیش چەندە پیرۆز خۆی نواندبێت، کاتێک لەبواری کرداریدا شیاوی جێبەجێکردن نەبووبێت، یان ئامانجە خوازراوەکان لەمیانیەوە بەدینەهاتبن پیرۆزیەکەی نەماوە ودەستی لێهەڵگیراوە. چونکە لای ئۆجالان (فکرو گوفتارو کردار ئەو سێ هێمایانەی شکۆمەندین کە هەرگیز لەیەکتر جیانابنەوە.)(١٥)

فەلسەفەی ئۆجالان ئەخلاقگەرایانەیە. هەرلەبەر ئەمەیە کە لەچەندان شوێن و بۆنەدا هێرشی ڕەخنەگرانە دەکاتە سەر پۆزێتیڤیزم. چونکە پۆزیتیڤیزم تیۆری وچەمکەکانی بایەخ و ئەخلاق بە پوچ و بێواتا لەقەڵەم دەدات. فەیلەسوف و بیرمەندان بەدوورکەوتنەوەو دەستهەڵگرتن لەپرسە سیاسییە ئەخلاقیەکان هاندەدات. وهەوڵدەدات زانستێک بۆسیاسەت بنیاد بنێت کەدووربێت لەهەرجۆرە بایەخێک. لە پۆزێتێڤیزمدا مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ وەک دادەو ژمارەی حسابی دەکرێت. و هەرلەبەر ئەمەیە کاتێک باس لەچارەسەرکردنی پرسێکی سیاسی و دەستکەوت دەکرێت، گرنگ نییە داخوا بەچ بایەخک دەبێت. لەحاڵێکدا لەبزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردا ولەبەر ڕۆشنایی فەلسەفەی ئەخلاقگەرای ئۆجالان ، جێگای ناپاکی و خیانەت و گەندەڵی و دزی... نابێتەوە. دەستکەوتی سیاسی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئایندەی مرۆڤ لەو دەستکەوتەدا هیچ واتایەکی نییە.

لە باوەڕی ئۆجالاندا سیاسەت و ئەخلاق دوو پێویستی حەتمی یەکترن، و هەرکات ئەم دووانە پێکەوە نەبن، کۆمەڵگایەک هەبوونی نابێت. ودەڵێت: ئەگەر ئەخلاق وسیاسەت نەبن، کۆمەڵگاش نابێت. تەنانەت ئەگەر هەشبێت، جگەلەکۆمەڵێکی بێ فۆرم وشێوە هیچ ماناو گوزارشتێکی دیکەی نابێت. ئەگەر ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە بوونیان هەبێت، تەنیا ئۆبژەی کەرەستەی کۆمەڵگاکانی دیکەن. (١٦)

فەلسەفەی ئۆجالان، لەبەر ئەم خەسڵەتەی، لەناو بزووتنەوەی سیاسی کورد، لەسەر ئاستی هەرچوارپارچەکەیدا، ولەسەر ئاستی دیرۆکیش ، تاک و بێ هاوتاو بێ وێنەیە. هەرلەبەر ئەمەیە کە هێزە نەریتییەکانی ناو گۆڕەپانی سیاسی کوردستان، چەندە بەئاسانی خیانەت، خۆفرۆشی، دزی وگەندەڵی، ساختەکاری دەکەن. چونکە لای ئەوان، دەستکەوتی سیاسی،پلەوپایە،ساماندارێ..بایەخی هەیە نەک مرۆڤ.وئەخلاقی مرۆڤایەتی.

ئۆجالانیش، وەک هەر ڕێبەرو بیرمەندێکی سیاسی سیاسەت بەڕێوەدەبات و خواست و بەرژەوەندیی و دەستکەوت لەبەرچاودەگرێت، بەڵام دەستکەوتی درێژخایەن وهەمیشەیی، دەستکەوتێک کەلەناوەرۆکدا ئابڕوومەندیی و شکۆ بۆمرۆڤی کورد بگێڕێتەوە، نەک دروشم و ناونیشانی کاتیی ڕواڵەتی.

فەلسەفەی ئۆجالان بەبەراووردلەگەڵ تەواوی ئایدیۆلۆژیاکانی مرۆڤایەتیدا، ئەو ئیمتیازە گەورەیەشی هەیە کە ئەوەی مارکسیزم،لیبرالیزم،ئانارشیزم...سەبارەت ڕەنج و ڕۆڵ و پێگەی ژن بەدرێژایی دیرۆک نەیاندیت ، مەگەر چەند دانە دەستەواژەی کلێشەیی تیۆریی، کەتەنیا بەمەبەستی پڕکردنەوەی بۆشایی لەڕستەدا گوتراون. تەنانەت فێمێنیزمیش نەیتوانی کێشەی ژن وەک خۆی پێناسەبکات ولەبواری کرداریدا، پێگە شایستەکەی بۆبگێڕێتەوە. بەڵام ئۆجالان ئەوەی گووتی لەسەر گۆڕەپانی کرداریش ئەنجامیدا، ئەمڕۆ هەمووجیهان شکۆمەندیی ژنی کورد بەچاوی خۆی لەژێر سێبەری ئەو بزووتنەوەیدا دەبینێت کە

ئۆجالان ڕێبەرایەتی دەکات.

لەگەڵ ئەوەدا کە ئۆجالان پێیوایە (هیچ سیستەمێکی چەوسانەوە بەبێ دەسەڵات و دەوڵەت بەدینایەت.)،(١٧) بەڵام نەبەشێوازی ئانارشیستەکان ڕەتیدەکاتەوە، و نە وەک لایەنگرانی دەوڵەت- نەتەوەش بەخواوەندی سەرزەوی دەزانێت. بەڵکو ئەو پێیوایە کە: ڕەتکردنەوە یان پەسەندکردنی گشتی دەوڵەت، خزمەت بە ئامانجەکانی ئازادی، یەکسانی و دیموکراسی ناکات. دەربازکردنی دەوڵەت، بەتایبەتیش تێپەڕکردنی دەوڵەت- نەتەوە مەسەلەی پرۆسەو قۆناخێکە. چەندە کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی باڵابوون و توانای چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکان بسەلمێنێت ئەوا دەوڵەت- نەتەوە لەخۆیەوە دەربازدەکرێت.(١٨)

ئۆجالان لەمە بەولاوەرتریش دەڕوات و پێیوایە کە گرنگ دامەزراندنی سیستەمی کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتییە، و هەرکات ئەمە دامەزراو بوو بەخاوەن دامودەزگای دیموکراتیک و هێزی پاراستنی خۆی، ئیتر هیچ مەرج نییە کە پێویستی بەشەڕ لەگەڵ دەوڵەت نەتەوەدا هەبێت، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەتوانن لەپێکەوەژیاندا بەسەر بەرن. ودەڵێت: (پەیوەندی کۆنفیدراسیۆنی دیموکراتی لەگەڵ دەوڵەت- نەتەوەکان نەتاکۆتایی شەڕە، نە ئاسیمیلەبوونە لەناویاندا. بەڵکو پەیوەندییەکی بەپرەنسیپانەیە کەڕەوابوونی یەکتر پەسەندەکەن و لەناو هەلومەرجێکی ئاشتیدا بەیەکەوە ژیان و تەبایی بەبنەما دەگرن)(١٩)

تەنانەت لەسایەی دەوڵەت نەتەوەشدا، پێچەوانەی ئانارشیستەکان خەباتی دیموکراتیک، وبەشداری لە دەنگدان و هەڵبژاردنی پەرلەمانی، بەکارێکی ڕەوا دەزانێت و پێیوایە کە لەم جۆرە دۆخانەدا و لەپێناو بەرفرەکردنی بازنەی خەبات سوود لەهەردەرفەتێکی دیموکراتیک وەربگیرێت.

لەکۆتایی ئەم باسە کورتەدا بەپێویستی دەزانم ئەم ئاماژەیەش بکەم، کەئەگەر بخوازین لەناو بزووتنەوەی کوردا بە هەموو ڕەنگەکانییەوەو لەسەر ئاستی گشت پارچەو پارتە سیاسییەکانی، ئایدیۆلۆژیای ئۆجالان بخەینە تای تەرازووی هەڵسەنگاندن ئایا ئایدیۆلۆژیاو بیروباوەڕێکی تر هەیە کە شایستەی ئەمەبێت بخرێتە تایەکەی تری ئەم تەرازوویە؟ ئایا خاوەن پلەو پایەکانی ناو پارتی دیموکراتی کوردستان کاتێک باسی فکرو بیروباوەڕو ئایدیۆلۆژیا دەکەن لە پەیڕەوکردنی سیاسەتدا بۆخۆیان دەزانن خاوەنی چ بیروباوەڕێکن؟ ئەگەر ئانارشیزم وەک ئەوان پێیانوایە بەواتای پوچگەرایی ویۆتوپیایی و بەرەڵلایی بێت... ئەمە خۆیان دەگرێتەوە. ئەوە پارتییە کەلەشێوازی گروپێکی ئۆلیگارشی دەسەڵاتدار لەناو حزب وحکومەتدا، بەردەوام خەریکی تێکوپێکدانی بزووتنەوەی کوردو بەفیڕۆدانی خەبات وقوربایدانەکەیەتی. ئەم کێشە ناوخۆییەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد کەبەردەوام وزووزوو سەرهەڵدەداتەوە، بەر لەهەرشت کێشەیەکی ئایدیۆلۆژییە. کێشەی نێوان مۆدێلێکە کە خاوەنی ئایدیۆلۆژیایەکی ئەخلاقگەرای پتەو ورۆشەنە، و ئۆجالان دامەزرێنەرەکەیەتی. ومۆدێلەکەی تریش کەخاوەنی هیچ ئایدیۆلۆژیایەک نییە، وپارتی ڕێبەرایەتی دەکات. کێشەی نێوان مۆدێلێکە کە سیاسەت لەسەر بنەمای لەبەرچاوگرتنی بایەخ بۆمرۆڤ پەیڕەودەکات. ومۆدێلێکیش کەهەلپەرەستانە و بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ بایەخێکی ئەخلاقی، لەپێناو بەدەستخستنی بچوکترین بەرژەوەندیدا پەنا بۆهەر کارێک دەبات. لێدوان لەم بابەتە پتر دەرفەت دەخوازێت و بابمێنێت بۆکاتێکی تر.

سەرچاوەوپەراوێزەکان:

١- جورج وودکاک، آنارشیزم، ترجمە: هرمز عبدللهی، انتشارات معین، تهران-١٣٦٨ ص١٧

٢- دکتر ابوالقاسم طاهری. تاریخ اندیشەهای سیاسی در غرب. نشر قومس. تهران-١٣٨٢ ص١٠٨

٣- عبدالرحمن عالم. تاریخ فلسفە سیاسی غرب. تهران-١٣٧٦ ص١٧٤

٤- بهاءالدین پازارگاد، تاریخ فلسفە سیاسی. نشر گلشن. تهران-١٣٥٩ ص٨٨

٥- نهێلیزم: بەواتای پووچگەرایی، یان هیچگەرایی کەلە واژەی لاتینی (Hili)، کەبەواتای (هیچ) دێت. وەرگیراوە.

٦- جورج وودکاک، سەرچاوەی پێشوو ل١٩

٧- فیلیپ پی. وینر- آیزایا برلین. فرهنگ اندیشەهای سیاسی، برگرفتە از فرهنگ تاریخ اندیشەها، ترجمە: خشایار دیهیمی. نشرنی، تهران-١٣٩٢ ص٢٦٧

٨- جورج وودکاک، سەرچاوەی پێشوو ل٣٧٢

٩- هەمان سەرچاوە ل١٦

١٠- جورج وودکاک، سەرچاوەی پێشوو ل١٣٥

١١- هەمان سەرچاوە ل٣٠٤

١٢- فیلیپ پی.وینر-آیزایا برلین، سەرچاوەی پێشوو ل٢٦٣

١٣- هەمان سەرچاوە ل٢٦٦

١٤- بۆ زۆرتر زانیاریی، بۆنموونە بڕوانە: اندرو هیوود، مفاهیم کلیدی در علم سیاست. مترجمان: حسن سعید کلاهی وعباس کاردان. حنتارات علمی وفرهنگی تهران ١٣٩١

١٥- عەبدوڵلا ئۆج ئالان، مانیفێستۆی شارستانی دیموکراتی، پەرتووکی چوارەم. قەیرانی شارستانی لەخۆرهەڵاتی ناوین، چارەسەری شارستانی دیموکراتی. وەرگێڕانی: لوقمان عەبدوڵا. چاپخانەی ڕەنج-٢٠٠٩ ل٤٠٩

١٦- هەمان سەرچاوە ل٨٢

١٧- هەمان سەرچاوە ل

١٨- هەمان سەرچاوە ل٤٧١

١٩- هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

# گەل لە باشووری کوردستان مێژوو دەنوسێتەوە

ئازادیی کۆمەڵگە
دوران کاڵکان



ئەو پێواژۆیەی لەباشووری کوردستان بەریفراندۆمی ٢٥ی ئەیلول دەستی پێکرد و بەهێرشی دەوڵەتی عێراق لە١٦ی ئۆکتۆبەردا بۆ سەر باشووری کوردستان هاوسەنگیە سەربازی و سیاسیەکانی بەڕەنگێکی ڕیشەیی گۆڕی، بەو سەرهەڵدانانەی گەلەکەمان لە باشوری کوردستان لە١٧ی کانوونی یەکەمدا لەبەرامبەر»گەندەڵی و بەرتیل» دەستی پێکردووە گەیشتۆتە قۆناغێکی نوێ. چالاکیەکانی گەل، زیاتر لەسنوری ڕانیە و قەڵادزێوە بۆ ناوچەکانی هەڵەبجە و کەرکوک بەرفراوان دەبێت. ئەم چالاکیانە زۆر ئاشکرا لە دژی ئەو بەڕێوەبەرایەتیەیە کە تا قورقوڕاگە لەگەندەڵی و بەرتیلدا غەرقبووی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) بەڕێوەدەچێت و سیاسەتی نۆکەری و زۆرداریی ئەو هێزانە بەئامانج دەگرێت. چالاکوانان خوازیارن بەڕێوەبەرانی ئێستای هەولێر دەست لەکار بکێشنەوە و بەڕێوەبەرایەتیەکی دیموکراتی کە پاراستنی باشووری کوردستان بکات، ئاوا بکرێت. لەباشووری کوردستان زۆر بەئاشکرا و کاریگەر پێواژۆی شۆڕشێکی دیموکراسی دەبینین. گەلەکەمان لە باشووری کودستان، بەتەواوی واتا مێژوو دەنووسێتەوە. فینالی ساڵی ٢٠١٧ کە ساڵی شەڕ و دەستکەوتی گەورەبوو دەبێتە شۆڕشی دیموکراسی لەباشووری کوردستاندا.

> **گەلی ڕاپەڕین؛ سەرهەڵدانێکی مێژوویی وای دەستپێکردووە کە زۆر گۆڕانکاری گرنگ لە باشووری کوردستان و ئێراقدا دەئافرێنێت**

ئەو ناوچانەی سەرهەڵدانی ئێستای باشووری کوردستانی لێ بەرپا دەبێت، پێی دەوترێت هەرێمی ڕاپەڕین. گەلی ڕاپەڕینە سەرهەڵدانێکی مێژوویی وای دەستپێکردووە کە زۆر گۆڕانکاری گرنگ لە باشووری کوردستان و ئێراقدا دەئافرێنێت. هەرچەندە ئەم گەلە ڕاپەڕیوە خاوەنی کین و کاردانەوەیەکی گەورەش بێت، لەهەمان کاتدا لەئامانجەکەیدا زۆر ڕوون و ڕێکخستنی هەڵسوکەوت دەکات. بۆ نموونە تاڵان و دزی ناکات، هەر جێیەک دێتە بەردەمی نایسوتێنێت و ناڕوخێنێت. بەپێچەوانەوە داواکاری زۆر دیاری وەک «حکومەت پێویستە دەست لەکار بکێشێتەوە» پێشکەش دەکات و دامودەزگاکانی دەوڵەت تێکدەدات. لەبەرامبەر ئەمەدا چاودێری دەکرێت کە هێزەکانی پێشمەرگە و ئاسایشی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) لەهەندێک شوێن لەبەرامبەر چالاکوانان بەتوندی وەڵام دەدەنەوە و بەچەک هێرشی خۆپیشاندەران دەکەن. وەک دەزانرێت سەرهەڵدانەکان بەم هۆیەوە تا ئێستا زیاتر لە ٥ شەهید بوونە و سەدان کەسیش بریندار بوونە. لە هەمان کاتدا باسی بەسەدان کەسی دەستگیرکراو دەکرێت لەلایەن

هێزەکانی حکومەتەوە. بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە کۆمەڵگا لەئامانجەکەی و بەردەوامکردنی ڕاپەڕینی مژاری باسدا زۆر بەبڕیار دیارە.

باشە ئەم ڕەوشە بەرەو کوێ دەڕوات؟ ئەم پێواژۆیەی کە مژاری باسەکەمانە چۆن بەردەوام دەبێت؟ لە داهاتوودا چ ڕوداوو و پێشهاتگەلێک ڕوودەدەن؟ گەرچی مرۆڤ لە ئێستاوە بۆ وەڵامی پرسیارگەلی بەم جۆرە شتێکی زۆر ڕوونیش نەڵێت، دەتوانێت زۆر بەئاسانی بڵێت ئەم پێواژۆی شۆڕشی دیموکراتییەی دەستی پێکردووە بەردەوام دەبێت. تەنانەت دەتوانین بەئاسانی بڵێین لەناو ئەو پێواژۆیانەی تا ئێستا پێیدا تێپەڕیوە، کۆمەڵگە و سیاسەتی باشووری کوردستان زۆر گۆڕانکاری گرنگی بەخۆیەوەبینیوە. (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) کە لەم دوو مانگەی دواییدا لە بەرچاوی کۆمەڵگەدا ئیعتیباری زیاتریان لەدەستداوە، زۆر بە ڕوونی ڕاستینەی هاوشێوەیان لەگەڵ دەسەڵاتداری زاڵی وڵاتانی تر ئاشکرابوو. پێواژۆی شۆڕشی دیموکراتی کە لە باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان بەرپاکراو ئێستا لەباشووری کوردستان دەستی پێ کردووە، بەتەواوی شۆڕشی ئازادی کوردستانی کردووە بەناوەند و پێشەنگی شۆڕشی دیموکراتی ڕۆژهەڵاتی ناوین.

بێگومان ڕاپەڕینەکانی گەل لەباشووری کوردستاندا خاوەنی ڕابردوویەکی مێژوویی و هۆکارگەرێکی زۆر گرنگی هەنووکەییە. لەم چوارچێوەیەدا خاوەنی ئامانجی گرنگی مێژووییە و ئەمە قسەی لەسەر ناکرێت. بۆئەوەی بگەینە ئەم هۆشیاریەش پێویستە باش لەڕاستینەی (پ.د.ک) و ئەو ڕۆڵەی دەیگێڕێت تێبگەین. بەتەماشاکردنی پارچەکردنی کوردستان و خستنەژێر سیستەمێکی پاکتاوکار و ژنۆسیدکار و لەبەرامبەریشدا تێکۆشانی نەتەوەیی و دیموکراتی گەلی کورد، دەبێت وا نەزانرێت هەموو ئەو ڕێکخستن و سیاسەتانەی

**بەشێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ ئاواکردنی ئەو دەوڵەتۆکە کوردییە کە هەولێر ناوەندەکەیەتی لەبنەمادا تێکۆشانی پەکەکەی بەئامانج دەگرت**

لەکوردستاندا بەڕێوەدەبرێن لەم چوارچێوەیەدان. ئەوەی (پ.د.ک) دەیکات، لەو گوریسە دەچێت کە لەکاتی گیاندانی گیاندارێک بۆ ئاستەنگکردنی پەلەقاژێکەی دەبەسترێت. پێواژۆی دوای ساڵانی ١٩٧٥یش لەبنەمادا پشتبەستووە بە پێشکەوتنەکانی باکووری کوردستان و بە خواردنی دەستکەوت و میراتی پەکەکە ئاخنراوە. لەساڵانی ١٩٩١-٩٢ کە لە باکووری کوردستان شۆڕشی ژیانەوەی نەتەوەیی بەرپابووو لە هەولێریش دامەزراندنی بەڕێوەبەری ئەو (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) یەی ئێستا گەل داخوازی دەست لەکارکێشانەوەی لێ دەکات، پێناسەی ئەم ڕەوشەیە بەشێوەیەکی سیستەماتیک و ڕێکخستنکراوتر.

بەشێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ ئاواکردنی ئەو دەوڵەتۆکە کوردییە کە هەولێر ناوەندەکەیەتی لەبنەمادا تێکۆشانی پەکەکەی بەئامانج دەگرت، بەئاستەنگکردنی بڵاوبوونەوەی پەکەکە لەباشووری کوردستاندا ئەرکدارکرابوون. ڕاستیەکی حاشاهەڵنەگرە کە لە لایەن ئەو هێزە جیهانییە سەرمایەدارییانەی کێشەی کوردیان ئاواکرد دروستکران و لەسەر پێ هێڵدرانەوە. بەم هۆیەوە بەگوتنی «هەرچیەک بێت لەبەرامبەر پەکەکە سیستەمی گلۆباڵ لەپشتمانە» لەلایەن هێزە پەیوەندیدارەکانەوە چارەکە سەدەیەکە خەرمانیان کوتاوەو بەبایاندا داوە. بەجۆرێک نەک کێشەی کورد چارەسەر بکەن و تێکۆشانی ئاواکردنی دەوڵەتی کوردی بدەن، بەڵکو خاوەنی هەڵوێستێک بوون کە بەها کوردەواریەکانیان خستە سەر ساجی عەلی و وەک پیازێک بێ ئەرزشیان کرد. هەموو شەڕەکانی نێوانیشیان، تێکۆشانی بەشکردنی دزی و تاڵانکاریەکانی نێوانیان بووە. لەناو ئەم چارەکە سەدەیەی ڕابردوودا لەباشووری کوردستان زەمینەیەکی دیموکراسی جددیی ئاوانەکراوە. لەلایەن ئەم دەسەڵاتەوە هاوکاریەکی جددی پارچەکانی تری کوردستان نەکراوە. کۆنگرەی نەتەوەیی

گەلی کوردستان پێش نەخراوە، بەپێچەوانەوە هەموو ئەمانە ئاستەنگ کراون. لەبەرامبەردا بەتاڵانبردن و دزینی بەهاکانی باشووری کوردستان بەڕێوەبەرانی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) هاتوونەتە ئاستی زەنگینترینەکانی دنیاوە. ئەو شتەی کە گەل پێیدەڵێت تاڵان و گەندەڵیش ئەم دزیەیە.

بێجگە لەڕاگەیاندنی پەکەکە وەک ڕێکخستنێکی تیرۆریستی پەرلەمانی هەولێر چارەکە سەدەیەکە بڕیارێکی جددی نییەکە گرتبێتی. بەم حاڵەشەوە پەرلەمانی ئاماژەپێدراو دوو ساڵە کاری تێدا ناکرێت و سەرۆکەکەی ناتوانێت بچێتەوە هەولێر. سەرەڕای ئەوەی تا ئەوکاتەی لەدوای هێرشی ١٦ی ئۆکتۆبەری دەوڵەتی عێراق سەرۆکی هەرێم دەستی لەکار کێشایەوە نزیکەی دوو ساڵ کاتی بەسەر چووبوو و وازی لەکورسی سەرۆکایەتی نەهێنابوو. لەکاتێکدا گەلەکەمان باشووری کوردستان کە لەژێر زۆرداری، پاکتاوکردن، گەندەڵی و بەرتیلدا ناڵەناڵی دەهات، وەک ئەوەی چارەیەکی بۆ نەدۆزرایەوە لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئاکەپە درێژەیان بەکارە ناپاکیەکانی خۆیاندا، بۆ ئەوەی ئەمەش پەردەپۆش بکەن بەقسە ڕیفراندۆمی سەربەخۆییان دەکرد. زۆر ڕوونە کە ڕیفراندۆمی ٢٥ی ئەیلول دوو ئامانجی هەبووە، یەکەم: ڕووپۆشکردنی ئەم بەڕێوەبەریەزۆردارەلەناوخۆدا. دووەم: خستنەژێر کۆنترۆڵ و بەکارهێنانی ئەو دەستکەوتانەی لەئەنجامی ڕزگارکردنی ڕەقە بەدەستکەوتوون بۆ بەرژەوەندی خۆیان. لەگەڵیشیدا ڕووداوی بەهەڵەداچوونی ڕاوێژکارەکانی کۆنە سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش هەیە. دەوڵەتی عێراق لەسەر ئەم بنەمایە لە١٦ی ئۆکتۆبەردا دەستی بەهێرش کرد و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەو شەرەفمەندییەیشی بۆ گەلەکەمان لە باشووری کوردستان مابووە بەشێوەیەکی جددی شکست بخوات. دەسەڵاتدارانی (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) کە لەدوای هێرشەکانی عێراق دەستیان بەبازاڕیەکی ناڕەوا کرد و وەک ئەوەی ئەم ڕوداوانە ڕوویان نەدابێت بێ شەرمانە کەوتنە هەوڵی بەردەوامکردنی حوکمەکەیان بووە دوا دڵۆپی پڕبوونی ئەو کاسەیەی بەسەریدا دەڕژێت.

ئاشکرایە ئەو شۆڕشە دیموکراتیەی لەباشووری کوردستاندا بەرپا دەبێت زۆر هۆکاری جددی و ئامانجی مێژوویی هەیە. دیارە ئەم ڕەوشە وا بەئاسانی ڕاناوەستێندرێت و کۆتایی پێ نایەت. لەوە زیاتر ئەگەرێکی گەورەیە کە تەنها بە باشووری کوردستانەوە سنوردار نەمێنێت و بەرەو عێراق بڵاوبێتەوە. چونکە حکومدارانی بەغداد لەڕەوشێکی زۆر جیاوازتردا نین. تەنانەت بەشێوەیەکی جددی ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ لە عێراق هەیە. ئێمە وا مەزەندەمان دەکرد ئەم ڕەوشە لەدوای هەڵبژاردنەکانی عێراق دەستپێبکات، کەچی گەلەکەمان لەباشووری کوردستان بەسوپرایزێکی جوان ئێمەی بەهەڵەدا برد.

ئێستا لەبەرامبەر ئەم پێشکەوتنانە دەبێت چی بڵێین؟ یەکەم: گەل لە باشوری کوردستان گەلێکی بەرخۆدێرە. بەساڵانە لەچیاکاندا بەرخۆدێر بووە. شەڕی بەدەستهێنانی مافەکانی بەرپاکرد. هەربۆیە تا ئەنجام نەگرێت، پێشکەوتنێکی جددی دیموکراتی ئاوا نەکات، دەستبەرداری ئەم تێکۆشانە نابێت. پێش هەموو شتێک پێویستە ئەم ڕاستیە ببینین و بزانین. دووەم: لەبەر ئەوەی هەتا ئێستا پێشەنگایەتیەکی شۆڕشگێڕی کە خەتی نۆکەری (پ.د.ک) و (ی.ن.ک) تێپەڕێنێت پێشنەخراوە لەبەرامبەر گەلێکی ئاوا بەرخۆدێر ئەرک و بەرپرسیاریەکان بەشێوەیەکی پێویست جێبەجێ نەکراوە. ئەمەش ڕەخنەدانێکی بەهێز دەخوازێت. شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەکان پێویستە ڕاست نزیکی پێواژۆی بەم شێوەیە ببنەوە و بەهۆشیاریەکی ڕاست بگەن. سێیەم: بەهۆشیارکردنەوەی هێزەکانی ئاسایش و پێشمەرگە دەستەبەرکردنی بەکارنەهێنانی چەک لەبەرامبەر گەل. چوارەم: بەکۆکردنەوەی داخوازیەکان لەچوارچێوەی پرۆگرامێکی هاوبەشی دیموکراسیدا و بە بەڕێکخستنکردنی چالاکوانان پێویستە سەرهەڵدانە خۆڕسکەکان بکرێنەتێکۆشانێکی شۆڕشگێڕی دیموکراسی بەڕێکخستن کراو. واتا بانگەوازیەکانی هاوسەرۆکایەتی کۆنسەی کەجەکە و تەڤگەری ئازادی دەبێت هەنگاوە پراتیکیەکانی جێبەجێ بکرێن.

# دەوڵەت_نەتەوە و جینۆساید: ئەنفال وەك نموونە



ئازادیی کۆمەڵگە
نەبەز سەمەد

لە سەدەی بیستەمدا، دوای یەکەم جەنگی جیهانی، داگیرکەر و کۆلۆنیالیستە خۆرئاواییەکان (بەریتانیا، فەرەنسا، ...) ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد دوای رووخانی ئیمپراتۆریەتەکە. لە ئەنجامی ئەم دابەشکردنەوە هەندێ کۆمەڵگەی تایبەتی (وەک کورد) بەسەر وڵاتی جیاوازدا دابەشکران و ئەوانی دیکەش (بۆ نموونە لە عێراق، عەرەبی شیعە و سونە، کورد، ئاشوری، کلدانی، ...) بەزۆر لە وڵاتێکدا نیشتەجێکران. دروستکردنی دەوڵەت_نەتەوە لە کۆمەڵگەیەکی فرە پێکهاتەدا وەک ئەوەی داگیرکەرە خۆرئاواییەکان لە رۆژهەڵاتی ناڤین کردیان دەبێتە هۆی تێکشکاندن و لەناوبردنی فرەیی و چەساندنەوەی کەمینەکان. دوای یەکەم جەنگی جیهانی، کوردستان بەسەر چوار دەوڵەت_نەتەوەی پاش_کۆلۆنیالیست دابەشکرا: تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا. بۆیە لە ئەنجامدا، هیچ شوێنێک بۆ کورد لەم وڵاتانەدا نەبوو. کوردەکان بوونی بە کەمینەی چەوساوە و خەڵکانی بێدەوڵەت، مافی هاووڵاتیبوونیان ڕەتکرایەوە، بۆیە بوون بە خەڵکانی بێماف.

عێراق وڵاتێکی دروستکراوە؛ بەرهەم و داهێنانی کۆلۆنیالیستە خۆرئاواییەکانە. پێش یەکەم جەنگی جیهانی، وڵاتێک بە ناوی عێراق بوونی نەبووە؛ دوای جەنگەکە عێراق بوو بە داگیرکراوی بەریتانیا. عێراق وەک وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئاین دروستکرا، کە پێکهاتبوو لە عەرەبەکان ‹سوونە و شیعە›، کورد، ئاشوری، کلدانی، کوردی ئێزیدی، دیانەکان و جوولەکەکان. بەریتانیا دەبوایە ئەم فرەیی و هەمەچەشنییە لەنێو یەک وڵاتدا ڕێکبخات و بەڕێوە بەرێت، کە هەر لە سەرەتاوە ململانێ و شۆڕش دژی داگیرکاری بەریتانی دەستی پێکرد. لە سەرەتاوە، کوردەکان ڕازی نەبوون بە لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقەوە، بۆیە کوردەکان کەوتنە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزەکانی بەریتانیا. بەڵام بەریتانیا بەشێوەیەکی دڕندانە و هۆڤیانە وەڵامی داواکارییەکانی کوردیان دایەوە (Duglas, ٢٠٠٩). لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین، «کۆلۆنیالیزم هۆکاری سەرەکی دروستکردنی کۆمەڵگە فرە پێکهاتەکانە». لە عێراقدا، دەوڵەت_نەتەوە لە ئەنجامی داگیرکاری (کۆلۆنیالیزاسیۆن)یەوە سەری هەڵدا. «کۆمەڵگە فرە پێکهاتەکان بە ململانێ بەردەوامەکانیانەوە لە نێوان گروپە نەژادی، ئێتنیکی یان ئاینییەکان، مەرج و دۆخە پێویستەکانی جینۆسایدی ناوخۆیی دەهێننەگۆڕێ» (Kuper (١٩٨١) as cited in Hardi ٢٠١١:٢٦). عێراق کۆمەڵگەیەکی فرە پێکهاتە بوو و لەلایەن کۆلۆنیالیستە خۆرئاواییەکانەوە دروستکرا، ئەم فرەییە بە هێز و بەزۆر دروستکرا، بۆیە پێشمەرجەکانی «جینۆسایدی ناوخۆیی» دابین کرد، وەک ئەوەی لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا بینیمان.

لەم توێژینەوەیەدا، ئارگومێنتی ئەوە دەکەم کە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان جینۆساید و دەوڵەت_نەتەوەدا هەیە. مەبەستی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە بەکارهێنانی تیۆری دەوڵەت_نەتەوەی عەبدوڵڵا ئۆجالان بۆ خوێندنەوەی ئەنفال و بەعسیزم لە عێراق وەک نموونەیەکی دیاریکراوی پەیوەندی نێوان جینۆساید و دەوڵەت_نەتەوە.

عەبدوڵلا ئۆجالان پەیوەندی نێوان دەوڵەت_نەتەوە و جینۆساید ڕوون دەکاتەوە. ئامانجی دەوڵەت_ نەتەوە بریتییە لە دروستکردنی تاکە یەک شوناسی نەتەوەیی، تاکە یەک کولتووری نەتەوەیی، و تاکە یەک جڤاتی یەکگرتووی ئاینی. ئامانجەکانی دەوڵەت_ نەتەوە بەزۆری بەڕێی هێز بڵاودەکرێنەوە و بەگشتی دەبنە هۆی ئاوێتەکردن و تواندنەوەی بەزۆر یان لەناوبردنی فیزیکی کەمینەکان، کولتوورەکان یان زمانەکان (Ocalan، ٢٠١١). دەوڵەت_نەتەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە کێشەدارەکانی وەک داواکاری داگیرکردن، لەناوبردنی سیستەماتیکی دانیشتوانی ڕەسەنی ناوچەیەک، دەست بەسەر داگرتنی بازاڕ. لە هەندێ نموونەی دیاریکراودا، دەوڵەتەکان ناسیۆنالیزم بەکاردەهێنن بۆ ململانێ و هاڤڕکێ لەگەڵ دەوڵەتانی دیکە، لێرەدا ناسیۆنالیزم وەک هاوواتای فاشیزم و تۆتالیتاریانیزم گەشە دەکات. دەوڵەت_نەتەوە بۆتە هۆی هێنانە ئارای هەژەندی گەورە، بۆ نموونە لەناوبردن و قڕکردنی خەڵکی ڕەسەنی ناوچە داگیرکراوەکان لەلایەن نەتەوە «شارستانەکانەوە»، هۆلۆکۆستی جوولەکەکان لەلایەن نازییەکانەوە، پاکتاوی ڕەگەزی لە ڕواندا، سری لانکا و یۆگسلافیا (Juan، ٢٠٠٢). هەروەها جینۆسایدی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و ئەنفالی کورد لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە لە عێراق. بۆیە دەوڵەت_نەتەوە دژی فرەیی ئاراستەکراوە و دەبێتە هۆی جینۆساید.

دەوڵەت_نەتەوە جۆرە دەوڵەتێکی مۆدێرنە لە سەردەمی ناپلیۆن و شۆڕشی فەرەنسی سەری هەڵدا، دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریی و شانشینە دیانییەکانی جەرخێن ناڤین. هەرچەندە دەوڵەت زۆر گروپی نەتەوەیی، ئاینی و ئێتنیکی لەخۆ دەگرێت؛ دەوڵەت_نەتەوە لە سروشتییەوە نوێنەرایەتی یەک تاکە نەتەوە دەکات. دەوڵەت_نەتەوە جۆرێکە لە دەوڵەت کە تێیدا نەتەوە و دەوڵەت دووانەیەکی لێکدانەبڕاون. لەبەرئەوە نەتەوەکان و گروپەکانی دیکە ناچار بە تواندنەوە و ئاوێتەکردن لەنێو نەتەوەی سەردەست دەکرێن. هەرچەندە زۆر مۆدێلی دەوڵەت_نەتەوە هەن و هەموو دەوڵەت_نەتەوەیەک بە زەرووره جینۆساید ناکات، بەڵام دەوڵەت_نەتەوە شیمانەی لەناوبردن و جینۆسایدکردنی ئەوی دیکەی لە خۆیدا هەڵگرتووە.

**ناسیۆنالیزم کرۆکی و بنەڕەتییە بۆ دەوڵەت_نەتەوە، ئەگەر ناسیۆنالیزم ئاین بێت، ئەوا دەوڵەت_نەتەوە خوایەکەیەتی.**

چونکە دەوڵەت_نەتەوە دژی فرەیی، جیاوازی ئاراستەکراوە و داواکاری بۆ دروستکردنی نەتەوەیەکی یەکگرتوو بە زەبری هێز بەرز دەکاتەوە. وەک ئۆجەلان دەبێژێ «دەوڵەت_نەتەوە زۆر لە هاووڵاتییەکانی دەکات تا وەکو یەک و هاوشێوەبن» (Ocalan، ٢٠١٦: ٢٥).

لە ڕوانگەی عەبدوڵلا ئۆجالانەوە (٢٠١١) دەوڵەت_نەتەوە بناغە و بنەڕەتی ئایدیۆلۆژی خۆی هەیە وەک ناسیۆنالیزم، سێکسیزم، ئاینێتی و سەربازێتی. ناسیۆنالیزم کرۆکی و بنەڕەتییە بۆ دەوڵەت_نەتەوە، ئەگەر ناسیۆنالیزم ئاین بێت، ئەوا دەوڵەت_نەتەوە خوایەکەیەتی. هەردووکیان ئەدگار و خەسڵەتی مێتافیزیکییان هەیە. دەوڵەت_نەتەوە بریتییە لە ستەمێک بۆ کۆمەڵگەکان و تۆڕێکی ستەمکاری و چەوساندنەوە (Ocalan، ٢٠١١). هاووڵاتیان لەلایەن ناسیۆنالیزمەوە داوالێکراون کە باوەڕیان بە دەوڵەت هەبێت و دەبێت بۆ دەوڵەت دڵسۆزبن. لە سەردەمی ڕۆمانتیسیزم (Romanticism)، دەوڵەت_ نەتەوە لەسەر بنەمای ئارگومێنت و یارمەتی فەلسەفی پیشاندەدرێ. پاشان، لە فەلسەفەی هێگل، دەوڵەت دەبێت بە باڵاترین بەها. بۆ هێگل، دەوڵەت دوا قۆناغ و دوا ئاستی هۆشی ڕەهایە لەنێو مێژوودا، کە ئەدگار و چۆنێتییەکی وەک_ خوای هەیە (New World Encyclopedia contributors، ٢٠١٥).

نەتەوە لەسەر بنەمای ترادیسیۆنە کۆمەڵایەتییەکان و ئەفسانەکان فۆرمولەکراوە، ئەوجا لەلایەن یارمەتیدەرەکانیەوە بەرەو پێش براوە و بەکارهێنراوە بۆ ڕەوایەتیدان و بەیاساییکردنی سەروەربوون و باڵایەتی گروپێک بەسەر ئەوانی دیکەدا، ئەم زاڵبوون و سەروەربوونە لەلایەن دەوڵەت [دەوڵەت_نەتەوە]ەوە ڕەوایەتی پێدەدرێ و بەیاسایی دەکرێ. بۆ بەدەستهێنانی ئەم

سەرەوەرییە، دەوڵەت_نەتەوە سەرجەم ئامرازەکێتی دەسەڵاتی دەوڵەت وەک سوپا و پۆلیس، دامەزراوە یاسایی و دادگەرییەکان، دامەزراوە پەروەردەیی و ئاینییەکان بەکاردەهێنێت. لەبەرئەوە، دەوڵەت_نەتەوە و ئیدیۆلۆژییەکەی ناسیۆنالیزم دەبنە سەرچاوەی سەرەکی کێشە و ناکۆکییەکان هەر لە سەردەمی شۆڕشی فەرەنسییەوە (Jaun, ٢٠٠٢). وەک ئۆجەلان (٢٠١١: ١٢) دەبێژێ «دەوڵەت_نەتەوە لە ڕەسەنترین فۆڕمی خۆیدا ئامانجی قۆرخکردن و داگیرکردنی سەرجەم پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانە. بۆیە فرەیی و هەمەچەشنێتی دەبێ دژایەتی بکرێن، ئەمەش ڕێگەیەکە ڕووەو ئاوێتەکردن، تواندنەوە و جینۆساید» (Ocalan, ٢٠١١: ١٢). هزرڤان و فەیلەسوفانی پۆستمۆدێرن پێیان وایە دەوڵەت_نەتەوە و ناسیۆنالیزم شانموونەی خراپەکاری (شەیتان) ی کۆمەڵگەی پیشەسازی مۆدێرنن. دەوڵەت_نەتەوە بەزۆری هاوەڵی تیرۆر و «پاکتاوی ڕەگەزی» [جینۆساید] و توندوتیژی بووە (Jaun, ٢٠٠٢).

دەوڵەت_نەتەوە، هەرچەندە خۆی وەک سێکولار (عەلمانی) پیشان دەدات، بەڵام نیگەران نابێت لەوەی کە ئاین و ناسیۆنالیزم بۆ مەبەستەکانی خۆی بەکاربهێنێ. ئاین، بەتایبەتی ئیسلام ڕۆڵێکی کاریگەر لە بونیادنان و دروستکردنی دەوڵەت_نەتەوەکان دەگێڕێ (Ocalan, ٢٠١١)، بەتایبەتی لە ڕۆهەڵاتی ناڤین. بۆ نموونە، عێراق وەک دەوڵەت_نەتەوەیەک لەسەر بنەمای ناسیۆنالیزمی عەرەبی دامەزراوە و ئیسلامی کردووە بە ئامراز و بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی خۆی گونجاندوویەتی و بەکاری هێناوە. شاڵاوەکانی ئەنفال دژی کورد نموونەیەکی دیار، ڕوون و ئاشکرایە لەم ڕووەوە. لە عێراقدا، حیزبی بەعس ئیسلام و عەرەبیزم دژی کورد بەکاردەهێنێ.

بەعس ساڵی ١٩٦٨ بەڕێی کودەتای سەربازییەوە بۆ جاری دووەم لە عێراقدا دەسەڵاتی گرتە دەست، بەعس جاری یەکەم ساڵی ١٩٦٣ بەڕێی

**بەگوێرەی ئیدیۆلۆژیی بەعس "بەعسیزم"، کوالێتی بوون بە عەرەب لە خۆیدا کردارێکی تەواو سەبژێکتیڤییە.**

کودەتای سەربازییەوە بۆ ماوەیەکی کەم دەسەڵاتی گرتە دەست. بەعس وەك حیزبێکی ناسیۆنالیستی عەرەب لەسەر بنەمای ئیدیۆلۆژیی پانعەرەبیزم دامەزرابوو، دروشمی «یەك نەتەوەی عەرەب»ی بەرزکردبۆوە و ئەوەی وەك پەیامی نەمر دەبینی. پانعەرەبیزم بڕوای بە بوونی یەك نەتەوەی عەرەب هەیە (Makiya, ١٩٨٩). بەعس بوو بە یەکەم حیزبی سیاسی عەرەبی، کە دروشم و ئامانجی پانعەرەبیزمی هەڵگرت. بەعس بۆ دامەزراندنی تاکە یەك دەوڵەتی عەرەبی یەکگرتوو هەوڵی دەدا، دروشمەکانی بەعس بریتیبوون لە «یەک نەتەوەی عەرەب و یەک پەیامی نەمر» و «یەکێتی، ئازادی، سۆشیالیزم» (Devlin, ١٩٩١). ئەم دروشمە بریتییە لە دڵی بەعسیزم و ئامانجەکانی بەعس ئاشکرا دەکات کە دژی فرەیی و پلورالیزم ئاراستەکراون.

بەگوێرەی ئیدیۆلۆژیی بەعس (بەعسیزم)، «کوالێتی بوون بە عەرەب لە خۆیدا کردارێکی تەواو سەبژێکتیڤییە، پابەندە بە باوەڕبوون بە پەیامی عەرەبیزم. ئەو ساتەی یەکێک دەست دەکات بە باوەڕبوون بە داهاتووی عەرەب و خەبات بۆ نەتەوەی عەرەب دەکات، ئەوا دەچێتە نێو عەرەبێتییەوە و دەبێ بە عەرەب. لە ڕاستیدا، ئەرکی کورد ئەوەیە کە کوردێتی خۆی ڕەت بکاتەوە» (Makiya, ١٩٨٩: ١٣٤). بۆ بەعسییەکان یارمەتیدانی کورد بۆ حیزبێکی دیکە و لایەنێکی دیکە جگە لە بەعس قبوڵکراو نییە. بەڕوونی لە ڕێگەی یارمەتیدانی ڕێکخراوێکی دیکەوە جگە لە بەعس، کورد هیچی دیکە بەشدار نییە و بەشێک نییە لە پێناسەی ئەو خەڵکەدا کە ئیدیۆلۆژیی بەعس پێناسەی کردووە. خەڵک بەگوێرەی ئیدیۆلۆژیی بەعس واتای «نەتەوەی عەرەب» دەگەیەنێ، بۆیە خەڵک و نەتەوەی عەرەب وەک یەک ناو و یەک واتا بەکاردەهێنرێن. بەگوێرەی ئیدیۆلۆژیی ناسیۆنالیستی بەعس، کورد هەڵاوێردراوە و وەک هەڕەشە وێنا کراوە، چونکە کورد لەمپەڕە لە بەردەم یەکێتیی نەتەوەیی عەرەب. ئاخر نەتەوەیەکی یەکگرتووی عەرەبی بەعسی بریتییە لە ڕیالیزەبوونی تەواوەتی بەعسیزم. ئەم توخمانەی بەعسیزم بوونە هۆی عەرەباندن، ڕاگواستن، بەعساندنی کورد و لە کۆتاییدا بوونە هۆی ڕوودانی شاڵاوەکانی ئەنفال و جینۆسایدکردنی

کورد.

ئیدیۆلۆژیی بەعس لەسەر دوو بنەمای ئەفسانەدروستکردن و پرۆکیەلیزم (parochialism) واتا (ناوچەیی، هەرێمی) دامەزراوە. ئەفسانەکانی بەعس لە تراديسيۆن و داب و نەریتی عەرەبی و ئیسلامییەوە سەرچاوەدەگرن. هاوکات گونجێندراون بە هەندێ دەستەواژە و زاراوەی وەرگیراو لە تراديسيۆنی چەپ، وەك سۆسیالیزمی عەرەبی، ئازادی، یەکێتیی عەرەب، هەروەها خەبات دژی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم. بۆ میشێل ئەفلەق تیۆریدارێژەر و تیۆریستی بەعس، ناسیۆنالیزم خۆشەویستییە و «ڕۆحی عەرەب»ی لەتەك خۆیدا هەڵگرتووە، بۆیە بیرۆکەیەکی وەها ناتوانرێ لە خۆرئاواوە بهێنرێ، بەڵکو ئەوە لەنێو خودی تراديسيۆن و داب و نەریتی عەرەبی و ئیسلامیدا هەیە. بەگوێرەی ئیدیۆلۆژیی بەعس، ئیسلام نوێنەرایەتی یەکێتیی عەرەب دەکا، بۆیە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان ئیسلام و عەرەبیزمدا هەیە. لە ڕوانگەی عەرەبیزمەوە، ئیسلام ڕۆحە لە ناوەوە، لە کاتێکدا [عەرەب] عەرەبیزم لایەنی دەرەکێتی ئیسلامە. بۆیە ئیسلام تەنیا یەک نەتەوەی هەیە، ئەویش عەرەبە. لەبەر ئەمە عەرەب «نەتەوەی باڵایە». لە ڕوانگەی ئەفلەقەوە، «گەر عەرەبیزم جەستەیەك بێ، ئەوا ڕۆحەکەی ئیسلامە». بۆ بەعسییەکان ئیسلام وەك بزووتنەوەیەکی عەرەبی شۆڕشگێڕی دووبارە لەگەڵ عەرەبیزمدا دەردەکەوێتەوە و خۆی نوێ دەکاتەوە. لە ئەنجامدا، ئیسلام وەك بەدیهێنەری نەمریی عەرەبیزم خۆی دیاردەهێنێ. بۆیە ئیسلام بەردی بناغەی ئیدیۆلۆژیی بەعس پێکدەهێنێ (Makiya, ١٩٨٩).

ئیسلام وەک فۆرمێکی (شێوەیەکی) گەورەی نەمریی عەرەبیزم دەردەکەوێت. بۆ حیزبی بەعس، کێشەی کورد لێرەبوونی نییە. بەعس بەڕێی ئیسلاماندنەوە دەیەوێ کێشەی کورد چارەسەر بکات. بۆیە ئامرازاندنی ئیسلام بۆ بەعس زۆر کرۆکییە. حیزبی بەعس ئاین (ئیسلام) و ناسیۆنالیزم (عەرەبیزم) بۆ کۆنترۆڵکردنی کورد و ڕەوایەتیدان بە ئەنفالکردنیان و جینۆسایدکردنیان بەکاردەهێنێ.

لە ئەنجامدا، بەکورتی، پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان دەوڵەت_نەتەوە و جینۆسایددا هەیە لە عێراقدا. چونکە لە سەرەتاوە، عێراق وەک دەوڵەت_نەتەوەیەکی پۆست_کۆلۆنیالیزم بۆ عەرەبەکان دامەزرێندرا، بۆیە تەنیا نوێنەرایەتی یەک نەتەوەی دیاریکراو [عەرەب] دەکات، لە ئەنجامدا، دژی فرەیی و هەمەچەشنێتی [پلوراليزم] ئاراستەدەکرێ. حیزبی بەعس، بەڕێی بناغە ئیدیۆلۆژییەکانییەوە وەک ناسیۆنالیزم (لە فۆڕمی عەرەبیزم)، تراديسيۆنی ئیسلامی، سێکسیزم، میلیتاریزم هەوڵی دەدا یەک نەتەوەی عەرەبی یەکگرتووی بەعسی دروست بکات بەڕێی تواندنەوە (assimilation)، ئاوێتەکردن و لەناوبردنی کوردەکان و کەمینەکانی دیکەوە. بەهۆی تیۆریی دەوڵەت_نەتەوەی عەبدوڵڵا ئۆجالانەوە، ئێمە دەتوانین باشتر لە پەیوەندی نێوان دەوڵەت_نەتەوە و جینۆساید تێبگەین، بەتایبەتی یارمەتیمان دەدا کە تێگەیشتنێکی باشترمان بۆ بەعسیزم و ئەنفال هەبێت لە عێراقدا.

## لیستی سەرچاوەکان

Devlin, John F (١٩٩١) The Baath Party: Rise and Metamorphosis. The American Historical Review. Vol ٩٦, No ٥, pp. ١٣٩٦-١٤٠٧.

Douglas, R. M (٢٠٠٩) Did Britain Use Chemical Weapons in Mandatory Iraq? The Journal of Modern History, Vol ٨١, No ٤, pp. ٨٥٩-٨٨٧.

Hardi, Choman (٢٠١١) Gendered experiences of genocide : Anfal survivors in Kurdistan-Iraq, Voices in development management. Farnham, Surrey.

Juan, Epifanio San (٢٠٠٢) Nation_State, Postcolonial Theory, and Global Violence, Social Analysis, Vol ٤٦, No ٢, pp. ١١-٣٢.

Makiya, Kanan (١٩٨٩) The republic of fear: Politics of modern Iraq. London: University of California Press.

....................... (١٩٩٣) Cruelty and Silence. London: W. W Norton & Company.

Ocalan, Abdullah (٢٠١١) Democratic Confedralism. London: Transmedia Publishing Ltd.

.............................. (٢٠١٦) Democratic Nation. Cologne/ Germany: International Initiative Edition in cooperation with Mesopotamian Publishers, Neuss.

New World Encyclopedia contributors. Nation-state [Internet]. New World Encyclopedia, ٢٠١٥ Aug ١٩, ١٤:٥٤ UTC [cited ٢٠١٧ Feb ٢٦]. Available from: http://www.newworldencyclopedia.org/p/index.php?title=Nation-state&oldid=٩٩٠١٣٦.

# لە بارەی خۆپیشاندانەکانەوە ١٨ی ١٢و ڕۆژانی دواتر



ئازادیی کۆمەڵگە
لەتیف فاتیح فەرەج

**سەرەتا:**

لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە تا ئێستا بەردەوام خۆپیشاندان و نارەزایی هەبووە، ماوەیەکی کەم دوای ڕاپەڕین، خەڵک بە ڕووی دەسەڵاتی خۆکردید هاواری کرد «ماست و پەنیرو کەرە– بەعس باشترە لەبەرە» بە درێژایی نەوەدەکان نارەزایی لە سنوری دەسەڵاتی یەکێتییدا زیندوو تر و هەڵبەت ڕێز لێگیراو تریش بووە، لە دوای ٢٠٠٣ شەوە خۆپیشاندان و نارەزایی بەردەوام بوو، تا خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتی ٢٠١١ کە ماوەیەکی زۆری خایاند و دەسەڵات وەک پێویست بەدەم خواستەکانەوە نەچوو بۆ جێبەجێکردنیان. کێشەی سەرەکیی لە خۆپیشاندانەکانی هەرێمی کوردستاندا ئەو بێدەنگکردن و هەرەشە کردنەی هەولێرە کە بە هیچ شێوەیەک مۆڵەت بە خۆپیشاندان نادرێت و خۆپیشاندانی بێمۆڵەتیش مەگەر هەر خودا بزانێ بەچی دەگات، دیارە ئەمە لە گەڵ بەیاننامە و هەڵوێستەکانی پارتییدا ناجۆرەو پارتیی لە سەر کاغەز و بە نووسیین و بە بەیاننامە پشتگیریی خۆپیشاندان دەکات و بە کردەوەش ڕێ لە خوێندنەوەی شیعریش دەگرێت. ڕۆژی ١٨ی ١٢جارێکی تر خۆپیشاندان بە ڕووی نادادیی دەسەڵاتی کورددییدا دەستی پێکردەوە و ئەمجارە خۆپیشاندەران کە دواتر دێینە سەر باسکردنیان،تورەیی خۆیان لە چەندین شوێن بە بارەگاکانی حکومەت و حزب ڕشت! خۆپیشاندانەکەی ئەمجارە جگە لە ماکی خۆپیشاندان ماکی ڕاپەڕینیشی پێوە دیار بوو، ئەگەر چی کەس خاوەندارێتی لێنەکرد، جگە لە هەندێ پشتگیریی نووسراوی ئێرەو ئەوێ... دوای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکان وەک هەڵوێستێکی ئاکاریی گەرچی درەنگ وەختیش بوو، بزوتنەوەی گۆڕان کە خۆی دوو ساڵ بوو لە حکومەت دەرکرابوو، هەروەها کۆمەڵی ئیسلامیی لە حکومەت کشانەوە. هەڵبەت کشانەوەکە هیچ برینێکی سارێژنەکرد و ناکات، بەڵام لانی کەم پەیامێکە بۆ ئەو حکومەتەی لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ەوە هیچ مانایەک بۆ مانەوەی نەماوەتەوە، حکومەتێک لە دوا هەنگاویدا دەست بنێتە بینا قاقای پێشمەرگە و ئاسایشەکانی خۆی ئیدی مانەوەی چ نرخێکی هەیە.

**خۆپیشاندانی گیرفان خاڵییەکان :**

ئەوانەی خۆپیشاندانی ئەمجارەیان کرد، زۆربەی هەرە زۆریان ئەوانەن کە گیرفانیان خاڵییە، گیرفانی بەتاڵ لە سەر دەریایەک لە نەوت، گیرفانی بەتاڵ لە بەرانبەر ئەو ملهوڕانەی میلیارەها دۆلاریان بە هەدەر داوە! گیرفان بە تاڵەکان بە ڕووی ١٠٨٣٠ میلیاردێر و میلیۆنێری کورددا ڕاپەڕین، ئەو ژمارەیە، ئەو ژمارەیەیە کە ژوری وەبەر هێنەرانی هەرێم نووسیویەتی، ئەوانە ٣٠ کەسیان میلیار دێرن! ئەم میلیۆنێر و میلیار دێرانە بەرهەمی ٢٦ ساڵ نادادیی دەسەڵاتی کوردیین، گیرفان خاڵییەکان بە ڕووی ئەواندا تەقینەوە! گەنجانی ١٥ بۆ ٢٥ ساڵ، بە سەد کەسیان سەت هەزاریان پێنییە، لەماڵەوە داوا لە باوکیان دەکەن موچە نییە، کرێکاریی نییە، حکومەت بواری هەناسەی بۆ نەهێشتونەتەوە، سۆشیال نییە، ناچارن گیرفانە بە تاڵەکانیان پڕ کەن لە بەردا! ئەوان ڕێگەی توندڕەویی و کاری ناجۆریان نەگرتووەتە بەر، پەنایان نەبردوەتە بەر کاری نەشیاو، دەستیان بۆ هەڵگەڕانەوە

و یاخیی بوون نەبردووە، ئەوان تەنها داوای ئەوە دەکەن لە بەرانبەر ئەو نەوت و سامانەی نیشتمانەکەیان هەیەتی با گیرفانی ئەوانیش خاڵی نەبێت، تەواوی ئیخوانەکانی میسر کە لە کەنارەکانی قاهیرەوە بە بڕوانامەی بەرز و گیرفانی خاڵییەوە ئەو هەموو تەلار و ڤێلای سەرمایەدارنە دەبینن، دەبنە ئیخوان و بە گژ دەسەڵاتا دەچنەوە، ئەمە کورتەی بۆچوونی دکتۆ رەفعەت محەمەد سەعیدە، ئاخر گیرفان خاڵییەکان جگە لە هاوار و شۆڕش و تورەیی چی تریان لە دەست دێت، ئەوە بۆ دەسەڵات ئەو هەموو ملیار و ملیۆنە دۆلارە ناهێنێتەوە و تەمەنی خۆیشی درێژ بکات و ئازاری گیرفان خاڵییەکانیش کەمکاتەوە، لە نێو ئەو گیرفان خاڵییانەدا یەکێک بە بەرپرسێکی سەربازیی وتبوو: من هەفتەیەکە یەک دینارم پێنیە، بەرپرسە سەربازییەکە تەنها ٤٠ هەزار دیناری پێ دەبێت، دەڵێت ئەوە بۆ تۆ، یەکێ تر گوتی دایک و باوکم نەخۆشن پارە نییە بیانبەم بۆ نەخۆشخانە. دەیان چیرۆک و حەکایەتی تاڵ! گیرفان خاڵییەکان خەڵکانی نیشتمان پەروەر و دڵسۆز و دڵپڕن! ئەوان نیشتمانیان لە هەموو ملیاردێر و ملیۆنێرەکان خۆشتر دەوێت، بەڵام دەبینن کوڕی سەرمایەدار و بەرپرسەکان چ پۆزێکیان بە سەردا لێدەدەن،چی بکەن؟ ناچارن گیرفانە خاڵییەکانیان پڕ بکەن لە بەرد، وەک چۆن زۆرێک لەو بەرپرس و دەسەڵاتدارانەی ئێستا لە هەشتاکان بۆ لێدانی بەعس گیرفانەکانیان پڕ دەکرد لە بەرد و شانازیشیان بەو کارەوە دەکرد.

گیرفان خاڵییەکانی خۆپیشاندان لە لولەی تفەنگ، ئۆتۆمبیلی جام رەش، بارەگای حیزب، کەژاوەی ترومبێلی بەرپرسەکان، باخ و ڤێلاکان، لە هەموو شت تورەن! لەو تەنکەرانە تورەن کە نەوت و نەفتاو وڵاتەکەیان دەبەنە ئێران و توران و پارەکەشی بۆ ئەوان نییە، لە کارەبای ماڵە بەرپرسەکان تورەن! لە بۆڕی نەوت و گازی کوردستان تورەن! ئەوان گیرفانە خاڵییەکەیان ئاراستەیان دەکات، ئەوان زۆربەیان بە بڕێکی کەمی پارە رازیین، پارەیەک بتوانێ پێویستییە سەرەتاییەکانیان بۆ دابین بکات، پارەی چای و جگەرە و کارتی مۆبایل و کارتی ئەنتەرنێت و کراس و پانتۆڵێکی تازە، هەرە زۆری ئەوان حەز دەکەن لە کتێبخانەکان کتێب بکڕن، بەڵام پارەیان نییە، حەز دەکەن پارەی کڕینی بلیتی شانۆ، بلیتی سینەما، داوەتی یەک دوو هاوڕێیان پێبێت کە نییە سەرەتا دڵتەنگ دەبن خۆیان دەخۆنەوە! نایانەوێ لە ماڵەوە بێنە دەرەوە، دواتر بە دایک و باوک و خوشک و کەس و کارا هەڵدەشاخێن، تورە دەبن، لەماڵەوە دێنە دەرەوە، نایانەوێ بڕۆنەوە، لە دوا جاردا رووەکەنە دەسەڵات، کێشە ئەوەیە دەسەڵات نایەوێت لە هاواری ئەم گیرفان خاڵییانە بگات، نایەوێ چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، نایەوێت لە ئازارەکانیان کەمکاتەوە، بۆیە رۆژ بە رۆژ تورەییەکە بەرە و هەڵکشان دەڕوات، تورەییەکە رەنگە سەرەتا بە زەبروزەنگ و هەڕەشە، بە دەست تێخستن و پەرتکردن، بۆ دورخستنەوە و فریوو کەم بکرێتەوە، لێ ئەوە چارەسەر نییە ، دواجار بە ئاقارێکی مەترسییداردا دەڕوات، وەک ئەو گەنجەی پێی وتم: تەنیا چارەسەر دروستکردنی مەفرەزەی کوشتنە، یان ئەو کوڕەی تر کاتێ وتی من چەکیشم پەیدا کردووە.

دەسەڵاتی کوردیی پێویستە ئاوڕ لەو گیرفان خاڵییانە بداتەوە، پێویستە بزانێ شۆڕش ئەوان دەیکەن، وەک چۆن لە کاتی خۆیدا لە فەڕەنسا و میسر و ئێران و زۆر شوێنی دیکە کردیان.

**لە نان و موچەوە بۆ بڕوخێ:**

خەڵک لە سەرەتادا داوای مافی زۆر ئاسایی دەکرد، کارەبا، ئاو، خزمەتگوزاریی، دەسەڵات بۆ یەکجار گوێی لەم خواستانە نەگرت، کاتێ خەڵک ئەو داوا سەرەتاییانەی دەکرد، دەسەڵاتداران خەریکی پڕکردنی قاسەکانیان بوون، لێ قاسەکان بوونە دۆزەخ و هەر پڕ نەبوون، تا ئەو کاتەی خەڵکی گیرفان خاڵی ئیدی جێبە جێ کردنی داوا سەرەتاییەکانیش هیچ دادێکی نادا چونکە ئیتر ئەو گیرفانەکانی خاڵین، لێرەدایە کە دەنگی بەرزی خەڵک لە نان و تەناهیەوە، لە داوای ئاسایش و ئازادییەوە بەرەو بڕوخێ بڕوخێی دەسەڵات دەڕوات، بەرزکردنەوەی پێڵاو بە ڕووی دەسەڵاتا، داوای رۆیشتنی دەسەڵات کۆتایی رێگاکەیە، دەشێت دەسەڵات دڵی بەوە خۆش بێت کە بتوانێ بۆ ماوەیەک ئەم دەنگە کپ بکات، لێ لە شوێنی ترو لە کاتی ترا سەرهەڵدەداتەوە، لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا قائیمقامی چەمچەماڵم لە کردنەوەی پێشەنگایەکی کتێبدا بینی، منیش بە دووی کتێبەوە بووم، سەرەڕای گیرفانە خاڵییەکانم، لەو کاتەدا کچێکی قشتیلە میوزیکی

دەژەند، من بە قائیمقامم گوت پێویستە تا دەتوانن نەرم و نیان بن لە گەڵ ئەو تورە بوونە ڕەوایەی خەڵکدا، قسەیەکی دروست و حسابی کرد، گوێی هەڵخست و گوتی کامیان مێشک ئاسودە دەکەن، دەنگی ئەم میوزیکە یان قرمژنی گوللە، دەسەڵات ناکرێت دەنگی میوزیک، شیعرو گۆرانیی، ئارامیی خەڵک بە تەق و تۆق بگۆڕێتەوە، هەر کات ئەوەی کرد، مارکس وتەنی گۆڕ بۆ خۆی لێدەدات.

هیچ گەنجێکی سوید نایەوێت سوید بڕوخێت، هیچ گەنجێکی کەنەدا، فنلەندا، نەرویج، دانیمارک، ئەڵمانیا، فەڕەنسا، ئەوە بۆ گەنجەکانی وڵاتە عەرەبییەکان ، گەنجەکانی کورد لە هەرێمی کوردستان دەگەنە ئەو بڕوایە، ئاخۆ دەسەڵات قەت هۆکارەکەی پرسیووە، لاموایە رەوانشاد مەسعود محەمەد لە ساڵی ١٩٩٧ بوو داوای لە حکومەت کرد بۆ ١٠ ساڵ دەسەڵات بدەنە کۆمپانیایەکی نەرویجی، یان دانیمارکی، با ئەوان بەڕێوەمان ببەن، با ئەوان سیستم دروست بکەن، ئەو دەم بە حازری وەریبگرینەوە، ئاخۆ دەگەیشتە بڕوخێ و بڕۆ، لە مانگی ١٠ی ٢٠١٥ برایەکم بە خۆی و خانەوادەوە بە ئیجەدا پەڕینەوە و گەیشتنە ڤاسا شارێکی کەنارییە لە فنلەندا، ئێستا هاوڵاتی ئەوێیەو ژیان دەکات و شانازیی بەو شوێنەوە دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە بۆ ناتوانین شانازیی بە شوێنەزا و وڵاتەکەمانەوە بکەین، کێ لێی کردوین بە دۆزەخ! چۆن دەکرێت چاکی بکەین، کەی هاوارەکان کۆتاییان دێت و کەی دەتوانین بە ئاسودەیی دانیشین، دەتوانین بە ئارامی لە ماڵەکانی خۆماندا بنوین. جارێکیان ئەندام پارلەمانێکی بزوتنەوەی گۆڕان، بە ئەندام سەرکردایەتییەکی پارتیی وت: لەوەتەی ئێوە سەنگەرتان لێگرتوین من مناڵەکانم لە نزیک پەنجەرەوە ناخەوێنم، ئەندام سەرکردایەتییەکەی پارتیی دیار بوو بەو قسەیە ئازاری چەشت و وتی بە داخەوەم! ئاخر کە بارودۆخەکە بۆ پارلەمانتار و منداڵی ئەو بگاتە ئەوێ ئەی خەڵکی تر؟

## ئەوانەی ئەمجارە خۆپیشاندانیان کرد خەڵکی خوار ١٥ ساڵیشیان تیا بوو

شەرمێکی گەورەیە لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٧دەدا بین و کارەبانەبێت، لە کاتێکا ١٥٠ ساڵ لەمەوبەر لەندەن کارەبای هەبووە،خەڵک داوای نەکردەی نەکردووە، داوای کارەبای کردووە، داوای ئاوی کردووە، داوای موچەی کردووە، چەند شەرمە باس لەوە بکەیت کە ژێر زەویەکەت بە ملیارەها بەرمیلە نەوتی تیا بێت و لە سەر دەریا نەوتەکەش خەڵک موچەی نەبێت.

**تەمەن و جیاوازیەکی تر:**

ئەوانەی ئەمجارە خۆپیشاندانیان کرد خەڵکی خوار ١٥ ساڵیشیان تیا بوو، ئەوانەی زۆر بە خێرایی جیاوازییەکە دەبینن و ناتوانن بەرگەی بگرن، دایک و باوکیان هاواری دەست بێموچەیی دەکەن و حکومەتیش ڕۆژ بە ڕۆژ ئەرکەکە لە سەریان قورس تر دەکات، ئەوانە رەنگە میدیا هۆیەک بێت بۆ هاتنە سەرجادەیان، بەڵام هیچ پاڵنەرێکی تر نییە، ئاخر تەمەنی خوار ١٥ ساڵ ئەگەر ئازاری دایک و باوکی، دادی مامۆستاکانی پاڵنەری نەبن چی پاڵنەرین، زۆر نەزانییە لامان وابێت ئەمە سیاسییەکان پاڵنەرین، یان بانگەشەکانی نەوەی نوێ، ئەو پارەی لەفەیەکی پێ نییە تالە بازاڕ بیخوات، کوڕی بەرپرسەکانیش دەچنە ئەوروپا و ئەمەریکا بۆ گەڕان و سەیران.

ئەم نادادییە ئاسایش و ئاشتیی کۆمەڵایەتیی تێکداوە! ڕەهەندێکی قوڵی خستوەتە نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەم لاوانە لە دۆخی ئێستادا فریوی قسەو بەڵێن ساردیان ناکاتەوە، هەروەک هەڕەشە و گوڕەشە تورە تریان دەکات، ئەوان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زۆر لە خەمی یەکتردان، شەهید و بریندارەکانی رانییە وەک شەهید و بریندارى کەلار و چەمچەماڵ سەیر دەکەن، ئەوان زنجیرە بەندێکی کۆمەڵایەتی نوێ بنیات دەنێن، بڕوایان بەوە نەماوە شۆڕش و شاخ و ئەو شتانە چین و چۆنن، ئەوان یاداشتەکان دەخوێننەوە کە ئێستا پڕن لە شەڕی ناوخۆ و یەک کوشتن و دیل کوشتن! لە شۆڕش ئەوەیان بۆ دەمێنێتەوە، بۆیە نایانەوێ فریوی قسەی باق و بریق بخۆن، راستییەکەی ئەوان دەیانەوێ ئەوەی ئێستا هەیە بیگۆڕن، بڕوایان بە سبوغی سەرو سمێڵی سەرکردە کان نییەو بە تەنزەوە باسی دەکەن، ئەوان موچەی باوک و ژیانی ئارامیی خۆیان دەوێت لە کرۆکدا ئەوان عەدالەت و کەرامەتی هاونیشتمانییان دەوێتەوە، ئەو

تەمەنە پرسیاری بۆ کوشتنی سۆران و سەردەشت و کاوە و وەدات و عەبدولستار دەکەن، ئەو تەمەنە پرسیاری بێزاری خەڵکی ئازادیخواز دەکەن، ئەو تەمەنە جیاوازییە قوڵەکە دەبین و هەڵوەستەی لە سەر دەکەن، وەڵام نەدانەوەی دروست پێیان هەم ئاشتیی کۆمەڵایەتیی وێران و کەلەلادەکات، هەم بەرەو رق و پەلاماریان دەبات.

ناکرێت پەیامی ئەمان بە هەند وەرنەگیرێت، شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە روکەشدا ئاخوندەکان کردیان لە ناوەڕۆکدا هەر ئەو تەمەنە و تەمەنی هەڵکشاو تر کردیان لە ١٤ ساڵ بۆ ٢٣ ساڵ.

جیاوازی ١٨ی ١٢ی ٢٠١٧ لە ١٧ی شوباتی ٢٠١١ بە شێکی ئەم تورە بوونە تازەیەیە، تورەبوونی تەمەنێک کە کەمتر لە ١٧ی شوبات لە تورەبوون گەیشتبوون، کە رقیان لە دەسەڵاتە بە هەموو مانایەک، ئەوان بڕیر لە خوێنی گەرمیان و رێژوان دەکەنەوە، دەپرسن بۆ دەبێت ئەوانە لە سەر داوای زۆر سەرەتایی بکوژرێن؟!

دەسەڵات ناکرێت وەک مناڵ و مەزن سەیری ئەمانە بکات، ساڵی ١٩٨٨ لە چەمچەماڵ کۆمەڵێک تەلەبە بە ڕووی بەعسدا راپەڕین، ئەوانە زۆربەیان هەمان تەمەنی ئێستای ئەم خۆپیشاندەرانەیان هەبوو، بەعس بەو هەموو دەسەڵات و جەبەروتەی خۆیەوە سەرەڕای ئەوەی ئاسمانی شارۆچکەکەی پڕ کرد لە کۆپتەر، سەرەڕای هاتنی بارق عەبدوڵا بۆ ناوچەکە، بەڵام زۆر بە خێرایی ویستی تەقینەوەی گەورە روونەدات، لەو خۆپیشاندانەدا کە سەدان کەس ئازاد کران، بەعس یەک تەلەبەی منداڵی شەهید کرد فەیمە فەتاح حەسەن، رۆژانی دواتریش رەشبگیری نەکرد، پرسیارەکە ئەوەیە چی لە هەڕەشەی کوشت و بڕ سەوز دەبێت بە تایبەت کوشت و بڕی ئەم تەمەنە، ئەوانە منداڵ و تواڵ نیین، ئەوانە هەڵگری ئازار و ئەشکەنجە و نەهامەتیی و نەبوونی گەورەکانن، ئەوان دەزانن نەبوونی و گیرفانی بەتاڵ واتە دەستبردن بۆ دەخیلەکانی ئەوان. لەم رۆژانەدا سەردانی ماڵی دۆستێکم کرد دیار بوو دەخیلەی مناڵەکانی شکاندبوو، چونکە هێشتا دەخیلەشکاوەکە بە بەتاڵی لە سەر کورسیەک دانرابوو تا دوا دوعاخوازی لێبکرێت، دەسەڵات چوزانێ دەخیلە شکاندن چەند بە ئازارە، ئەو لە کوێ دەزانێ ئەو پارە شڕانە چۆن کۆکراونەتەوە.

**هاواری پێشمەرگەو پۆلیس:**

سەرەڕای ئەوەی کە شارو شارۆکەکان کرانە سەربازگە و هێزی پێشمەرگەو چەکدار خرانە ئامادە باشییەوە، بەڵام سەدان پێشمەرگەو پۆلیس و ئاسایش لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پشتگیریی خۆپیشاندەرانیان کردوو ئەوانیش دادو بێدادیی خۆیان لە ستەمکاریی و جیاوازی چینایەتیی بەرز کردەوە، لە بەشێک لە خۆپیشاندانەکاندا پێشمەرگە لە نێو خۆپیشادەراندا بوو بۆ داواکاریی موچەو دادگەر بە گولەی ئاسایش بریندار بوو، هەروەها ئاسایش و خەڵکی دیکەش بریندار بوون، هەرچەند وێنەیەکی تری تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بۆ پێشمەرگەو پۆلیس و ئاسایش مایەی ئازار بوو کە هەندێک کەس دەیاننووسی شت فرۆشتن بۆ پێشمەرگە نییە، یان گرانترە بۆ ئەوان، لە گەڵ ئەوەشدا پێشمەرگە لە ئازارەکانی خۆی و خەڵکەکەدانەبڕا، راستە هێنرابوونە نێو شەقامەکان بەڵام زۆریان «زۆربەی زۆریان» ئەوەیان پێقەبوڵ نەبوو، کاتێک من لە گەڵ هەندێک لەوان قسەم کرد، لە خەڵک داخ لە دڵتربون، ئەوان بە منیان دەگووت تکایە داکۆکیمان لێبکەو لە سەرمان بنوسە، پێشمەرگە دەناسم ئەو دوکاندارەی پێشتر شیرو دایبی بە قەرز داوە پێی بۆ مناڵەکەی ئێستا ئامادە نییە بیداتێ و وتویەتی برۆ شوێنێکی تر، ئەم تێکدانی ئارامیی کۆمەڵایەتیی و پەیوەندی کۆمەڵایەتییە، کۆمەڵگە هەلا هەلا دەکات، ئەمەش هۆیەکی باش دەبێت بۆ سەرکوت و زەفەر پێبردن، راستیی دەبێت رێگە بەم درزو دابڕانە کۆمەڵایەتییانە نەدرێت.

لە دۆخی ئاوادا تۆمەتبارکردن، ناشرین کردن، گومان کردن، جێ بە متمانەو بڕوا بوون بە یەکترو لێبوردەیی و یەکتر قەبوڵکردن، لێژدەکەن و دۆخەکە لە دەست دەردەچێت! هەڵبەت هەوڵی ئێمە قسە کردنی ئێمە پەیامی ئێمە بۆ ئەوە یە نەگاتە ئەو ئاستە ترسناکەو وای لێبێت بواری چارەسەر نەمێنێتەوە.

لە دەست دەرچوونی دۆخەکە و تێپەڕینی کاتەکە، وادەکات خەڵک ناچار بێت بە دووی رێگەی مەترسییداردا بگەڕێت، هەوڵەکان بۆ ئەوەن نەگاتە ئەوە، لە داهاتوودا ئەم بابەتە فراوانتر هەڵوەستەی لە سەر دەکەین.

# ل رۆژهلاتاناڤین ئێدی چارەسەری خوە دسپێرە

ئازادیی کۆمەڵگە
زەروان تۆراقی



من ژ چەند هەڤرێیا پرسیار کر کا رەوشا هەیی یا رۆژهلاتاناڤین چەوا دنرخینن; یەکی گۆت ”د دەمەکە کورت دە ل بەندا چارەسریەکێ مە“, یێ دن ژی گۆت ”ل بەندێ مە کو شەرێ داوی ژ ئالیێ دەولەتان ڤە وەرە کرن و د ئەنجاما وێ دە ل سەر نەخشەیەکێ ژ بۆ چارەسەرکرنا بەرژەوەندیا زلهێزان وەرە نیقاش کرن. بەس ژ نها دە دیارە کو گەلێن هەرێمێ بەدیلەك دانینە و ل دەر دۆرا وێ کۆم دبن.“ ل رۆژهلاتا ناڤین شەر دێ دناڤبەرا ئەڤ بەدیلا گەلان, دەستهلاتدارێن هەرێمی و هەژموونگەرێن مۆدەرنیتەیا سەرمایەداری دە هەتا دەمەکی دەوام بکە. د ڤان چەند رۆژان دە کو هندەك دۆنە دەرکەتن دیارە کو دخوازن جارەکە دن لژێر ناڤێ سەمبۆلێن پیرۆز دە شەر کوور بکن. ژ خوە کارەکتەرێ شەرێ جهانێ یێ سێیەمین ژی ب ئەڤ رەنگێ سەمبۆلان هات مەشاندن. چما وسایە, هەژموونگەرێن جهانی چما ب ئیسرار شەر ی ب سەدەما سەمبۆلێن ئاینی ددن مەشاندن. ......ل ئەڤ ئەردنیگاریا هندەك تێگەه و جی و سازی هەنە کو وەك گۆتنەکە تێ دبارا واندا کرن بخوە دبە سەدەما مرنان. ب گونەهان هاتنە ئالاندن و هاتنە قەدەخەکرن, د هووندوور دە وسایە. بەس ژ بۆ دەرڤە نە وسایە. وەك برینەك کو ڤەکری بە و دژبەر هەر و هەر بکاربن پێ بلەیزنە. ژ نها دە ل سەر هەلوەستا سەرۆك دەولەتێ ئەمەریکا یەك بوو کو د دەربارێ قودسێ دە گرتیە. ب خوە رە ناڤەند و شێوازێ شەر جارەکە دن دا گوهەرتن. یانی برینا دەرمان نەبوویی هات خوراندن و بریندار نەچار کرن کو ب وێ ڤە بخاپن و مژوول بن.

ژ سەرتانسەرێ رۆژهلاتا ناڤین شەرەکە کو ئەڤ بدەهان سالن بەردەوامیا وێ هەیە, هاتیە قۆناغەکە نوو. د راستی دە ئەڤ شەر ئێدی چارەسەریێ دسپێرە ئالیێن دەرەکە. ئالیێن هەژموونگەرێن جهانی ژی نکارن ل بەرانبەر ڤێ خوەستەکێ بێ بەرسڤ بمینن, دەستهلاتدارێ هەرێمی ژی ئێدی نکارن ب هەمان زەختکرنان خوە بدن دۆماندن. لەوما ئەم ژهەر ئالیێ کو بنێرن ژی رستا کو ئەڤ شەرێ ب چەندین سالن تێن مەشاندن چارەسەری دسپێرە. بەس یا گرنگ ئەوە کو کێ ژ چارەسەریێ چ فێم دکە; میناکا ل باشوورێ کوردستانێ کو د ڤێ قوناغێ دە وەك گشتپرسینا سەرخوەبوونێ هات ئاراستەکرن دەرخست هۆلێ کو تشتا کو چ کەسەك ژێ رە نە ئامادەیە گوهەرتنا سنۆرێن کەڤن یێن کو ب لۆزان و هندەك پەیمانێن بەری وێ هاتنە بەستن بگوهەرن. دەرکەت کو ئەڤ شێواز هێژی هێزێن هەژموونگەرێن جهانی ددە قازانجکرن. ئەو دەولەت پەیکۆکێن کو ل سەر ڤان پەیمانا هاتنە دامەزراندن جارەکە دی ب هەموو ناکۆکی و دوژمناهیا ل بەرانبەر هەڤ ژ بۆ پاراستنا ستاتۆیا هەیی هاتن گەل هەڤ. شەرێ کو ل رۆژهلاتا ناڤین بەلاڤ ببوو ل سووری شێوازەکە نوو گرت, هێژی د دەستپێکا شەرێ ل سوور یێدە ئەوێن کو رۆژهلاتا ناڤین ناس دکرن دگۆتن کو یێ شەر ل ڤر جوودا بە, هەتا دەمەکە درێژ کو شەر ب وەکالەتی هات مەشاندن پشتی کو داعش ل رەڤا تێکچوو بەرنامەیا هەر کەسەکێ هات گوهەرتن. مرۆڤ دکارە بێژە کو رزگارکرنا رەقا پەردا لسەر رەوشێ راکر و هەر کەس ل بەر چاڤێ هەڤدوو ئەشکەرە کر.

ژ خوه حه‌مله‌یا کو ئه‌مه‌ریکا ل سه‌ر قودسێ کریه ژی هنده‌ك ڤێ دده‌ته نیشان, هوسیێن یه‌مه‌ن ب چه‌کێن بالیستیکی هێرشی سعودا دکه‌ن و پایته‌ختا سعودا دخن هه‌ده‌ف. ب ده‌هان هه‌زار مرۆڤێن بێگونه‌ه د ناڤا ڤان شه‌رانده تێنی و برسی نه و ده‌مه‌که نێزووك دمرن. هه‌تا نها که‌س ملێ شه‌ر ێ ئه‌خلاقی نیقاش ناکه. دیپلۆماسیا کو دهێت مه‌شاندن ب ئاوایه‌ك ئه‌شکه‌ره ژ بۆ گور کرنا شه‌ره. میناکا سه‌رۆك وه‌زیرێ لوبنان و گشتپرسینا باشوورێ کوردستانێ ئه‌ڤ راستی ده‌رخست. سعودیا ل هه‌مبه‌ر ئیران و روسیا دخوازه هێرشه‌ك دیتر یا شه‌ر بده ده‌ستپێکرن, کو ژ ناڤا خوه دایه ده‌ستپێکرن. دشبه مژارا پاشایێ کو ژ شڤانێ خوه وانه‌یا گورگ و سه فێربوویه. ل وه‌لاته‌کێ پاشایه‌ك زیره‌ك هه‌بوویه, پشتی کو ب خوه پیر دبه, نه‌یارێن وی ڤێ ده‌رفه‌ت دبینن, هێریشی وه‌لاتێ وی دکن, پاشا ژ کورێ خوه‌یێ مه‌زن ده‌ستپێ دکه دشینه سه‌نگه‌رێ به‌س هه‌ر کو دچه تێك دشکێن, هه‌تا کورێ پچووك ره‌وش وسا به‌رده‌وامه. رۆژه‌کی پاشا ده‌ردکه‌ڤه کو ل سه‌ر ده‌ردێ خوه پیاسه بکه, دبینه کو شڤانه‌کێ سه‌یه‌ك گرێدایه و لێ دده, دخوازه ژ سه‌ده‌ما وێ فێم بکه, شڤان دبێژه ”پاشایێ من چیرۆك درێژه به‌س ب کورتی ئه‌زێ بێژم، ئه‌ڤ سه‌یی ب گور ره هه‌ڤکاری دکر و په‌ز ددزی. له‌وما خایینه. توو دزانی ژ بۆ چ تو شه‌ر وندا دکی ژ به‌ر کو ناڤا قه‌سرا ته خاینن.“ ل سه‌ر ڤێ پاشا ل ناڤا قه‌سرێ ڤه‌دگه‌ره, شڤان ئێدی سه‌رله‌شکه‌ره و د شه‌ر ده ب سه‌رکه‌تی یه. ئه‌وی ژ ی وسا کر. به‌س ل وێ قه‌سرێ پاشا بخوه ژی سه‌یێ زل هێزایه له‌وما سه‌ر ناگره.

ل کیژان وه‌لاتێ بنێرن رژیمێن هه‌یی ره‌وابوونێن خوه وندا کرنه. ل هه‌مبه‌ر جڤاکا خوه د ناڤا شه‌ره‌که دژوار ده‌نه. وه‌ك کو مارکسیستا گۆتی ”شۆره‌ش ل زه‌مینا کو ئێدی جڤاکێ نه‌خوه‌ست وه‌ك پێشتر وه‌ره برێڤه برن ده‌ست پێدکه‌ت“ له‌وما که‌سێن کو خه‌ما جڤاکا پێشه‌ڕۆژ و هه‌بوونا جڤاکێ دخون هه‌ر ڤێ راستیێ

> جڤاکان ب ره‌شه‌هشمه‌ندیا کو ب ناڤێ ئه‌لقایده و داعش ده‌رکه‌تن هن زه‌لالتر پێ ئه‌وله‌بوون کو پێویسته ئه‌و پیرۆزی ژ گه‌ماریا کو ب ده‌ستێ ده‌ستهلات هاتنه نخافتن وه‌رن پاك کرن

ده‌ست نیشان دکن و هه‌موو هێزا خوه ژ ڤێ راستیێ دگرن. ل شوونا کو ئه‌م یه‌ك ب یه‌ك وه‌لاتێن هه‌رێمێ بنرخینن, هه‌ر چه‌ندی جێوازیی د ناڤبه‌را وه‌لات و جڤاکان ده هه‌به ژی ژ بنگه‌ها خوه ژ هه‌مان چه‌ڤکانیان ئاڤێ ڤه‌دخون. له‌وما ژی د گه‌له‌ك ئالیان ده دشبن هه‌ڤدوو.

ده‌مه‌ك پێشتر کو ل سه‌ر هه‌مان مژارا لێ هوور دبووم مه دیت کو یێن هه‌ری دژبه‌رن, ل ده‌ردۆرا هه‌مان دیوارێ نه. شه‌رێ د ناڤبه‌را ده‌وله‌تێن عه‌ره‌بی و ئیسراییلی ده وه‌ك مژارا ”تاژی و کێڤرووشکێ“ ژ دیرۆکا ئیبراهیم پێخه‌مبه‌ر کو ل سه‌ر ناکۆکیا ئیسماعیل و ئیسهاق یانی سارا و جاریه هاجه‌ر هه‌تا نها بێیی کو وه‌ره چاره‌سه‌ر کرن, ددۆمه. وه‌ك رێبازه‌کی ژ خوه دورخستن ئانکۆ مشه‌ختکرنێ یه. چیرۆکا کانیا ئاڤا زمزمێ ژی بنگه‌ها خوه هنده‌ك ژ ڤر دگره. ئه‌و کانیا کو متۆلۆژیا هه‌بوونا عه‌ره‌بی لێ ده‌ستپێکریه یه. له‌وما ژی کێ ژ بۆ قوربان داییێ هاتبوو هلبژارتن ” ئیسماعیل یان ئیسهاق“ کیژان ئه‌ولادێ تایبه‌ته, کیژان میراتگرێ تایبه‌ته، ئه‌ڤه شه‌رێ ژ بۆ ده‌ستهلاتێ قوربان پێشکێش کرنێ یه, له‌وما ژی ده‌ستهلات وه‌ك سیا- سیبه‌را خوه‌دایی کێف و زه‌وقا ڤان قوربانیان دژی,

د رۆژا مه ده ژی ب هه‌مان ناکۆکیان شه‌ر دهێن مه‌شاندن. دنیایه‌ك کو د قۆناخه‌کی ڕۆلێ گه‌شه‌دانێ نوو دکه ده, وێ ل رۆژهلاتا ناڤین جڤاك بریارێن چه‌وا بده‌ن. جڤاکان ب ره‌شه‌هشمه‌ندیا کو ب ناڤێ ئه‌لقایده و داعش ده‌رکه‌تن هن زه‌لالتر پێ ئه‌وله‌بوون کو پێویسته ئه‌و پیرۆزی ژ گه‌ماریا کو ب ده‌ستێ ده‌ستهلات هاتنه نخافتن وه‌رن پاك کرن. ژ بۆ وێ ژی پێویستی ب هزراندنه‌ك نوو هه‌یه. گۆتن و رێبازێن نوو پێویستن ژ بۆ پاك کرنا گه‌ماریا کو ب سه‌ر پیرۆزیان ده هاتیه. میناك نه‌ته‌و و وه‌لات, خودا و ئۆل- ئاین چما ژ بۆ چ پیرۆزن؟ د نها ده کۆمه‌له‌ك مرۆڤێن ب وژدان ل سه‌ر ڤێ مژارێ لێ دکۆلن. ئه‌ڤ لێگه‌رینا ژ که‌ڤن

دە هەیە، بەس ژ بەر سەپاندنا ئوریانتالی نەهێلا کو ڕەوشەنبیرێن ڤێ ئەردنیگاریێ هێزا خوە یا گەوهەری کۆم بکەت. ب شێوازێ مۆدەرنیتەیا سەرمایەداری هزراندن دەرڤایی ژ خرابیان تشتەک دیتر دەرناخە هۆلێ. ئەڤ ڕاستی ب درەنگی ژی بە دیسا دەرکەتیە. کەسێن کو ل سەر ناڤێ دژبەری کرنا ڕۆژئاڤاییا کو دخوازن جارەکە دیتر خوە لژێر عەبایێ پیرۆزیان دە ڤەشێرن ڕاستیا وان یا سەک بوونا زێرەڤانی دەرکەت مەیدانێ. مرۆڤاهی ژ بۆ گەشەدانێن ئەرێنی ل جهەکی هەر بەرهەمێن گەنجینا ئاڤادکە، ئەو گەنجینا ماڤێ هەموو مرۆڤاهیێ یە.. چەوا کو بەرهەمدانینا گەنم و جۆتکاری هزراندنا ل سەر بنگەهێ ب خوەزایێ رە ل هەڤکرن، سەمیانێ هەموو مرۆڤاهیێ یە، گەشەدانا تەکنۆلۆژیا و ڕامانێ کو ل وێ دەرووبەرێ هاتیە ئافراندن ژی جارەکەدن ماڤێ هەموو مرۆڤاهیێ یە. لەوما دژبەری یا ل هەمبەر داگیرکەری، ستەمکاری و یا ژ بۆ نرخێن مرۆڤی هات تێکەلکرن. ئەڤ ب زانین هات کرن. ژ بەر کو یێن د ڤێ دەربارێ دە قسە دکرن ، نە کەسێن ڕامانبەر کەسێن ئاینیا دەستهلاتدار بوون. لەوما ژی ڕێکا مرۆڤان ل ڤێ ئەردنیگاریێ خەلەتاندن. لەوما ژ داهووراندنا نرخان ژنووڤا ئاڤاکرنا وان درەنگ مایە.

شەرێ میتینگەرێ گەهشتیە قوناغەکێ کو ئێدی نکارە وەرە دۆماندن. گەلێن هەرێمێ ب هەموو ترس و هەژاریا خوە بیر ل تشتەک نوو دکن. ئەڤە بەرنامەیەکە ژیانێ یە.. ئێدی نرخاندنا ژ بۆ ڕۆژهلاتا ناڤین نکارە تنێ ل سەر شەرکرنێ بە. میناکا باشوورێ کوردستانێ ل بەر چاڤە، یا پیرۆز کو ل سەر وێ وەک ڕووبار ان خوین هاتیە ڕژاندن، دەما کو ب بەرنامەیەک ڕاست نەهاتبە ڕێکخستن بێیی کو بکەڤە خزمەتا گەلان دهێتە پووچکرن. هەرچەندی هەڤدو خەندقاندن وەک ئەرکەک پیرۆز هاتبە دەستنیشانکرن ژی، یا کو گرنگە دەرکەتنا ژ ناڤا ئەڤان شەر و قەیرانانە. تەنێ شەرێ ل سووریێ وەرە داهووراندن، وێ نەخشەیا ڕێچارەیا ل هەرێمێ وەرە

> **د ناڤا ڤێ ئالۆزیێ ڕۆژهەلاتا ناڤین ب ڕزگارکرنا ڕەڤا کەت قۆناغەکە نوو، هەموو هێزان جارەکە دن ئپۆزیسیۆنێن خوە بەرچاڤ دەرباسکرن**

دەرێخستن. لەوما د دەسپێکا شەر ل سووریێ دە زانیارێن جڤاکناس، ستراتژێن لەشکەری و ڕەوشەنبیرێن کو هەرێمێ ناس دکەن دان زانین کو ل ڕۆژهەلاتا ناڤین وێ ڕەوشا قەیرانێ ژی، یا چارەسەریێ ژی ل ڤر دیار ببە. د ڕاستی دە پێلا شەر یا هەری ئالۆز و تێکەل، ل سووریێ تێدە مەشاندن. ب گۆتنەک دن ڕەشەتاریا ل هەرێمێ ب هەموو گەماریا خوە ل ڤێ دەرێ ڤەرشیان. ئەو تاریرەشیا کو ب ناڤێ داعش وەک ڤەرشین و گەماریا ب دەستێ دەستهلاتداری هاتیە دامەزراندن ل ڤێ دەرێ بێ سنۆر دانە مەشاندن. مرۆڤ جارنا دبێژە گەلۆ ئەڤ قاس ترس و خۆف چەوا کۆم بوو، تشتێ ڕێ ل بەر ئەڤ قاس خرابیان ڤەکر ی چ بوو. هەر مرۆڤەک ل ڕۆژهلاتا ناڤین نەچارە وەک ئیبادەتەک ل سەر ئەڤێ خرابیێ هزر بکەت و بەرپرسیارتیا ڤێ ڕەوشێ هلدەت، ب گۆتنەک دن دەستێ خوە بخە بن بەر.

د ناڤا ڤێ ئالۆزیێ ڕۆژهەلاتا ناڤین ب ڕزگارکرنا ڕەڤا کەت قۆناغەکە نوو. هەموو هێزان جارەکە دن ئپۆزیسیۆنێن خوە بەرچاڤ دەرباسکرن، نها خوەدی گۆتن و بەرنامەیێن نوو نە. شەر چقاس ژی دەوام بکە پشتی ڕزگارکرنا ڕەڤا ب دەستێ هێزێن سوریا دیمۆکراتیک ل وارێ زەمینە ژی دیپلۆماسیا گشتیا هەرێمێ ژی مژار ڕۆن بوویە. گۆتن کو شەر هاتیە زەفت کرن و پێویستیا دادگەهکرنا وی ڕۆنە. ئەڤە ئەوە کا دێ دیاریا خوەشمرۆڤان چبە و سزایێ کوژەران چبە. ل گۆر ڕەوشا هەیی کو «مەسەدێ» ل باکورێ سوریێ وەک بەدیلا گەلان ب شێوازێ کۆمون و مەجلیسا گەل و پەرگالا خوە دادمەزرینە ئەڤ وەک نموونە دێ ل هەموو ڕۆژهلاتا ناڤین بەلاڤ ببە. ژ دەرڤای ڤێ مۆدەلێ بەرنامەیەک دیتر یا کو وەک چارەسەری کو گەلان بدەتە ڕازی کرن مرۆڤ دکارە بێژە هەما نینە. ئەو هێز و دەولەتێن کو خوە ل سەر ڤین-ئیرادەیا گەلان فەرز دکەن، وەک دەولەتا تورک یا داگیرکەر، ئیران و سعودیا ل گەل وان کێژان هێزێن هەژموونگەر دبن بلا بن دەرڤایی کوورتر کرنا قەیرانان نکارن تشتەک دی بکن. ئەڤ ڕاستی وەک هەتاڤا ڕۆژێ ل مەیدانێ

یە. ب دەهان جڤین و کۆنگرە و پێوەندی ل سەر ناڤێ چارەسەریێ هاتن بەستن. ب ملیۆنا دۆلار ل سەر ناڤێ ئەو جڤینێن قاشۆ لژێر ناڤێ چارەسەریێ دهاتن نیقاشکرن, وەك گەندەلی هاتن بەلاڤ کرن. ئەنجام ب ملیۆنان مرۆڤێن ئاوارە و زارۆکێن کو بەر مرنێ چۆن.

دەما کو ئەم ڤان هەڤووکان دنڤیسن جارەکە دن ب هەمان شێوازێ پەڤچوون هەنە و ب هەزاران مرۆڤ تێن کوشتن. ئەڤە ئالیێ راستیا شەر و ئالۆزیانە. بەس نە هێزا چارەسەریێ یە. شەرێ کو هەڤدوو تنە کرنێ دکە ئارمانج، ئەنجاما وی شەری تنێ ئەو خرابیا کو نها لبەر چاڤانە. میناك د دەستپێکا شەرێ ل سوریێ دە ئەردۆغان سولتانێ تورك د گۆت "دناڤا چەند مەهان دە ئەمێ ل مزگەفتا ئومەویا نمێژا ئینێ بکن" ئەڤ بوو چەند سال نها ل پشت پەردە یا رووسا ل دۆرا ئەسەد و رژێما وی دگەرە, ئەڤ نایێ وێ واتەیێ کو ئەردۆغان دەست ژ مەبەستا خوە بەردایە. بەس راستیا ڤێ ئەردنیگاریێ تشتەك دن دبێژە.

یا کو ژ نها دە دیارە ئەو کو ل هەرێمێ پشتی خرابیا ب دەستێ داعش هەر نەتەو, ئول, باوەری نەچارن پیرۆزیێن خوە ژنووڤە بنرخینن. ژ بەر کو ئەو رەشەهشمەندی ژ ڤێ ئەردنیگاریێ دەرکەت. یا کو ب مۆدەرنیتەیا سەرمایەداری ل هەرێمێ هات سپارتن بوو سەدەما کۆمکوژی و ژ ناڤبرنا گەلان. یا کو ب ناڤێ دەولەتا پیرۆز هات کرن, بوو سەدەما وێرانکرنا ب سەدان پیرۆزیێن دن. لەوما داویا رەشەهشمەندیا تەنها تۆفانا کو د پرتووکێن پیرۆز دە هاتنە دەست نیشان کرنە. ژ بۆ کو هەرێم ژ ئەڤان تۆفانان رزگار ببە، نەچارە روو ل پاکیا دەرگوشی بگرن. ئەو ژی تنێ دکارە ب هزرکرن و هەستێن ژنێ بە. لەوما یا کو ل باکورێ سوریێ و رۆژاڤایێ کوردستانێ دهێتە ژیانکرن بالا گەلان دکێشە سەر خوە, وەك بانگا نەبیی رێکا چارەسەریا ددە پێش و دکە. خوە فەرز ناکە, پارڤە دکە. کەسەك کو هندەك ژ دیرۆك, سنج, جڤاکناسی و ملێن دیتر فێم بکە و هندەك ژی وژدان پێرە هەبە; ل نەخشەیا دیمۆگرافیا رۆژهلاتا ناڤین بنێرە ئەوێ یێکسەر خوە ب بەرنامەیا کۆنفیدرالیزما دیمۆکراتیك بگرە. ئەڤ بنگەها خوە ژ نەتەوا دیمۆکراتیك وەر دگرە. گەلێن هەرێمێ و هەموو گەلێن ل جهانێ ل گۆر ئەردنیگاری دناڤا هەڤ دە نە. فلستینی و جهوو نەچارن کو قودسێ پارڤە بکن, هەر کەڤرەکە ڤی بازاری ژبو هەموو ئاینێن ئیبراهیمی پیرۆزن. لەوما ژی ل هەقیێ ڤەگەر ب جەزاکرنا تۆفانی بە ژی کو ئەو رەشەهشمەندیا ب داعشێ نە کێمی تۆفانێن کو د پرتووکێن پیرۆز دە بەهسا وان تێ کرنە. لەوما, 'هەر کەس نەچارە کەڤرێ خوە د بەر خوە دە بەر دە'. وەك گۆتنا عیسا نەبی " بلا کەڤرێ دەستپێکێ کەسێ بێ گونەە باڤێژە" کەسەك کو د ناڤا پەنچێ مۆدەرنیتەیا سەرمایەداری دە کو ب ئیمان کرنا نەتەوە دەولەت ژیایە, دکارە بێ گونەە بە.!؟

ل خوە ڤەگەر, د میتۆلۆژیا هەموو گەلان دە و د بنگەها هەموو ئاینان دە هەیە. ئەڤە ئەو تشتە کو پەرتووکێن پیرۆز ژێ رە دبێژن "کەلاما قەدیم" ل رووێ ئەردێ تاکە رێچارە, ژ خوە دەسپێ کرنە. چەند درەنگ و ب ئێش و ئازار بە ژی ژ نها دە وەك کەسێن کو چەڤکانیا دەسپێکێ ژ مەزۆپۆتامیا ژۆر ین دە جارەکە دی بانگا ب ئاقلیەت و هەستپێکرنا دایکانە یا ژن مۆدەلا خوە دایە دەستپێکرن. لەوما ل رۆژهلاتا ناڤین رك و کین و شەجەرەیا شەر و خرابیا دەرێخستن نە کارێ مرۆڤانە یە.

دەما من دەست ب ڤێ نڤیسێ دکر ل باشوورێ وەلاتێ مە بەرخوەدانەکە بێ هەمپا کو تام لایقێ گەلێ کورد بوو برێڤە دچۆ. راستیا کورت کو ل باور ب دەستێ هێزێن کۆلەیێ داگیرکەریێ یە ب دەهان سالن لێ دزی, گەندەلی و ئیرافەیا گەل فرۆشی دهات کرن. ئەو گەلێ کو ب ئەڤ دوسەد سالن بێ ناڤبەر روو ل بەرخوەدان و روومەتێ یە, ل سەر ناڤێ کوردینیێ کۆمەلەك گەندەلان دەست دانایە سەر ئیرادەیا ڤی گەلی هەتا نها ژبو خاترێ وان شەهید و وەلات و نیشتمانپەروەری گەلێ باشوور دان ب خوە ددا. بەس پشتی فرۆتنا ئیرادەیا گشتپرسین و کەرکوك-گەرمیان. گەلێ مە ب هەموو هێرس و هێزا خوە گۆت "ئێدی بەسە" د ڤان رۆژێن کو مە شەڤا یەلدا ب بەرخوەدانەکە بێ هەمپا پێشوازی کر, هێڤیدارم کو گەلێ مە و گەنجێن هێژایێ باشوورێ وەلات ئەوێ ل جادە کۆلان, گوند و بازاران ئەنجومەن و هەرەوەزیا خوە ئاڤا بکن. سلاڤ ل سەرجەم شەهیدێن راپەرینا روومەتا مرۆڤاهیێ!

**چەڤکانیێن ژێ سود هاتی گرتن.**
**عەبدوڵلا ئوجالان پاراستنا گەلەکێ, مۆدێرنیتەیا کاپیتالسیت،**
**ماخ فیشەر, ب ٤٠ نەخشەیا رۆژهلاتا ناڤین.**

# سەرۆك و پێشەنگایەتی نەتەوە



ئازادیی کۆمەڵگە
ئومید ناسح جیهانی

بیریاران و فەیلەسوفان چەند بنەمایەکیان کردۆتە بنەما و بنچینەی دروست بوونی نەتەوە و دەوڵەت لەبەرئەوە سەرەتا ئاماژە بە تیۆرەکانی دروستبوونی نەتەوە دەکەین، کە بیریاران ڕای جیاوازیان هەیە سەبارەت بەو تیۆر و بنەمایانە لە دروستبوونی دەوڵەتدا:

یەکەم: تیۆری ئەڵمانی (زمان – نەتەوە)

ئەڵمانەکان دەڵێن: نەتەوە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی زیندووە بە هۆی زمان و مێژووەوە پێکدێت، بە شێوەیەکی سروشتی بە هۆی پاڵنەرە خودیەکان وەک تەواوی بونەوەرەکانی دی دروستدەبێت، زمان هۆکاری سەرەکی پێکهێنانی نەتەوەیە، پێویستە ببێتە هۆکاری بنچینەییش لە دامەرزانی دەوڵەتدا.

بە بڕوای(فیختە) زمان و نەتەوە دوو شتی گرێدراو و تەواوکەری یەکترین، زمان بناغە و بنچینەی نەتەوەیە، لەو ڕوانگەیەشەوە سەرجەم ئەڵمانەکان یەک نەتەوە پێکدەهێنن، چونکە خاوەنی یەک زمانن.

تەنانەت ئەو سنورەی کە دەشێت بە سروشتی ناوبنرێ لەلای فیختە بریتیە لەو سنورە ناوخۆییەی کە زمانەکان وێنەی بۆ دەکێشن .

لەبەرامبەر بۆچوونی لایەنگرانی ئەم تیۆرەیەدا، ژمارەیەک نووسەر و بیریاری دیکە ڕوانینێکی پێچەوانەیان هەیە، بڕوایان وایە کە هەرگیز ناگونجێت زمان وەک تاکە بنەمای دروستبوونی نەتەوە سەیر بکرێت. بۆ پشتڕاستکردنەوەی ئەم بۆچوونەشیان نموونەگەلێکی وەک وولاتانی ئەمریکای لاتینی، ئەمریکای باکور، سویسرا، بەلجیکا .......تاد، دەکەنە بەڵگەی سەلماندنی ڕاستی بۆچوونەکەنیان.

هەرچەندە زمان بنەمایەکی گرنگی پێکهێنانی نەتەوەش بێت، هێشتا نەیتوانیوە و ناشتوانێت وەک تاکە بنەمای دروستبوونی نەتەوە جیاوازەکان خۆی نمایش بکات و ببێتە بنەمای سەرەکی دروست بوونی دەوڵەت .

دووەم: تیۆری فەرەنسی (وویست و ئیرادەی هاوبەش)

فەرەنسییەکان دەڵێن: نەتەوە بوون بە زمان نییە، بەڵکو بە (وویست و ئیرادەیە)، نەتەوە بریتی نییە لەو گروپە مرۆییەی خاوەنی زمانێکی هاوبەشن، بەڵکو بریتیە لەو کۆمەڵە خەڵکەی خاوەنی (وویست و ئارەزووی ژیانی هاوبەشن). لە ناو ئەو تیۆریستانەی ئەم بوارە (ئێرنست ڕینان) دیارترین و بە ناوبانگترینیانە.

بەپێی تیۆری فەرەنسی دەشێت دەوڵەت لە کۆمەڵ و گروپی مرۆیی جیاواز لە یەکتری لە ڕووی ئیتنۆ کەلتوری و لەسەر بنچینەی هاووڵاتیبوون دابمەزرێندرێت، وەک چۆن خودی دەوڵەتی فەرەنسی بەرهەمی ئەم مۆدێلەیە، لە ڕێگەی دەسەڵاتی ناوەندی دەوڵەتەوە تواندرا گروپە مرۆییە جیاوازەکانی سەر بە کەلتوری جیاواز لە چوارچێوە و سنوری یەک دەوڵەتدا یەکبخرێت، بەو مانایەش چەمکی (نەتەوە) لای فەرەنسییەکان یەکسان دەبێت بە چەمکی هاووڵاتیبوونی فەرەنسی .

لەگەڵ ئەوەشدا مەرج نییە هەمیشە هەلومەرجە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان وەک یەک وەڵامدەرەوەی وویست و

ئارەزووی نەتەوە جیاوازەکان بن، گەر وابوایە دەبوو وویلایەتەکانی باشور لە وویلایەتەکانی باکوری خۆرئاوا، وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جیاببوایەتەوە، چونکە (وویست و ئارەزووی) جیابوونەوەیان هەبوو، هەروەها ئێمەی کوردیش لە عێراق، سوریا، تورکیا، ئێران جیاببووینایەتەوە، بەڵام مەرج نیە بارودۆخ و هەلومەرجە ناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان بە پێی وویست و ئارەزوی نەتەوەکان بێت، بە مانایەکی دیکە (وویست و ئارەزوی ژیانی هاوبەش) شتێکی جێگیر و نەگۆڕ نیە، بەڵکو بە پێی گۆڕانی بارودۆخ و هەلومەرجە سیاسی و نێودەوڵەتی و دبلۆماسییەکان و سیستمی سەردەست و جەمسەرەکان و بەرژەوەندییەکان و توانا و لێهاتووی سەرکردەکان و گۆڕانی نەخشەی ناوچەیی و نێونەتەوەیی دەگۆڕێت .

سێیەم: تیۆری مارکسیزم (ژیانی ئابووری هاوبەش) بەپێی ئەم تیۆرە ژیانی ئابووری هاوبەش بنەمای بنچینەیی و یەکەمی دروست بوونی نەتەوەیە.

ماناکردنی (ستالین) وەک مارکسیستێک بۆ (نەتەوە) تەواو جیاوازە لە تیۆرەکانی ئەڵمانی و فەڕەنسی.

ستالین بەمجۆرە نەتەوە پێناسە دەکات « نەتەوە بریتییە لە کۆمەڵە خەڵکێکی جێگیر، بە درێژایی مێژوو لەسەر بنچینەی یەکێتی زمان، زەوی، ژیانی ئابووری و یەکێتی دەروونی کە خۆی لە یەکێتی کەلتوردا دەنوێنێ، پێکهاتووە ». لەدیدی ستالینەوە، نەتەوە کۆمەڵە خەڵکێکە پێکهاتەیەکی مێژوویان هەیە، بۆ ئەمەش نموونەکانی (نەمسا و ڕووسیا) بە بەڵگە دەهێنێتەوە، بە بڕوای ستالین دەوڵەت دەبێتە مەرجێکی سەرەکی لە پێکهێنانی نەتەوەدا، چونکە ئەستەمە لە حاڵەتی نەبوونی دەوڵەتدا باس لە بوونی یەکێتی ژیانی ئابووری هاوبەش بکرێت. ئەوە دەوڵەتە دەتوانێ وەک یەکەیەکی سیاسی سێنتراڵ یەکێتی ژیانی ئابووری لە چوارچێوەی سنورە سیاسیەکەیدا بێنێتەدی. بەو مانایەش هەر گروپ و کۆمەڵێکی مرۆیی، یان هەر

> **هەرچی تیۆری فەڕەنسی یە ،ناسیۆنالیزم لەسەر بناغەی هاووڵاتیبوون، بونیاد دەنرێت**

نەتەوەیەک بۆی نەلوابێت (دەوڵەت) بنیاد بنێت ڕاستەوخۆ لە نەتەوەبوون دەکەوێت، چونکە بە بڕوای سالین خاوەن ژیانی ئابووری هاوبەش نییە. واتە سەرجەم نەتەوە بێ دەوڵەت و دابەشبووەکانی سەر ئەم گۆی زەوییە، بەو مانایە (نەتەوە) نین، هەر بەپێی ئەم تیۆرە نەتەوەکانی (ڤێتنامی، کۆریایی) بە نەتەوە ئەژمار ناکرێن، چونکە ژیانی ئابووری هاوبەشیان لە دەستداوە و ئابووری هاوبەش کۆینەکردوونەتەوە .

سەبارەت بە کورد ،تیۆری یەکەمی ناسیۆنالیزم کە تیۆریەی ئەڵمانییە، ئەوەیە کە دەوڵەت لە سەر بنەمای (زمان، نەتەوە)بونیاد دەنرێت، ئەم تیۆرە پێی وایە نەتەوە دەوڵەت دروست دەکات، واتا لەم مۆدێلەدا لە جیاتی ئینتیما بۆ دەوڵەت، (زمان، نەتەوە) (کولتور، ڕەچەڵەکی ئیتیکی) کراوە بە بناغەی دروست بوونی دەوڵەت ئەگەرچی ناسیۆنالیزمی کوردی لە مۆدێلی ئەڵمانییەکانەوە نزیکە، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە وەکو ئەڵمانەکان ببتە خاوەن دەوڵەت .

هەرچی تیۆری فەڕەنسی یە (ناسیۆنالیزم لەسەر بناغەی هاووڵاتیبوون) بونیاد دەنرێت، واتا (دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات) ئەم فۆرمەیان بۆ کورد لە دوو ڕووەوە ناتەبایە، یەکەم: ناسیۆنالیزمی کورد تا ئێستا نە وەکو چەمکی هاووڵاتیبوون مامەڵەی لەگەڵ کراوە، نەخۆشی لە ماوەی ڕابردوو دا لە سایەی ئەو حکومەت و پەرلەمانەی کە لەباشوری کوردستان هەیەتی، توانییەتی مافی هاووڵاتیبوون ببەخشێتە هاووڵاتییەکانی.
دووەم: ئەوەیە ئەگەرچی کورد (وویست و ئیرادەی) جیابونەوەی هەیە، بەڵام نەبۆتە خاوەن دەوڵەت، نەتەوەش بێ دەوڵەت لە نەتەوە بوون دەکەوێت .

بەپێی تیۆری سێیەم کە بە مۆدێلی مارکسیزم ناسراوە، کورد، کە داگیرکراو و دابەشکراوە لە نەتەوە بوون کەوتووە، چونکە بازاڕی ئابووری هاوبەش نیە، بە نەتەوە ئەژمار ناکرێت و بۆی نەلواوە دەوڵەت بنیات بنێت .

ژمارەیەکی زۆری بیریاران و فەیلەسوفان بە پشتبەستن بە چەند بەڵگەیەک (ڕەگەز، ئاین، مێژوو، زەوی ....) دەکەنە بنەمای دروست بونی نەتەوە و دەوڵەت و سەنگ و قورسایی

به هەریەکەیان دەبەخشن، لەوانەیە (مێژوو، زەوی) کەمترین گومانیان لەسەر بێت وەک بنەمایەک لە دروستبوونی نەتەوە دا، بەڵام سەبارەت بە (ڕەگەز، ئاین) بیروبۆچونەکان جیاوازن:

ڕەگەز: بنچینەی بایۆلۆژیە بریتییە لە (باڵا، ڕەنگی پێست، ڕەنگی چاو و شێوەکەی، ڕەنگی موو، شێوە و قەبارەی کەلە سەر ...... هتد). ئەڵمانەکان بایەخێکی زۆریان بە ڕەگەز داوە .

)شیفر) بۆچوونی وایە ئەستەمە بتوانین پەیوەندی لە نێوان ڕەگەز و خاسیەتە عەقڵیەکاندا دیاری بکەین، جگە لە چەند بەڵگەیەکی لاواز هیچی دیکەمان بە دەستەوە نییە تا ڕەگەزی پێبکەین بە هۆکارێکی سەرەکی لە دروستبوونی نەتەوەدا. جیاوازییە ڕەگەزییەکان « هیچ پەیوەندیەکیان بە نەتەوە سیاسیە تازەکانەوە نییە، بۆ نموونە ڕەگەزی نۆردی لە باکووری ئەڵمانیا، ڕەگەزی ئەلبیش لە باشووری ئەڵمانیا بڵاون، هەروەها ڕەگەزی ئەلبی لە باکووری ئیتالیا و ڕەگەزی دەریای ناوەڕاستیش لە بەشەکانی دیکەی ئیتالیادا بڵاون، هەر سێ ڕەگەزی (نۆردی، ئەلبی، دەریای ناوەڕاست) لە فەڕەنسا هەیە ». مەسەلەی ڕەگەز یەکێکە لە مەسەلە ئاڵۆزەکان، زۆربەی نەتەوەکان لە چەند ڕەگەز و نەژادێکی جیاواز پێکدێت، تا ئێستا هیچ نەتەوەیەک نیە بە ڕەهایی بچێتەوە سەر یەک ڕەگەز .

(ئاین)یش بە پلەی جیاواز کەم تا زۆر لە ژیانی بەشێک لە نەتەوەکان وەک بنەمایەکی ڕووحی هاوبەش بێ کاریگەر نەبووە. لە دونیای ئەوروپیدا ئاین کەم تا زۆر توانیویەتی لەلای بەشێک لە نەتەوەکان ببێتە هێزێکی ووزە بەخش لە بەستنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە نەتەوەوە، وەک سیمبولێکی ڕووحیش لە بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکاندا وویست و ئارەزوی خۆ جیاکردنەوە و سەربەخۆخوازی پێ تۆخکراوەتەوە. لەبەرئەوە دەبینین ئەو نەتەوانەی لە ڕووی ئاینیەوە هاوئاهەنگن کەمتر گومانی هەڵوەشان و دابەشبوونیان لێدەکرێت

> **دواجار دەکرێت فاکتەری ئاین لەلای ژمارەیەک لە نەتەوەکان هۆکاری گرنگ و هاندەر و یارمەتیدەر بێت لە درووستبوونی نەتەوە دا**

لەو کۆمەڵ و نەتەوانەی فرە ئاین و فرە مەزهەبن. یان لانیکەم دەتوانین بڵێین لەمڕووەوە بەهێزترن لەو نەتەوانەی کە یەکێتی ئاین وەکو فاکتەرێک لە پێکهاتەی ڕووحیاندا ئامادەبوونی نییە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش یەکێتی ئاین هەمیشە نەیتوانیوە ڕێگر بێت لە بەردەم ئەو جەنگە خوێناویانەی کە لە نێوان هاوئاینەکاندا هەڵگیرساوە.

بۆ نموونە، سرب و کرواتەکان هەر چەندە زمانی ئەدەبی هاوبەشیان هەبوو، بەڵام مەسەلەی جیاوازی مەزهەب (سربەکان ئەرسەدۆکس و کرواتەکان کاسۆلیکن) لەیەکتری جیاکردنەوە. بۆسنیەکانیش فاکتەری ئاین (موسڵمانبوون) وەک باگراوندێکی کەلتووری دەکەن بە تاکە فاکتەر بۆ خۆ جیاکردنەوە لەوانەی ئەرسەدۆکس و کاسۆلیک، بەڵام موسڵمانبوون لەلای بۆسنیەکان نابێتە فاکتەری پێکەوەژیان لەگەڵ ئەلبانیە موسڵمانەکانی کۆسۆڤۆ لە یوگسلافیای پێشوو دا.

دواجار دەکرێت فاکتەری ئاین لەلای ژمارەیەک لە نەتەوەکان هۆکاری گرنگ و هاندەر و یارمەتیدەر بێت لە درووستبوونی نەتەوە دا وەکو (فارس، جولەکە ......)، بەڵام ناکرێت ئاین وەک بنەمایەکی بنچینەیی لە پڕۆسەی پێکهاتنی تەواوی نەتەوە جیاوازەکاندا وەک یەک و بەیەک قورسایی سەیر بکرێت و پێمان وابێت یەکێتی ئاین مەرجێکی سەرەکی یان پێشمەرجی دروستبوونی نەتەوەیە، چونکە مەرج نیە ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییەی ئاین لە پێکهێنانی یەکێتی نەتەوەیەکدا دەیبینێت، هەمان ڕۆڵ و کاریگەری لە پێکهێنانی نەتەوەیەکی دیکەدا ببینێت هەمان ڕۆڵ و کاریگەری لە پێکهێنانی نەتەوەیەکی دیکەدا ببینێت، بەتایبەتی کورد کە زۆرینە موسڵمانە لەگەڵ داگیرکەرانی وولاتەکەیدا هاوئاینن، ئەم هاوئاینیە نەک نەبۆتە هۆی یەکێتی نەتەوەیی، بەڵکو بەبەکارهێنانی ئاین کورد ڕووبەڕووی جینۆساید و ئیتنۆساید بۆتەوە لەلایەن تورک و عەرەب و فارسەوە.

دەکرێت (زمان - نەتەوە، وویست و

ئارەزووی هاوبەش، ئابووری هاوبەش، ڕەگەز، ئاین، مێژوو)، بەگشتی یان بەجیا هەریەکەیان هۆکار و هاندەر و یارمەتیدەری دروست بونی نەتەوە و دەوڵەتێک بێت، بەڵام مەرج نیە ئەم بنەمایانە هەمان ڕۆڵ و قورسای و کاریگەری هەبێت لە دروست بوونی نەتەوەیەکی دیکەدا، یان بەواتایەکی دیکە ئەم بنەمایانە (وویست و ئارەزوی هاوبەش، ئابوری هاوبەش، ئاین) جێگیر نین، بەڵکو بە پێی بارودۆخ و هەلومەرجەکان لەگۆڕاندایە، بە نموونە کورد کە بەپێی قۆناغ و سەردەمەکان خاوەنی زۆرینەی بنەماکان بووە، بەڵام نەبۆتە خاوەن دەوڵەت .

هەریەک لەم تیۆرانەی ئاماژەی پێکرا بنەمایەک یان زیاتریان کردتۆتە مەرج، لەوەدا کە هەندێکیان پێیان وایە دەوڵەت نەتەوە دروست دەکات، هەندێکی دیکە پێیان وایە نەتەوە دەوڵەت دروست دەکات، هەریەکەشیان بۆ یەکێتی نەتەوەیی و چارەنووسی نەتەوەیی، یان بۆ پەرتەوازەیی و هەڵوەشاوەیی نەتەوە یان بۆ کاریگەربوونی بنەمایەک لە بنەمایەکی دیکەیان نموونە و بەڵگەیان هەیە .

سەدەی بیستەم، سەدەی دەوڵەت نەتەوە بوو تا ئەمڕۆش ئەم مۆدێلە سیاسیە مۆدێلی دەوڵەتدارییە. ”مافی چارەی خۆنووسین “ سەرەکیترین مافی سیاسییە کە چەندین نەتەوە لەڕێگای ئەم مافەوە بونو دەبن بەخاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ.

ئەم قورسایی و کاریگەرییە گەورەیەی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەدەی بیستەمدا و نەبوونی دەوڵەت نەتەوەیی کوردی بۆتە هۆی پاشەکشێیەکی گەورەی شارستانیەت و کلتور کورد لە ناو مێژووی جیهان دا،

هەر ئەم بێ دەوڵەتییەش بۆتە هۆی ڕوودانی تراژیدی و ئیتنۆساید و جینۆسایدی گەورە دژی کورد و هەڕەشەی جۆراوجۆری بەردەوامیش بۆ پاکتاوی ڕەگەزی کورد .

زۆربەی هەرە زۆری پەیوەندییە بنەڕەتییەکانی ئەمڕۆش لەسەر بنەمای دەوڵەتی نەتەوەیی و ئابووری دامەزراوە، ئەو میللەتانەی بێدەوڵەتن، دەکەونە دەرەوەی ئەو پەیوەندییانەوە و بەزۆر ماناش نابن بەبەشێک لە جیهان. هەموو پەیوەندییەکان بەتوندی بەچوارچێوەکانی دەوڵەتی نەتەوەییەوە گرێدراوە و گەلی بێ دەوڵەت لەدەرەوەی ئەو چوارچێوانەدا گەلێکی بێ مافە .

> **هەندێک پێیان وایە هۆکاری دروست نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی سەڵاحەدینی ئەیوبی**

بەشێکی گەورە لەکێشەکانی ئەمڕۆکەی کوردوەک نەتەوەو نیشتیمان، کێشەی بێ دەوڵەتیە، لەگەڵ بەربەستە ناوخۆی و دەرەکییەکان، لەبەردەم دروستکردنی دەسەڵاتدارێتییەکی یاسایی و نەتەوەیی‌و نیشتیمانی، بەڵام ئەوەی ئەستەمە ئیرادە و جورئەتی دامەزراندی دەوڵەتە لای کەسایەتیە سیاسیەکان و پارتە کوردییەکانی باشوور .

هەندێک پێیان وایە هۆکاری دروست نەبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی ڕیشەیەکی مێژوویی هەیە و دەگەڕێتەوە بۆ جەنگی سەڵاحەدینی ئەیوبی و خاچدروشمەکان، کاتێک سەڵاحەدینی ئەیوبی ڕێگەی لە هەڵمەتی گەیشتنی خاچ دروشمەکان بە ڕۆژهەڵات گرت، و هەروەها شاری قودسی ڕزگارکرد. لێرەوە وڵاتانی زلهێزی ئەوروپی و مەسیحی بەردەوام دژایەتی مافی چارەی خۆنووسینی کوردیان کردووە.

بەڵام گەر ئەمە ڕاست بێت، ئەوە نەدە بوو دوای نەمانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و بەتایبەتیش دوای جەنگی یەکەمی جیهان و دروست بوونی دەوڵەت نەتەوە تورک ببوایە بە خاوەن دەوڵەتی تورکیا، چونکە گەر سەلاحەدینی ئەیوبی شاری قودسی ڕزگارکردبێت و ڕێگەی لە گەیشتن بەڕۆژهەڵاتی لە خاچدروشمەکان گرتبێت، ئەوە تورک لە سەر دەستی محمد فاتیح لە ساڵی ١٤٥٣ ز دا ئیمپراتۆریەتی بێزەنتی بەری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپی مەسیحی بۆ هەمیشە ڕووخاند، و شاری بێزەنتی پایتەختی ئیمپراتۆرەکەشی داگیر کردوو، کردی بە(ئیسلام پول) ئەستەمبوڵ .

هەندێکی دیکە لە شارەزایان باس لە هۆکاری جوگرافی دەکەن بۆ دروست نەبوونی دەوڵەت نەتەوەیی کوردی،

بەوەی کە جوگرافیای کوردستان شاخاوییە و داخراوە، ناڕوانێتە سەر دەریا، لە ڕابردوودا بەهۆی پێشنەکەوتنی تەکنەلۆجیا ئەم سروشتە سەختە ڕێگەی پەیوەندی زۆر سەخت و دژوار کردبوو .

بەڵام ئەمەش تەواوی ڕاستییەکە نیە چونکە لە ئەوروپا و ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی وولات هەیە، ووشکانی و جوگرافیایی زۆر نەگونجاوە و پێکهاتە و چوارچێوەی وولاتەکەش زۆر نالەبارە، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەن دەوڵەت نەتەوەن، وەکو (مەنگۆلیا، نیپاڵ، سویسرا، مەقدۆنیا، تشاد، نیجریا ،پاراگوای و شیلی و چەندان وولاتی دیکە).

سەبارەت بە دروست نەبوونی دەوڵەت نەتەوەیی کوردی ڕاو بۆچوونی زۆر هەیە بەڵام ئەوەی دەردێکی کوشندەیە: بێگانە پەرستی، دواکەوتووی، خێڵەکی و عەشایەری و نایسۆنالیزمی شوانکارەیی، پارچەپارچە بوون، ناکۆکی و ململانێ و شەڕی ناوخۆ و برا کوژی، ململانێ و ناکۆکی سەرکردەکان، نەبوونی توانای دەوڵەتدارییە. لەڕاستیدا ئەمانە هۆکارگەلی بنەڕەتی و بنچینەیی نین، چونکە زۆر وولات و نەتەوە هەبوون لەم رووانەوە بارودۆخیان زۆر لە کورد خراپتر بووە، و بوونە بە دەوڵەت، وەکو گەل و وولاتانی عەرەبی، هندستان و پاکستان و مەنگۆلیا و ئەفخانستان و چەندان وولاتی دیکە.

لەڕاستیدا سەرەڕای ئەم هۆکارانە و ئەو هۆکارانەش کە لە تیۆرەکانی ناسیۆنالیستیدا ئاماژەمان پێکرد، ئێمە هۆکارێکی دیکە دەخەینە پاڵ ئەم هۆکارانە، ئەویش نەبوونی سەرکردەیەکی لێهاتووی کاریزمای خاوەن پرۆژە و فیکری نەتەوایەتییە، کە هێزی لە گەلەوە وەرگرتبێت .

نەبوون و دەرکەوتنی سەرکردەیەکیش بەو ڕەنگە، دابڕانی کلتوری و ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێوان پارچەکان و کۆی نەتەوەی کورد، ڕۆڵی کاریگەری هەبووە، کە ئەمەش پێشینەیەکی مێژوویی هەیە و ڕیشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی هەردوو ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و عوسمانی و دواتر سەردەمی ئیمپریالیزمی و دابەشکاری کوردستان و پاشان دەسەڵاتە یەک لە دوایەکەکانی عێراق و سوریا و تورکیا و ئێران، کە ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کەسایەتیەک لە یەکێک لەم پارچانە دەرکەوێت، بە هۆکار گەلی ئابوری و دینی و سیاسی و کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی نەتوانێت بیروباوەڕ و ئایدیاکانی بگەیەنێتە بەشەکانی دیکە، و دواجار جوڵانەوەکەی بۆتە جوڵانەوەیەکی ناوچەیی .

> **سەرکرە کەسێکە لە ڕۆژگاری خۆیدا خۆشەویستی خەڵک بێت و لە ڕێگەی پلان و ستراتیجیەتی نەتەوەییەوە ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی هەڵەکانی ڕابردوو بگرێت**

لەلایەکی دیکەوە کورد تاکو ئێستاش بة تايبةتى لة باشور نەبۆتە خاوەن فەلسەفەیەکی پەروەردەیی سیاسی کە هەڵقوڵاوی کەلتور و جوگرافی و ژینگەی کۆمەڵگەکەی بێت، کە بەهۆیەوە کادیری سیاسی سەرکەوتوو دروست بێت، جگە لەوەی خودی سەرکردەکانیش کەسانی بیرمەند و فیکری نەبوون، تا فکر و فەلسەفەیەکی نوێی کوردی بەرهەم بهێنن، بەڵکو زۆرینەیان میلگەرای سەرەتایی بوون .جطة لة سةرؤك ئاثؤ كة بؤتة خاوةن فةلسةفة و رِابرايةتى شؤرِشيَكى مةزن دةكات، من ئةمة بؤ ميَزوو دەڵێم.

(سەرۆک، ڕابەر، ڕێبەر.......) ڕۆڵی گەورە و کاریگەریان هەیە لە دروست بوونی یەکێتی نەتەوە و دروست بوونی دەوڵەت دا، بەوەی سەرکردە و هەڤاڵەکانی دەتوانن هۆکاری بەرپابوونی شۆڕشێکی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بن، کە چاکسازی لەکۆی پێکهاتە و ڕێکخستنە نەتەوەیەتیەکاندا بکەن .

سەرکرە کەسێکە لە ڕۆژگاری خۆیدا خۆشەویستی خەڵک بێت و لە ڕێگەی پلان و ستراتیجیەتی نەتەوەییەوە ڕێگە لە دووبارەبوونەوەی هەڵەکانی ڕابردوو بگرێت، و سەرکردەکانی داهاتووش وەکو سمبول سەیری بکەن، و لەئەگەری هەر قەیران و کێشەیەکدا بۆ فکرە و بڕیار و کار و چاکسازی و چالاکییەکانی بگەڕێنەوە .

لێرەدا (جۆرج واشنتنی) بەنموونە

دێنینەوە، جۆرج واشنتنی ئەمریکا بۆ ماوەی هەشت ساڵ لەگەڵ هەڤاڵەکانی دا، بێ بەرامبەر سەرکردایەتی شۆڕشی سەربەخۆی ئەمریکای کرد، دژی ئیمپریالیزمی بەریتانیا، بۆ ماوەی هەشت ساڵ سەرۆکی ئەمریکا بوو، ئەمریکای کردە خاوەن قەوارەی سەربەخۆ و یاسا و دەستورێکی دیموکراتی و دەم و دەزگای نیشتیمانی و هێزی سەربازی یەککگرتوو، ئەمە لە کاتێکدا کۆمەڵگەی ئەمریکی کۆمەڵگەیەکی هەمە چەشنی فرە زمان و ڕەگەز و ئاین و نەتەوە و ئایدۆلۆژیای جیاوزە، لە خەڵکی ئەفریقی و ئەوروپی پێکهات، خاوەن گەلی بنچینەیی نەبوون جگە لە هندییە سورەکان، (ئێستا ئەمریکا تاک جەمسەری جیهانە)، لێرەوە دەتوانیین بڵێن سەرەڕای ئەو تیۆرانەی ئاماژەمان پێدا سەرۆک ڕۆڵی یەکلاکەرە وە و کاریگەری هەیە لە دروستکردنی نەتەوە و دەوڵەتدا .

کورد خاوەن (زەوی) جوگرافیا و هێزێکی گەورەی مرۆیی و مێژوویەکی دوورو درێژە (ئەگەرچی مێژووەکەمان ووردە مێژووی پچڕ پچڕەی خێڵەکی، ناوچەییە)، خاوەن چەندان پارتی ناسیۆنالیستین لە سەدەی بیست و ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا، خاوەن دەنگ و ڕەنگی جیاوازین خاوەن کلتورێکی ناوازەی پێکەوە ژیانین، لەگەڵ ئەوەی فرە ئاینین بەڵام ئەمە لە کوردستاندا بە مانای یەکێتی وهاوئاهەنگی ئاینی دێت، نەک هۆی هەڵوەشانەوە ودابەشبوون، چونکە ئێمە وەکو کورد جینۆساید کراوین نەک وەکو ئاین، هەروەها پەیڕەوانی هیچ ئاینێکیش دژی دروست بوونی دەوڵەت نین، ڕاستە لە چوارچێوەی کوردستاندا فرە نەتەوەین، بەڵام نەتەوەکانی دیکە کەمینەن نابنە مەترسی سەر سەربەخۆخوازی و یەکتێی نەتەوەیی، ئەوەی گرنگە پاراستنی مافی کەمینەکان دەبێتە هۆی پتەوکردنی یەکێتی و هاوئاهەنگی نێوان نەتەوەکان، لە دنیادا زۆر دەوڵەت هەیە لە چەندین (زمان، نەتەوە) ی جیاواز پێک هاتووە وەکو سویسڕا و بەلجیکا، هەروەها

**ئەوەی هەبووە لە ڕابردوو دا ناسۆنالیزمی شوانکارەی بووە، سەرکردەکەشی پیاوێکی ئاینی خێڵەکی کلاسیکی (میلگەرایی سەرەتایی) بووە، جگە لە شۆڕشی پەکەکە بە سەرۆکایەتی عەبدوڵلا ئۆجالان کە من ئەمە بۆ مێژوو دەڵێم.**

ئێمەی کورد خاوەن ئابوورییەکی هەمەچەشنین، خاوەن وویست و ئیرادەین، بەڵام ئەوەی کێشەی و قەیرانی گەورەی کوردە، ئەوەیە بە درێژایی مێژوو، نەخاوەنی سەرکردەیەکی کاریزماین، کە خۆشەویستی خەڵک بێت، و هێزی بڕواپێکردن و هێزی ڕاکێشان و بزاوندنی ئیرادە و سۆزی خەڵکی هەبێت، بە هاوشێوەی (خومەینی، ڕاستە شۆڕشی ئیسلامی کە خومەینی ڕابەرایەتی دەکرد جینۆسایدی کەمەنەتەوەییەکانی ئێرانیان کردوە، بەڵام بۆ فارس سەرکردەی کاریزمایە)، یان (مستەفا کەمال ئەتاتورک دوای کەوتنی ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی، دەوڵەتی تورکیای لەسەر ئەو دار و پەردووە دروستکردەوە، ڕاستە جینۆسایدی کورد و ئەرمەنی کردووە، بەڵام بۆ تورک ڕابەر و کاریزمایە)، کورد خاوەنی سەرکردەی هاوشێوەی (غاندی، جۆرج واشنتن، مستەفا کەمال ئەتاتورک، خومەینی، چێ گیڤارە) نین، وە نە خاوەن شۆڕشێکی فیکری و نەتەوەیی بووین، بە هاوشێوەی شۆڕشی سەربەخۆی ووڵاتانی ناوچەکە و شۆڕشەکەی غاندی و شۆڕشەکەی چێگیڤارە و هاوڕێکانی، ئەوەی هەبووە لە ڕابردوو دا ناسۆنالیزمی شوانکارەی بووە، سەرکردەکەشی پیاوێکی ئاینی خێڵاکی کلاسیکی (میلگەرایی سەرەتایی) بووە، جگە لە شۆڕشی پەکەکە بە سەرۆکایەتی عەبدوڵڵا ئۆجالان کە من ئەمە بۆ مێژوو دەڵێم .

بەخیار عەلی لە کتێبی (چێژی مەرگدۆستی) دا دەڵێت: « کێشەی هەری گەورەی کورد ئەوەیە کە وەلائی کورد لە خێڵەکەی بترازێت، بۆ ئەو پێکهاتە سیاسی

و حیزبییانەیە کە لە خودی کۆمەڵگەی کوردیدا سەریهەڵداوە «. بەعس بە هۆی دروستکردنی (کۆمەڵگەی - شارئاسا)واتا کۆمەڵگەی زۆرەملێ، (کە بەعس پێی دەوت کۆمەڵگەی هاوچەرخ)، توانی وەلائی جوتیاری کورد لەگوندکاندا بۆ خێڵەکەی بترازێنێت، بە قازانجی ئایدۆڵۆژیاکەی خۆی و چەندین فەوجی خەفیفە و جاشی دروستکردوو، و بەشێکی زۆری کوردی کرد بە سیخوڕ و ئیستیخبارات و جاش و جەیش و ئەمن و مەیموونی چەکدار. !!. دواتر هەر ئەمانەش بوونە بەشێکی بنەڕەتی پێکهاتەی هێزە کوردیەکان بە تایبەتی یەکێتی و پارتی، واتا ئەگەر ئەم بەشە لە پێکهاتەی ئەم هێزانە دەرکەی دەبنە هێزێکی بچوکی پاشکۆ و کۆمەڵێک ڕۆشنبیری حیزبیان دەمێنێتەوە کە جەدەل و گفتوگۆی ململانێی سەرمایەدار و شۆسیالیس دەکەن لە جەنگی سارد دا، یان گفتوگۆی عەلمانی و ئیسلامی و ....... تاد .

لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردە و پارت و هێزە کوردییەکان بەتایبەتی پارتە فەرمانڕەواکان بە درێژایی سێ دەیە نەیان توانی ئەو پێکهاتە خێڵەکییە بشکێنن بە قازانجی کۆمەڵگەی مەدەنی و هاوڵاتیبوون و هاونیشتیمانی بوون و جێگیرکردنی بنەماکای دیموکراتی و دروستکردنی ئابورییەکی هاوبەشی سەربەخۆ، لە کۆتایشدا بۆ دەوڵەتداری، هەروەکو بانگەشەی بۆ دەکەن، بەڵکو لەململانێ سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەکانیاندا گەڕاونەتەوە بۆ خێڵ، هەر وەکو ڕۆژانە سەرکردەکانیان لە دیوەخانەکاندا نمایشی دەکەن، و وانەی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی دەڵێنەوە .!!

لە مێژوودا سێ ڕەگەزی بنەڕەتی هەیە ئەوانیش: (مرۆڤ، کات، شوێن) ە. مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن عەقڵ و ئامانج و هەست و ئاگایی و جوگرافیایە. شوێن بەواتای جوگرافیا و ژینگە و ئاو و هەوا، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر ووزە و کاروچالاکی مرۆڤ هەیە، بەپێی جوگرافیاکان مرۆڤەکان جیاوازن لە بیرکردنەوە و توانای لێهاتووی وو بەهرەمەندیدا و تەنانەت لە ڕەنگ و ڕووخساردا، بەهۆی کاریگەری ئاو و هەواو دواتر کەلتور و شارستانیەتەکانیانەوە. کات ئەندازە و پێوەری جوڵەیە، پێوەری کار و چالاکییەکانی مرۆڤە، جوڵە و چالاکی مرۆڤ دەبێتە ڕابردووی، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤ کاربکات یان نا کات هەر تێدەپەڕێت، هەندێک دەڵێن: کات وەکو شۆردنی دەستە لە سەرچاوەی ئاوێک دا. واتا چۆن یەکجار دەست لە سەرچاوەی ئاوێکدا دەشۆیت و ناتوانیت بۆ جاری دووەم دەست بشۆیتەوە، ئاوەکە دەڕوات، کاتیش تێدەپەڕێت، ناتوانیت لە یەک کاتدا دوو جوڵە و چالاکی ئەنجامبدەیت، ئەوکاتەی ڕۆیشت، دەبێت بەڕابردوو.

لەبەرئەوەی کات و مرۆڤ و شوێن ڕەگەزی بنەڕەتی مێژوون، دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکان لە ژیانی هەر تاکێکدا، یان نەتەوەیەکدا بەمانای چەقبەستوویی و پێشنەکەوتن و گۆڕانکاری دێت لە توانا و بەهرە و ئامانج و هیواکان دا. دووبارەبوونەوەی ڕووداوەکان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکە واتا مانەوە لەیەک قاڵب و قاوغ دا. گەر مرۆڤ لە دووکاتدا، دووقۆناغدا لەیەک بچێت، گۆڕانکاری ئەنجامنەدابێت، ئەوە بوونی بەشکی زۆری مرۆڤایەتی بار و بارگرانیان بەسەر ژیانەوە، لە ژیان و مێژووی نەتەوەیی کورد دا چەند ڕووداوێکی دووبارە لە فۆرمی جیاوازدا ڕوویداوە، لەکاتێکدا ماوە و سەردەم و قۆناغی نێوانی ڕووداوەکانیش ماوەیەکی دوور و درێژی مێژووییە.

ئەمە بەواتای ڕازیبوون بەو باروودۆخە چەقبەستوییە ژێردەستەییە گرێدراوییە، و نەبوونی سەرکردەی کاریزمای لێهاتوو، کە لە قەیران و نەهامەتی و تەنگ و چەڵەمەکاندا خاوەن پڕۆژەی ڕزگاری نەتەوەیی بێت، و بەلێهاتووی سیاسەت بکات، و کاتی گونجا و بۆ ئەنجامدانی پڕۆژەکانی هەڵبژێرێت لە جوگرافیایەکی زۆر ستراتیجی کوردستاندا، تا کورد بگەیەنێتە چارەنووس و مافە ڕەواکانی .

کەواتە دەتوانین بڵێین: مرۆڤ خاوەنی مێژووە، شوێن دایکی مێژووە، کات تەمەنی مێژووە، واتا مێژوو بەرهەمی ئەم سێ ڕەگەزەیە .

کاتێک سەرکردەیەک دەبێتە سەرۆکێکی دیکتاتۆر و خاوەن دەسەڵاتێکی تۆتالیتار، جگە لە بێ دەنگی خەڵک و قۆرخکاری سیاسەت و ئابوری و یاسا و (سیستمی خود سەرۆکی)، ئەوەیە کە سەرکردەکانی دیکە خاوەن ئیرادە و خەون و خولیای و ئەجندا و پڕۆژەی گەورەتر و چاکتر نین، لەبەر ئەوە ئەم دەتوانێت ببێتە خاوەن ووجوود و دەسەڵات .

# ئۆپۆزیسیۆن کێیەو دەبێت چۆن بێت



ئازادیی کۆمەڵگە
پ. د. سالارباسیرە

وشەی ئۆپۆزیسیۆن لە بنەمادا دەگەڕێتەوە بۆ (oposition) ی لاتینی کە بەواتای ڕوبەڕوبونەوەو بەرامبەر وەستان، یان ڕای پێچەوانە دێت کە سەرەتا لە بواری ئەستێرەناسی بەکار دەهات بەڵام دواتر هاتە ناو بوارەکانی دیکە بە تایبەت بواری سیاسەت. هەروەک لە زمانی فەرەنسیشدا بەواتای ڕەخنەگرتن و ناڕازیبوون یان بەرگری دێت. بە هەمان شێوە لە زمانی ئینگلیزی بەواتای بەرخۆدان و ڕوبەڕووبونەوە یان ناڕازیبوون و ڕێگری دێت. لە زمانی عەرەبیدا ئۆپۆزیسیۆن سێ مانا لەخۆ دەگرێت:

١) پێشبڕکێ و ململانێ (المسابقه و التنافس).

٢) ناڕەزایی و ڕێگریکردن (المنع و الاعتراظ ).

٣) ڕوبەڕوبونەوە لە نێوان دوو شت یان کۆمەڵە شتێک کە جیاوازی لە نێوانیان هەبێت.

لە مەسەلەی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئۆپۆزیسیۆن چ لە چەمک و چ لە کرۆک و ناوەڕۆکدا دەبەسترێتەوە بە خۆرئاواوە وەک داهێنراوێکی دنیای خۆرئاوا دادەنرێت بە تایبەت خەلکان و نوسەرانی دنیای پاشکەوتو و جیهانی ئیسلامی بە گشتی ڕۆلێکی نێگەتیفی بۆ دادەتاشن و بە کۆمەڵێک لێکدانەوەو ئەرکەوە دەیبەستنەوە کە دوور و نزیک پەیوەندی بە ئۆپۆزیسیۆنەوە نیە . تێگەیشتن لە چەمکی ئۆپۆزیسیۆن دەکرێ لە سیستەمێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاواز بێت، هەروەک لە ڕەهەندی زەمەنیشەوە ئەم تێگەیشتنە جیاوازی بە خۆیەوە دەبینێت. شانبەشانی جیاوازی کاراکتەرە بنەڕەتیەکانی کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەوەی کە ئۆپۆزیسیۆنێکی ڕاستەقینەو کاراو تەندروست بێت یان نامۆو داخراو و پەراوێز لە ئەندێشەی تاک و خواستەکانی کۆمەل.

ئۆپۆزیسیۆن واتای دژایەتی کردن یان بەرهەڵستکاری دەبەخشێت و لەواتا بەربلاوەکەیدا بریتیە لە هەول و کۆششی سەندیکاو حیزبەکان یان دەستەو گروپ و کەسان بۆ گەیشتن بە هەندێ ئامانجی دژ بە ویست و خواستی دەسەڵاتدارانی سیاسی بە کەلک وەرگرتن لە شێوازی ململانێ پەرلەمانیی یان هەر شێوازێکی دیکە. ئاشکرایە بوونی ئۆپۆزیسیۆن لە ناو هەر دەسەڵات و سیستەمێکی سیاسیدا یەکێکە لە پێوەرەکانی دیموکراسی. ئۆپۆزیسیۆن بریتیە لە ڕوبەڕووبونەوە لەنێوان دوو ئۆبجەکتدا کە جیاوازی هەبێت لە نێوانیاندا و هەر ئەمەشە کە ململانێ و پێشبڕکێ دروستدەکات. ئامانجی هەر ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی جا لە هەر شوێن و ڕۆژگارێکدا بێت گەیشتنە بە دەسەڵات.

## ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی

ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی، بەتایبەت ئۆپۆزیسیۆنی پۆزەتیف دەبێت چاودێری و کۆنترۆلی دەسەڵات بکات بۆ هەر لادانێک کە زیان بە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتمانی بگەیەنێت. ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی سەنگەر لەدەسەڵات دەگرێت و هەلەکانی دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی لە هەڵبژاردنی داهاتودا زۆرترین دەنگ بەدەست بهێنێت و بگاتە دەسەڵات بۆ ئەوەی بتوانێت بەرنامەکانی خۆی جێبەجێ بکات. ئۆپۆزیسیۆن نابێت هەمیشە لە حالەتی بەرگریی کردن بێت

لە خۆی بەڵکو پێویستە لە حاڵەتی هێرش کردندا بێت و نوێنەرایەتی ئەو بەشەی کۆمەڵگە بکات کە دەسەڵات نایکات، گەرنا هیچ واتایەک بۆ ئۆپۆزیسیۆن بوونی نامێنێتەوە. ئۆپۆزیسیۆن دەکرێ حیزبی نێو پەڕلەمان، یان دەرەوەی پەڕلەمان بێت بەلام ئەوەی نێو پەرلەمان کاریگەرترە.

> **حیزبێک هەرگیز ناتوانێ بۆ سەرجەم گەل بدوێ و تەنیا دەتوانێ نوێنەرایەتی بەشێکی بکات**

لێرەدا ئۆپۆزیسیۆنی پەڕلەمانی هەن کە باوەڕیان بە دەستوری ولات هەیەو بەپێی یاساو رێساکان لە پەڕلەماندا کاری ئۆپۆزیسۆنیی ڕادەپەڕێنن، چاودێری کاروبارەکانی حکومەت دەکەن و هەوڵ دەدەن ناتەواویەکانی بگەیەننە ڕای گشتی. ئۆپۆزیسیۆنیش هەن بۆنمونە ئۆپۆزیسیۆنی شاراوە لە سیستەمە دیکتاتۆرەکاندا کە بەتەواوی سیستەم و دەسەڵاتی بەرێوەبردن ڕەتدەکەنەوەو داوای گۆرینی دەکەن. ڕەوتە سیاسیە نوێکان زۆربەی کات دەست بە کارەکانیان دەکەن لە دەرەوەی پەڕلەمان.

**جیاوازیەک هەبێت ئۆپۆزیسیۆن لە حیزبی دەسەڵاتدار جودا بکاتەوە**

ئۆپۆزیسیۆنی فەرمیی دەبێت نوێنەرایەتی ئەو بەشەی کۆمەل بکات لەنێو پەڕلەمان کە حیزبی براوە نایکات چونکە حیزبێک هەرگیز ناتوانێ بۆ سەرجەم گەل بدوێ و تەنیا دەتوانێ نوێنەرایەتی بەشێکی بکات. بۆنمونە



حیزبێکی سەرمایەدار ناتوانێت ببێتە نوێنەری چینی کرێکارو زەحمەتکێش. سەبارەت بە گەشە کردنیش تەنیا لە سیستەمی دیموکراسیدا ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێت ئازادانە کاربکات و گەشە بکات. دیموکراتترین دەسەڵات بێبوونی ئۆپۆزیسیۆن سیستێماتیک دەبێتە دیکتاتۆر چونکە ڕکابەری نیە. بەلام

مەرجیش نیە هەموو ئۆپۆزیسیۆنێکیش دیموکرات بێت. هەندێکجار ئۆپۆزیسیۆن بەرێگای ئاشتیانە دەیەوێ دەسەڵات دەستاودەست بکات، بۆنمونە لە ڕۆژئاوای ئەوروپا. هەندێکیتر بەرێگای چەکو توندوتیژیەوە دەیەوێ بگاتە ئامانج و دەسەڵات. بەلام مەرج نیە هەموو ئەوانەی کە لە ئۆپۆزیسیۆندان

بەرامبەر بەدەسەڵات تەباو کۆک بن لەستراتیجیەتیانداو لە بۆچوون و فکرو ئایدیۆلۆژیای سیاسیاندا بەلام دەکرێ بۆ قۆناغێکی سیاسی بەرژەوەندی هاوبەش پێکەوەیان ببەستێت بۆ مەبەستێکی سیاسی دیاریکراو. دەکرێ فکری چەپ، ڕاست، ئاینی و کۆنزەرڤاتیف و تۆتالیتێرو لیبەرال ..

خۆیان لەنێو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکاندا ببیننەوە. عێراق نمونەیەکی بەرچاوی باسەکەمانە.

**ئۆپۆزیسیۆنی هاوکارو ئۆپۆزیسیۆنی توند**

بەگشتی جیاوازی دەکرێت لەنێوان ئۆپۆزیسیۆنی هاوکارو ئۆپۆزیسیۆنی توندا. زۆربەی کات لە سیاسەتی عەمەلیدا تێکەڵەیەک لەم دووانە هەن. ئۆپۆزیسیۆنی توند هەوڵی خۆجوداکردنەوە ئەدات لەگەڵ حکومەتداو هەڵەکانی دەخاتە ڕوو بۆ سەنگەرگرتن لێی بۆ هەڵبژاردنی ئایندەو خۆنیشاندان وەک ئالتەرناتیڤێکی باشتر. لە کاتێکدا ئۆپۆزیسیۆنی هاوکارو شەرمن هەوڵ ئەدات بۆچوونەکانی خۆی بگونجێنێت لەگەڵ یاساکانی حکومەتدا. لێرەدا ئەم ئۆپۆزیسیۆنە دەبێت دەست لەوە هەڵبگرێت ڕەخنەی توند لەحکومەت بگرێت.

حیزب کار لەسەر دروستبوونی ئیرادەی سیاسی تاکەکانی کۆمەڵ دەکات و سیستەمی دیموکراسیی پێویستی بە بوونی حیزبی سیاسی هەیە. لێرەدا حیزب و ئۆپۆزیسۆنی سیاسی دەبێت دەزگایەکی ژیانی دەستوری بێت. قۆناغیش هەیە وا پێویست دەکات کە ئۆپۆزیسیۆن هەر تەنیا سەرقالی دەسەڵاتدار نەبێت بەڵکو بایەخی زۆریش بە کۆمەڵگە بدات ئەو کاتەی کە دەسەڵات هەڕەشەیە بەسەر کۆمەڵگەشەوە.



**”جۆشدان بێ بوونی پرۆژەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی بۆ مۆبیلیزە کردن بێ واتایە**

ئۆپۆزیسیۆن بەتەنیا هەڵگری دروشم نەبێت و بەردەوام خۆی لە بزوتنەوەیەکی (حیزبی) پۆپۆلیستیدا نەبینێتەوە بەلکو بە فکری سیاسی و بەرنامەشەوە کار بکات. جۆشدان بێ بوونی پرۆژەیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی بۆ مۆبیلیزە کردن بێ واتایە. بەلام دەشکرێ دەسەڵاتێکی تەندروست فەرمانڕەوایی بکات و ئۆپۆزیسۆنێکی ناتەندروستیش هەبێت. کۆماری ڤایماری ئەلمانیا سیستەمێکی پەرلەمانی دیموکراتی بوو، حیزبی نازیش ئۆپۆزیسیۆن بوو.

**ئۆپۆزیسیۆن کێیە؟**

ئۆپۆزیسیۆن دەکرێ حیزبێکی سیاسی بێت، باڵێکی ئۆپۆزیسیۆنی نێو حیزبێک بێت، ڕێکخراوە مەدەنیەکان و گروپەکانی فشارو شەقام بەگشتی و کۆمەلانی خەلک بێت، بەلام

جیاوازی نێوانیان ئەوەیە حیزبی سیاسی بەپێچەوانەی گروپی فشارو ڕێکخراوە مەدەنیەکان دەیەوێ وەک ڕێکخراوێکی سیاسی بگاتە دەسەڵات و پیادەی دەسەڵاتی سیاسی بکات. دەبێت جیاوازیەک هەبێت ئۆپۆزیسیۆن لە حیزبی دەسەڵاتدار جودابکاتەوە، بۆنمونە بەرنامەی جیاواز لەوەی دەسەڵات و میتۆدو سیاسەتی جیاوازو ئایدیۆلۆژیای جیاوازو ئالتەرناتیڤی هەبێت، ئۆپۆزیسیۆن وەک ئۆپۆزیسیۆن ڕەفتار بکات. ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی پەرلەمان دەتوانێت بەر لەهەموو شت پشت بە بنەما سەرەکیەکانی ئازادی بیروڕاو ئازادی میدیا ببەستێت (گەر بوونی هەبێت لە ولاتدا) بۆ ئەوەی داواکاریەکانی بە ئاشکرا بخاتە ڕوو، و بگەیەنێت بە خەلکیی.

تێگەیشتن لە چەمکی ئۆپۆزیسیۆن لە سیستەمێکەوە بۆ یەکێکی دی جیاوازە هەروەک لە ڕەهەندی شوێن و زەمەنیشەوە ئەم تێگەیشتنە جیاوازی بە خۆیەوە دەبینێت. شوێنی کارو چالاکی ئۆپۆزیسیۆن لە ولاتێکی دیموکراسیدا ئاشکراو کەم ترسەو دەشبێتە هۆی گەشەکردن. بەلام لە ولاتی دیکتاتۆردا ئەوا ئۆپۆزیسیۆن دەبێت ڕوو بکاتە خەباتی ژێرزەمینی و قوربانیدان، بۆنمونە کورد لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا، یان کورد لە بەشەکانی تری کوردستان دژ بە دەسەڵاتە خوسەپێنەرەکانی ئەو دەوڵەتانە. لەو دۆخی سەرکوتکردن و دەستدرێژیکردنەدا ئۆپۆزیسیۆن و هێزەکانی دژ بەو دەسەڵاتە ناچار دەکات یان ڕوو دەدات ڕێڕەوی دیکەی نائاشتیخوازانەو توندوتیژی بگرنە بەر. بە پێچەوانەی سیستەمە دیکتاتۆرەکان و سیستەمە تەقلیدی و شمولیەکان ئۆپۆزیسیۆن تەنیا لە سیستەمی دیموکراسیدا بەواتا زانستە سیاسیەکە دەتوانێت بە ئازادی کاربکات و تەندروستانە گەشەبکات.

> ئۆپۆزیسیۆنی تەندروست و پۆزەتیف "ڕەسەن" دەبێت زانستانە بیربکاتەوەو بەرنامەکانی زانستانە دابڕێژێ و عەلمانی ڕەفتار بکات

**کام ئۆپۆزیسیۆن؟**

ئۆپۆزیسیۆنی تەندروست و پۆزەتیف (ڕەسەن) دەبێت زانستانە بیربکاتەوەو بەرنامەکانی زانستانە دابڕێژێ و عەلمانی ڕەفتار بکات. کارکردن بۆ دەستورو دەوڵەتی یاسا دەبێت خەسلەتێکی تری ئۆپۆزیسیۆنی تەندروست بێت . عێراقی بەعس و ئەڵمانیای نازی ئەمانیش دەولەتی قانوون بوون بەلام دەولەتی تۆتالیتێر بوون. کەواتە تەنیا حیزب و ئۆپۆزیسیۆنی تەندروست دەتوانێت کار بۆ دەستورو یاسای تەندروست بکات دوور لە ئایدیۆلۆژیای دیکتاتۆری و تۆتالیتێر، بەناوی ئازادی و دیموکراسیەوە ئازادی و دیموکراسی لەناو نەبرێت. دیموکراسیترین سیستەمی سیاسی بێبوونی ئۆپۆزیسیۆن دەبێتە دیکتاتۆر. دیارە تەنیا ئەو کاتە لە سروشتی ڕاستەقینەی ئۆپۆزیسیۆن تێدەگەین دوای ئەوەی دەگات بە دەسەڵات و هەروەها تێگەیشتن لە فکرە سیاسیەکەی.

کێشەی گەشەکردنی ئۆپۆزیسیۆن لەسایەی پەرلەمانی ناشەرعی

دەستور پەیمانێکی کۆمەلایەتیە لەنێوان دەسەڵات و کۆمەلدا، هەربۆیە دەسەڵات ناکرێ دەسەڵاتێکی دەستوری و شەرعی بێت ئەگەر ڕاپرسی گەلی لەسەر نەبێت چونکە ئەو کاتە حکومەت و ئۆپۆزیسیۆنیش دەستوری و شەرعی نابن، هەربۆیە ئەرکێکی گەورە دەکەوێتە سەرشانی زۆرتر ئۆپۆزیسیۆنی نێو پەرلەمان کار بۆ دەولەتێکی، ولات و هەرێمێکی دەستوریی ودیموکراسی بکات بۆئەوەی ئۆپۆزیسیۆنیش بتوانێ ئۆپۆزیسیۆنێکی دەستوری بێت. بوونە پەرلەمان بە مەرجەعی دەستوریی و یاسایی و لەیەکتر جودا کردنەوەی سێ دەسەڵاتەکە (پەرلەمان و جێبەجێ کردن و دادوەری) پێویستیەکی ژیانی سیاسیە بۆ حیزب و ئۆپۆزیسیۆن و کۆمەلگە بەگشتی. لێرەدا دەبێت ئۆپۆزیسیۆن بزانێت ئەدای کارەکانی چیە لە دەرەوەو لەنێو پەرلەمانداو لە مەهامو ماف

و ئەرکەکانی خۆی تێبگات هەروەها ڕاستگۆبێت لەگەڵ جەماوەرەکەی خۆیدا، ئەو جەماوەرەی کە ئەم نوێنەرایەتی دەکات لەپەرلەمانداو متمانەی پێبەخشیوە.

**کوالیسیۆنی نێوان ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵات**

ڕوو ئەدات لەکاتی قەیرانی گەورەدا پرس و ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانی بکەوێتە مەترسیەوە وەک قەیرانی ئابوری گەورە یان هێرشی دەرەکی سەربازی بۆ سەرولات. بۆنمونە جەنگ و تۆپبارانەکانی تورکیاو ئێران بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان و هاتنە ژورەوەی هەر سوپایەکی بێگانە کە ئاسایی دەچنە بواری ئاسایشی نەتەوەییەوە، ئەو دیاردانەی پێویستییان بەهەماهەنگی دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی فەرمی هەیە. سروشتی ئەم هاوپەیمانێتیەش بەندە بە سروشتی سیاسی نێوان ئەو دوو لایەنەو هەلوێستی گەل لەسەری. هەروەک چۆن قۆناغ هەیە ئۆپۆزیسیۆنەکان پێکەوە دەبەستێتەوە هەربەم شێوەیە قۆناغیش هەیە ئۆپۆزیسیۆن و دەسەڵاتیش پێکەوە دەبەستێتەوە. بەلام هەمیشە جیاوازیەکانی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن دەبێت دیاربن. هەروەک چۆن دەسەڵاتی سیاسی هەیە هەر بەم شێوەیەش دەبێت ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیش هەبێت. ئۆپۆزیسیۆن بوون بە واتا زانستە سیاسیەکەی بۆ هەرێم و باشووری کوردستانیش وەک هەوا وایە بۆ ژیان.

کاریگەری کەلتوری سیاسی لەسەر حیزب و ئۆپۆزیسیۆن

یەکێک لە کێشەکانی سیاسەت و کۆمەل بریتیە لە دواکەوتویی کەلتوری سیاسی بۆ بەها دیموکراتیەکان. تەنانەت لەهەموو ناوچەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا (جگە لە دەولەتی ئیسرائیل

> **ئۆپۆزیسیۆن لەهەرێمی کوردستان هۆکارەکانی نەبوونی کەلتوری سیاسی و دواکەوتویی باری کۆمەلایەتی و کزیی هوشیاری سیاسی و نەبوونی سیستەمی دیموکراسی لەو فاکتەرانەن کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر ژیانی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن لە باشووری کوردستانیش.**

تا ڕادەیەک) دیموکراسیەت تەنیا ڕوکەش بووەو ئۆپۆزیسیۆنی سیاسیش بەواتا هاوچەرخەکەی بەدی ناکرێت. عبدول ئیلاە بەلقیز ئاماژە بە چوار هۆکار ئەدات سەبارەت بە گەشە نەکردنی ئۆپۆزیسیۆن لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا کە بریتین لە: شکستی سیاسی، دۆگمای فیکری، نامۆبوون بە گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگەو داخرانی ڕێکخراوەیی. لەم کۆمەلگایانەدا دەسەڵاتدارە تەقلیدیەکان هەرگیز ئامادە نەبوون دەستبەرداری دەسەڵات بن، ئەوەش بەزیان گەڕاوەتەوە بۆ ئۆپۆزیسیۆنیش. لەبەر ڕۆشنایی دواکەوتویی کۆمەڵ بەگشتی و کەلتورە سیاسیەکە هەربۆیە ئۆپۆزیسیۆنەکان لەم ولاتانە ئۆپۆزیسیۆنێکی هاوچەرخ نین و هەموو بە دەسەڵاتیشەوە بەرهەمی واقعی کۆمەلگەکەی خۆیانن هەربۆیە پەرینەوە بۆ کۆمەلگەیەکی مۆدێرنتر کارێکی ئاسان نیەو پرۆسەیەکی ئالۆزو درێژخایەنە.

**ئۆپۆزیسیۆن لەهەرێمی کوردستان**

هۆکارەکانی نەبوونی کەلتوری سیاسی و دواکەوتویی باری کۆمەلایەتی و کزیی هوشیاری سیاسی و نەبوونی سیستەمی دیموکراسی لەو فاکتەرانەن کاریگەری خۆیان هەیە لەسەر ژیانی سیاسی ئۆپۆزیسیۆن لە باشووری کوردستانیش.

پارتە سیاسیەکانی باشووری کوردستان بەر لە ١٩٩١ خۆیان لە ئۆپۆزیسیۆندا بوون بەرامبەر بە ڕژێمی بەعس، نان و ئازادی و دیموکراسیەت و چارەنوسی سیاسی و نەتەوەیی گەلەکەیان کردبوە دروشم، ئەو دروشمانەی نەک هەر نەبوونە کردار،



بەردەوام لەشەڕی خوێناوی یەکتریشدا بوون. ئێستە کە خۆیان دەسەڵاتدارن دەبێت سەردەمی درندایەتی بەعسیان لەبیر بێت بەرامبەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ئەو کاتەی خۆیان و پێشیل کردنی ئازادیەکانی هاولاتیان. دەبوو بزانن ئازادی نرخی چەندە گرانە. لە سەرەتای نەوەدەکان و تا ڕوخانی ڕژێمی بەعس هەر کەس و لایەنێک باسی لە ئۆپۆزیسیۆن بوون بکردایە لەلایەن ئەم دەسەلاتەی ئێستەی هەرێم بە خائین و سەر بەرژێمی بەعس لەقەلەم ئەدرا. ئێستە کە زۆربەی کۆمەلگەی کورد لە باشوور لە حالەتی پۆپۆزیسیۆن بوندایە بەرامبەر بە دەسەڵات، بەلام دەسەڵات بە شوێن وێنای دوژمنی تردا دەگەڕێت بۆ هەمان مەبەست و سروشتە سیاسی و پێکهاتە کۆمەلایەتیەکەشی تەنیا رێگا بە دیکتاتۆریەت ئەدات.

جەوهەری ڕاستەقینەی «سیستەمی حیزبایەتی» لە هەرێمی کوردستان

> **حیزبی قائیدیش هەمیشە بە ئاڕاستەی تاک حیزبی دەروات و هەربۆیە ناکرێ خەسلەتی دیموکراسی ڕاستەقینەی پێوە دیاربێت**

بریتیە لە حیزبی قائید. بەواتا پارتی و یەکێتی وەک حیزبی قائید، بەلام حیزبی قائیدی کاریزما کە ئیرادەی سیاسی بەندە بە کەسی قائیدەوە. دەکرێ بەناچاری رێگا بدات بە دروستبونی حیزبی تر، بە ئۆپۆزیسیۆن بونیشیانەوە بەلام خۆی دەبێت براگەورەو دەسەڵاتدار بێت و حیزبی قائید بێت، حیزبی قائیدیش هەمیشە بە ئاڕاستەی تاک حیزبی دەروات و هەربۆیە ناکرێ خەسلەتی دیموکراسی ڕاستەقینەی پێوە دیاربێت. تێبینی دەکرێت هەردوو حیزبە قائیدەکەی دەسەڵات لە کرداردا وەک تاک حیزب مامەلە دەکەن و خەسلەتەکانی تاک حیزبیان پێوە دیارە.

## هەرجارە و ناودارێك



سێوە

لەناو هونەری کوردی و گۆرانیبێژ و مەقامزانانی پێشوو، یەکێکە لە دەنگە دیار و بەرچاوەکان، لەکاتی خۆی و ئێستەیشدا هەوادار و گوێگرانی لە ژمارە نایەن. گوێگرتن لە مەقامی (ئەوەڵ سەحەر)ە، بیرت بەلای کۆیە و مێژووی پرشنگداری ئەو شارۆکەیەدا دەبات و وردتر بەرەو گەڕەکی (هەرمۆتە) ڕاتدەکێشێ و تێکئاڵاوی مەسیحی و مسوڵمانان دێنێتە بەرچاو.

سێوە، ناوی (سڵێوە یەڵدا سڵێوە)یە و ساڵی (١٨٩١) لەناو مەسیحییەکانی شاری کۆیە هاتووەتە دنیاوە، ساڵی (١٩٢٠) لای قەشە حەننا دەستی بە خوێندنی ئاینی کردووە، ساڵی (١٩٠٣ و ١٩٠٤) زمانی کلدانی و بنچینەکانی ئاینی مەسیحی لای قەشە گۆرگیس خوێندووە.

ساڵی (١٩٥٢) پێنج مەقامی لە ڕادیۆی عێراق تۆمار کردووە، مەقامی (ئەوەڵ سەحەر)ە یەکێکە لە مەقامە تۆمارکراوەکانی ئەوکات. نۆی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٦٤) لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی مەسیحییەکانی گەڕەکی هەرمۆتە بەخاک هاتووەتە سپاردن. بەکۆچکردنیشی بۆشایی لە هونەری کوردیدا دروست کرد.




# 2018 ساڵی نوێی زایینیتان پیرۆزبێت

دوو ساڵ تێپەڕ دەبێت، ئازادیی کۆمەڵگە لە سێ یەمین ساڵیدا پێویستە چیبکات؟

بە رەخنە و تێبینیەکانتان زیاتر بەرەو پێش دەچێت.

پەیوەندی

Facebook\ goran pencweni

Goran.a.hesen@hotmail.com